# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود -
باوان عومەر - زریان محەمەد

2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولڕەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 48 )

# چۆن لە ڕێگای چەوتناسینەوە حەقیقەت درووست دەبێت؟

**لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد**

لێرەدا رووبەڕووی نوکتەیەکی زۆر بەناوبانگی هێگلی دەبینەوە، کە بە شێوەیەکی تەواو بۆمان روونەدەکاتەوە، چۆن حەقیقەت بەڕێی چەوتناسینەوە (misrecognition) درووستدەبێت، یان چۆن باریکەڕێگەمان بەرەو حەقیقەت هاوکاتە لەگەڵ خودی حەقیقەتدا. لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا [سەدەی بیستەم، لە قیتارێکدا پۆلەندییەک و جولەکەیەک لە بەرانبەر یەکتری دانیشتبوون. پۆلەندییەکە بە تووڕەییەوە شوێنگۆڕکێی دەکرد و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا چاودێری جولەکەکەی دەکرد، دیاربوو شتێک هەیە بەردەوام تووڕەی دەکات، سەرەنجام نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بەر بەخۆی بگرێت، ئیدی بەخۆیدا تەقییەوە: «بڵێ، ئێوەی جوولەکە چۆن دەتوانن تا دوایین سکەی پارە لە گیرفانی خەڵکی دەربهێنن و بەم رێگەیەوە سەروەت و سامانێکی زۆر بۆخۆتان پێکەوە بنێن؟». یەهودییەکە وەڵامیدایەوە: «ئۆکەی، من پێتدەڵێم، بەڵام بێ بەرانبەر نا، سەرەتا تۆ دەبێت پێنج تسلۆتی [پارەی پۆلەندی]م پێ بدەی». جووەکە، دوای وەرگرتنی ئەم بڕە پارەیە، بەمجۆرە دەستیپێکرد: «سەرەتا، تۆ دەبێت ماسییەکی مردوو بکری، سەری ببڕی، پاشان دڵ و ناوسکی دەخەیتە نێو پەرداخێک ئاوەوە. دواتر دەوروبەری نیوەشەو، ئەو کاتەی مانگی چواردەیە، دەڕۆیت ئەم پەرداخە ئاوە لە گۆڕستانی کڵێسادا دەنێژیت...». پۆلەندییەکە چاوچنۆکانە قسەی بە کابرا جولەکە بڕی: «ئەگەر هەموو ئەم کارانەم کرد، ئەوکات منیش

دەوڵەمەند دەبم؟». کابرای جوو بەمجۆرە وەڵامیدایەوە: «بەم خێراییە نا، ئەمە هەمووی نییە، دەبێت کاری دیکەیش بکەیت، بەڵام ئەگەر دەتەوێت گوێ لە کۆتاییەکەی بگریت، ئەوا دەبێت پێنج ئسلۆتی دیکەیشم پێبدەیت!». دوای ئەوەی دووبارە پارەکەی وەرگرت، یەهودییەکە درێژەی بە چیرۆکەکە دا، زۆری نەبرد، جارێکی دیکە، داوای پارەی دیکەیشی کرد و دیسان هەر بەم چەشنە بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی کابرای پۆلەندی کەللەیی بوو و هاواری لێهەستا: «تۆ پیاوێکی کلاوچی پیسی، وادەزانی ئێناگەم، کە تۆ چ ئامانجێکت هەیە؟ هیچ نهێنییەک لێرەدا بوونی نییە، تۆ هەر بەم ئاسانییە دەتەوێت دوایین قڕان لە گیرفانم دەربێنی!». کابرای جوو، بەشێوەیەکی ئارام و تەسلیم بوو، وەڵامیدایەوە: «زۆرباشە، ئێستا بینیت ئێمەی جوولەکە چۆن...».

دەشێت هەموو شتێک لەم کورتە چیرۆکەدا تەفسیر بکرێت، سەرەتا روانینی غەریب و فزولی کابرای پۆلەندیمان بۆ کابرای جوولەکە هەیە ـ ئەمەش مانای ئەوە دەبەخشێت، کە هەر لە سەرەتاوە کاری پۆلەندییەکە گرفتاری پەیوەندیی پرۆسەیەکی گوێزەرەوە بووە: واتا کابرای جوو بۆ ئەو، بەرجەستەی «ئەو سووژەیەی مەحکومە بە زانین» دەکات، ئەو کەسەی وێنایدەکەین، نهێنی کێشانەوەی پارەی خەڵکی دەزانێت، بێگومان. پنتی سەرەکی چیرۆکەکە بریتییە لەوەی کابرای جوولەکە پۆلەندییەکەی نەخڵەتاندووە: ئەو بێ بەڵێن دەرنەچوو بەرانبەر بە قسەکەی خۆی و ئەوەی فێری پۆلەندییەکە کرد، کە چۆن پارە لە خەڵکی بکێشێتەوە. پنتی سەرەکی و گرنگ لێرەدا بریتییە لە جوڵەی دوانەی کۆتایی چیرۆکەکە-مەودای نێوان ئەو چرکەساتەی کابرای پۆلەندی، بەهۆی تووڕەییەوە دەتەقێتەوە لەگەڵ وەڵامی کۆتایی کابرای یەهودی. ئەو کاتەی پۆلەندییەکە

لەناکاو دەڵێت «هیچ ڕاز و نهێنییەک بوونی نییە، تۆ هەر بەم ئاسانییە دەتەوێت دوایین قڕان لە گیرفانم دەربێنی!»، دەیەوێت حەقیقەت بڵێت بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت. واتا، ئەو کاری کابرای جوولەکە تەنها وەکو کارێکی ساختەکارانە وەسف دەکات، بەڵام ئاگای لەوە نییە، کە یەهودییەکە هەر بەڕێگەی ئەم خەڵەتاندنەوەیە، کە بەرانبەر بە قسەکانی خۆی وەفادار بووە و هاوکات ئەوەی پەیوەندی بە بابەتی کێشانەوەی پارەیە (نهێنی ئەوەی جوولەکەکان چۆن...) فێری ئەوی کردووە. هەڵەی پۆلەندییەکە بە ئاسانی بینییە لە روانگەکەی ئەو: لە پێشەوە دەڕوانێت، کە «نهێنی» شوێنێک لە کۆتاییەکانی کارەکەدا خۆی ئاشکرا دەکات، لە راستیدا، بەدیدی ئەو، چیرۆکی یەهودییەکە ڕێگەیەکە بەرەو ئاشکرابوونی کۆتایی «نهێنی»، بەڵام «نهێنی» واقیعی لەنێو خودی چیرۆکەکەدایە: لەو شێوازەی کابرای جوولەکەدا، بەڕێی گێڕانەوەکەی، ئارەزووی کابرای پۆلەندی داگیر دەکات، لەو شێوازەی کابرای پۆلەندی بەرەو ئەم گێڕانەوەیە رادەکێشرێت و ئامادەیە لەبری ئەمە، پارە بدات.

کەواتە، «نهێنی» کابرای جوولەکە، لەنێو خودی ئارەزووی ئێمە (کابرای پۆلەندی) دایە. لە راستیدا، جووەکە دەزانێت چۆن ئارەزوو و چاوەڕوانی ئێمە وردبکاتەوە و حسابی بکات. بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین خولگەی کۆتایی چیرۆکەکە، لەگەڵ ئەو پێچە دوولایەنییەدا، چاوەڕوانی چرکەساتی چارەسەریی دەروونشیکارییە، کە گوزارشت بێت لە کۆتاییپێهێنانی وەرچەرخان و رەوت و «پێوانی وەهم»: ئەو کاتەی کابرای پۆلەندی لە تووڕەییاندا دەتەقێنەوە، ئەو چیدی لەنێو پرۆسە و رەوتەکەدا نەماوە، بەڵام هێشتا پێویست دەکات بەدوای وەهمەکەی خۆیدا بڕوات - ئەمەش بەهۆی تێگەیشتن لەم خاڵە ریالیزە دەبێت، کە کابرای جوو چۆن، بەڕێی

ساختەکارییەکەیەوە، بەرانبەر بە قسەکەی خۆی وەفادار بووە. ئەو «راز»ـە راکێشەرەی دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بە ورياييەوە بەدوای گێڕانەوەی یەهوودییەکەدا بچین، درووست بریتییە لە ئۆبژە پێتیتaی (ئۆبژەی بچووکی ئەی) لاکانی: ئۆبژەی نامۆی وەهم، ئەو ئۆبژەیەی هۆکاری ئارەزووی ئێمەیە و هاوکات و پارادۆکسەکەیشی لێرەدایە لە رەوتێکی سەروچالاکیدا (retroactively) بەهۆی ئەم ئارەزووەوە خۆی بە ژێست دەکات، بە «پێوانی وەهم» ئێمە ئەزموونی ئەم پنتە دەکەین، کە چۆن ئەم «ئۆبژە-وەهمی»یە ئەم «راز»ـە تەنها لە بەتاڵی ئارەزووی ئێمەدا ریالیزە دەبێت.

نوکتەیەکی دیکەی ناسراو رێک هەمان بونیادی هەیە، ئەگەرچی بەگشتی ئەم لێکچوونە نابینن، بێگومان مەبەستمان نوکتەی پەیوەندیدار بە دەرگای یاسای چاپتەری نۆیەمی کتێبی دادگایی کافکایە. لەوێدا، لە سووچی کۆتایی چیرۆکەکەدا، پیاوە دێهاتییەکە لە کابرای دەرگەوان دەپرسێت: «هەمووان هەوڵدەدەن بگەن بە یاسا، کەواتە بۆچی لەم هەموو ساڵانەدا هیچ کەسێک نەیویستووە بچێتە ژوورەوە، تەنها من نەبێت؟» دەرگەوانەکە تێدەگات، کە پیاوەکە چیتر هێزی تێدا نەماوە و بیستنیشی لەدەستداوە، کەواتە ئەم نەڕەیە بەر گوێکانی دەکەوێت، کە «هیچ کەسێک جگە لەتۆ ناتوانێت لەم دەرگایە ئاودیو بێت، لەو کاتەوە ئەم دەرگایەیان تەنها بۆتۆ دروستکردبوو، ئێستا دەچم گاڵەی دەدەم». [کافکا، 1985، ل237].

ئەم بەشەی کۆتایی بە تەواوی لە کۆتایی چیرۆکەکەی کابرای پۆلەندی و جوولەکە دەچێت: سووژە ئەزموونی ئەوە دەکات، کە چۆن (ئارەزووی ئەو) بریتی بووە لە دەستپێکی بەشی گەمەکە، چۆن مۆڵەتی چوونە ژوورەوە تەنها بۆ ئەو بووە، چۆن خواست و مەبەستی گێڕانەوەکە تەنها داگیرکردنی ئارەزووی ئەو بووە. تەنانەت دەتوانین کۆتاییەکی دیکە بۆ چیرۆکەکەی

کافکا بهێنینەوە، تاوەکو نزیکتری بکەینەوە لە نوکتەی کابرای پۆلەندی و جوولەکەکە. دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، پیاوە دێهاتییەکە لە تورەییاندا شەق دەباتْ و ئەم هاوارە بەڕووی دەرگەوانەکەدا بەرز دەکاتەوە: «ئەی کلاوچی و فێڵبازی پیس، بۆچی وەها دەنوێنی، کە دەرگەوانیی چوونە ژوورەوەی راز و نهێنییەکی گەورە دەگەیتْ، لەکاتێکدا زۆر باش دەزانیتْ لێرەدا لە پشتی ئەم دەرگایە، هیچ رازێک لە ئارادا نییە، کە ئەم دەرگایە تەنها بۆ من، بۆ داگیرکردنی ئارەزووی من، درووستکرابێتْ!» و دەرگەوانەکە (ئەگەر دەروونشیکار بێتْ) بە شێوازێکی ئارام و لەسەرخۆ وەڵامیدەداتەوە: «باشە تۆ دەبینی، کە ئێستا رازی ریاڵتْ کەشفکردووە: لە پشتی دەرگاکەوە تەنها ئەو شتە هەیە، کە ئارەزووی دەکەیتْ...».

لە هەردوو ئاستەکەدا، پێچی و ئاڵۆزی کۆتایی، بە سروشتْ پەیڕەوی لەم لۆژیکە دەکاتْ، کە هێگل پێیدەڵێتْ بەرزکردنەوە و دابەزاندنی «ناکۆتایی بەتاڵ و بەد». (bad infinity) واتا، لە هەردوو ئاستەکەدا، خاڵی دەستپێک یەک شتە: سووژە رووبەڕووی هەقیقەتێکی جەوهەری دەبێتەوە، ئەو رازەی ئەویان لێ مەحروم کردووە، ئەو رازەی تا ئەبەد لەو رادەکاتْ ناوەوەی دەستْ نەگەیشتن بەو یاسایەی لە پشتی زنجیرەی بێکۆتایی دەرگاکانە، وەڵامێک، کە ناتوانین پێیبگەین، ئەو رازە دوایینەی، کە چۆن جوولەکەکان تەواوی پارەی ئێمە لە گیرفانمان دەردەهێنن، ئەو رازەی لە کۆتایی گێڕانەوەی کابرای جوولەکەدا (کە دەشێتْ تا ئەبەد بەردەوام بێتْ) لە چاوەڕوانی ئێمەدایە. لە هەردوو ئاستەکەشدا یەک رێگەچارە هەیە: سووژە دەبێتْ ئەم خاڵە بەدەستبهێنێتْ، کە چۆن لە هەمان دەستپێکی یارییەکەدا، ئەو دەرگایەی رازەکە دەشارێتەوە تەنها بۆ ئەو دروستکراوە، رازی ریاڵ (واقیعی) لە کۆتایی گێڕانەوەی کابرای جوولەکەدا بریتییە لە

خودی ئارەزووی ئەو - و بە کورتی، چۆن پێگەی دەرەکی ئەو بەگوێرەی ئەوی دیکە (ئەو راستییەی، کە ئەو خۆی وەکو شتێکی دابڕاو و جودا لە ئەوی دیکە ئەزموون دەکات) بەشێکی ناوەکی و دانەبڕاوە لە خودی ئەوی دیکە. لێرەدا رووبەڕووی جۆرێک «پەرچاندنەوە» (reflexivity) دەبینەوە، کە ناتوانین ئەمە بۆ رامانی فەلسەفەیی کورتبکەینەوە: ئەو تایبەتمەندییەی وادەردەکەوێت سووژە لەوی دیکە دادەبڕێت (ئارەزووی ئەو بۆ دزەکردنە نێو رازی ئەوی دیکە ـ رازی یاسا، رازی ئەوەی جوولەکەکان چۆنن...) لە راستیدا «دیاریکردنی پەرچاندن»ی ئەوی دیکەیە، ئێمە رێک وەکو دابڕاو لەوی دیکە، لە راستیدا بەشێکین لە یارییەکەی ئەو.

**پەراوێزی نووسەر:**

1 (1985) ,Franz Kafka: The Trial, Harmondsworth -

[بۆ وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەم رۆمانەی کافکا بڕوانە: فرانتس کافکا دادگایی، وەرگێڕانی عەتا نەهایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2011، بەشی نۆیەم].

**سەرچاوە:**

1 ـ بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتە، تێکستە ئینگلیزییەکە سەرچاوەی یەکەمم بووە، بڕوانە:

Slavoj Zizek: The Sublime Object of Ideology, Verso, London and New York, 2008, pp. 86 – 71.

# دیدارێکی تایبەت لەگەڵ ژیژەک لەبارەی بەهاری

لە ئەڵمانییەوە: هۆرامان

**تاگستسایتونگ: بەڕێز ژیژەک.. لەدواین دیدارتان لەگەڵ تاگستسایتوونگ وتتان: «من هیچ پلانێکم بۆ ئەم شۆڕشە نییە». لەپاش گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئایا هیچ تێڕوانینێکی نوێتان لەمەڕ ڕەوشــی گشتی ئێستای ئەم شۆڕشەوە لا دروستبووە؟.**

**سلاڤۆ ژیژەک:** «من دەتوانم دان بەو ڕاستیەدا بنێم، کە ئەم شۆڕشانە بۆ منسەپرایزبوون، بەڵام ئەو هەواڵانەی کە لەو ناوچانەوە پێماندەگاث، بەو شێوەیە نییە کە خەڵکانێک لێرە چاوەڕانوانی بوون. ئێمە لەبارەی ئەو ناوچایەوە ،هیچ دیدگایەکی ڕوونمان نییة. لێرەدا دەمەوێث باسی شتێکتان بۆ بکەم، ماوەیەکی کورث پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا، لە دیدارێکدا لینین لەبارەی شۆڕشەوە لە روسیا وتی: ( گەر ئێوە بەخث یارتان بێث، ئەوا دەتوانن شۆڕش بە چاوی خۆتان ببینن)، واتە لینین پێشبینی شۆڕشی روسی نەکردبوو».

**تاگستسایتونگ: ئایا دەرئەنجامەکانی ئەم شۆڕشە لەگەڵ حەزەکانی ئێوەدا دێتەوە؟**

**سلاڤۆ ژیژەک:** «بەڵێ، من زۆر دڵم بەو دەرئەنجامانە خۆشە. ئەو سیما ئەبەدییەی کە لیبراڵە ئەوروپیەکان بۆ موسڵمانەکان هەیانبوو نەما، لای ئەوان سیمای موسڵمان بریتی بوو لە تێکەڵەیەکی کەسایەتی کە هەموو ئەم

سیفاتانەی لەخۆ گرتووە: ئەنتی سیمیتزم « دژە جوولەکە» ، ناسیۆنالیست، ئیسلامیست، بەڵام ئەم شۆڕشە هەموو ئەم قسانەی بە درۆخستەوە. ئەوەی ئێمە لەم شۆڕشانەدا دەیبینین بریتییە لە، بزووتنەوەیەکی ئونیڤێرساڵ» جیهانی، کە خەبات بۆ ئازادیی و هاوکاری زیاتر دەکات».

**تاگستسایتونگ: ئێوە وەکو چەپێکی ڕادیکاڵ هیچ ترستان لە دەرئەنجامەکانی ئەم بەهاری عەرەبییە نییە؟ ئایا تۆبڵێیت لە کۆتاییدا تێزەکانی فۆکۆیاما لەمەڕ ئەوەی کە سەرکەوتنی کۆتایی تەنها بۆ سیستەمی لیبراڵی و دیموکراتییە دەبێت ، کە پەیوەستە بە کەپیتالیزمەوە؟»**

**سلاڤۆ ذیذەک:** «پێش هەموو شتێک ئێستا چیتر خودی فۆکۆیاماش باوەڕی بە تێزی ( کۆتایی مێژوو) نییە. ئەو هزرەی کە لەو باوەڕەدا بێت، کە ئەم وڵاتانە زۆر بە خۆشحاڵییەوە سیستەمێکی لیبراڵ درووستبکەن، تێڕوانینێکی تەواو نادرووست و نابەجێیە. ئەمە هەڵەیەکی تەواو گەورەیە ، گەر لەو باوەڕەدا بیت، کە شۆڕشگێرە عەرەبەکان، بیانەوێت هەمان سیستەمی لیبراڵی و کەپیتالیزمی هاوشێوەی رۆژئاوا درووستبکەن، بەڵکو ئەوان شتی زیاتریان لەم شۆرشە دەوێت.

**تاگستسایتونگ: مەبەستان لە شتی زیاتر چییە ؟**

**سلاڤۆ ژیژەک :** بەڵێ، ئەم وشەی « زیاتره» واتە شۆڕشگێرە عەرەبەکان داواکاری زۆرتریان هەیە ، ئەوان داوای یەکسانی ، هاوکاری «زیاتر» دەکەن، بەڵام ئاخۆ ئەمە لە کۆتاییدا بۆیان جێبەجێدەکرێت، ئەم پرسیارە بە کراوەیی دەهێڵمەوە، چونکە من زۆر بە حەزەرەوە سەیری ئەم شۆرشانە دەکەم.

**تاگستسایتونگ: ئێستا شۆڕشی میسری لەلایەن ئەنجومەنێکی عەسکەرییەوە بەڕێوەدەبرێت. ئایا دەکرێت ئێمە لەم حاڵەتەدا باس لە**

**شۆڕشێک بکەین، کە تێڕوانین و دەروازەی فراوانی هەیە؟**

**سلاڤۆ ذیذەک :** زۆرکەس لەو باوەڕەدان کە شۆڕش برینییە لە سائێکی ئیحساسی گەورە بۆ هاوکاری و پێکەوەکارکردن . گەر میسرییەکان بێداربنەوە، دەتوانن مێژوویەکی نوێ بۆخۆیان دروستبکەن، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، هەمان سیستەمی پێشووە، ، ڕاستە کەمێک لیبراڵە ، بەڵام بەهەمانشێوەی سیستەمی پێشوو گەندەڵە. گرنگترین خاڵی ئەم شۆڕشانە لەو کاتەدا دروستدەبێت، گەربێت و شۆڕشگێڕە عەرەبەکان بتوانن جۆرە ئەسنتیتوتێکی نوێ بۆ ڕێکخستنی شۆڕشەکە پێکبهێنن، بە دڵنیاییشەوە ئەم کارە زەحمەتەو پێویستی بە کار و سەبروتەحەمولێکی زۆر هەیە.

**تاگستسایتونگ: ئایا ئایین دەتوانێت ڕۆڵێکی چارەسەری لەم شۆڕشانەدا بگێڕێت؟ یان بە پێچەوانەوە، ئایین و هەستی ئازادبوون و شۆڕشگێڕی، دوو شتی دژ بەیەکن ؟**

**سلاڤۆ ژیژەک :** بە دڵنیاییەوە ئیسلام بڕێک ڕۆحی ئازادیبەخشی تێدایە. لەم ماوەیەدا دۆکۆمێنتێکی « CIA « ئەمریکم خوێندەوە، کەلە ساڵانی شەستەکانی سەدەی پێشوو نوسراوە. تێیداهاتووە : واز لە کوبا بهێنن، کۆمۆنیزم لەبیرخۆتان بەرنەوە، ترسناکترین شت ، کەبە ڕاستی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئەمریکا، چەپی تیۆلۆگی( ئایین) یە.

نەخێر، من بە جدیمە ، هیچ کاتێک لەو باوەرەدانیم ، کە ئایین دەبێتە خاڵێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەی ناو پرۆسەی شۆڕش، بەڵام لەهەمانکاتیشدا، من هیچ کاتێک ، لەگەڵ زەروریبوونی ڕۆحی ئازادبەخشی رۆژئاواشدانیم، بەڵام من لەگەڵ رۆحێکی ئازادیخوازێکی رادیکاڵی ڕۆژئاواییدانیم، کە سیمایەکی یونیڤێرساڵ» جیهانی» لە خۆ گرتبێت.

**تاگستسایتونگ : ئەی چۆن دەڕوانیتە ترسی ئیسرائیلیەکان، لەوانەبێت لەڕێگای ئەم شۆڕشانەوە ئیسلامیەکان دەسەڵات بگرنە دەست ؟**

**سلاڤۆی ژیژەک:** تاوەکو ئێستا ئیسلامیمان نەدیوە، ئێمە بە پلەی یەکەم چاوەڕوانی شۆڕشێکی عەلمانی و دیموکراٹ دەکەین. ئەمەش تاکە چانسە کە رۆحی « ئەنتی سیمیتیزم، دژە جولەکە» لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا نەهێڵێت، یان کەمیبکاتەوە. لەبیرتان نەچێت، ماوەی چەندین ساڵە ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵات ، لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی جوولەکە ، رژێمەکانی خۆیان لەناوەوەی وڵاٹ بەهێز دەکرد.

**تاگستسایتونگ: ئا لەوکاتەی کە ئەو ورەبەرزە شۆڕشگێرییەی گەنجە سوری، لیبی، میسریانە دەبینیت، ئێوە چەپی ئەوروپی چۆن دەبینیت؟**

**سلاڤۆی ژیژەک:** چەپی ئەوروپی هیچ تێروانینێکی بۆ دانانی پلانێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەلتەرناتیف نییە ، کەپێشکەشی کۆمەڵگەی بکاٹ ، یان دەتوانم بڵێم ، هێشتا نەیتوانییەوە پلانێکی وا دابڕێژێت.

**تاگستسایتونگ: ئەی ئەگەر وانەکەن؟**

**سلاڤۆی ژیژەک:** یان ئەوەتا نیولیبراڵەکان و بزووتنەوەکانی دژی کۆچبەرەکان، ڕژێمێکی دیکتاتۆری نوێ لەم وڵاتانە دروستدەکەن. ئەو بزووتنە دیموکراتییەی کەلە باکوری ئەفریکا و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیە، ڕەوشەکەی ئاڵۆزترکردووە،چونکە ڕووە ڕاستیەکانی کێشەکان پەردەپۆش دەکرێت و بەدەرناخرێت، ئەمە وادەکاٹ کەلە تەواوی جیهانیدا، جۆرە فۆرمێکی نوێی سیستەمی ئاپارتاید پێڕەوبکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگا لە هاتنی کۆچبەران بگیرێت، هەموو ئەمەش لەپێناو ئەوەدایە تاوەکو سیستەمی کەپیتالیزم بپارێزرێت.

**تاگستسایتونگ : بەم قسانەی ئێوە بێت، دەرئەنجامێکی خراپ چاوەڕێی ئەم شۆرشانە دەکرێت؟**

**سلاڤۆی ژیـژەک:** بۆچی وا دەڵێیت؟ هەموو کاتێک یۆتوبیا تەنها پێشبینییەکە بۆ شتەکان، بەڵام واقیع هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە، کە هەیە و ناگۆڕێت.

**پەراوێز:**

*فۆکۆیاما فەیلەسوفی ئەمریکی ناودار، یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی هزری نیولیبڕالیزمی ئەمریکی و جیهان. ساڵی ١٩٨٩ لەپاش رووخانی دیواری بەرلین، کتێبێکی بەناوی ( کۆتایی مێژوو) نووسی، ئەم کتێبە سەدایەکی گەورەی لە جیهاندا نایەوە، تێیدا فۆکۆیاما دەڵێت: کە سیستەمی لیبڕاڵ و کەپیتالییزمی رۆژئاوایی تاکە سیستەمی سەرکەوتووی جیهانە و پێویستە هەموو گەلانی جیهانیش بۆ ئەوەی پێشبکەون، پێڕەوی لە سیستەمی لیبڕال و کەپیتالیزمی رۆژئاوایی بکەن. و.ک

**سەرچاوە:**

- ڕۆژنامەی تاگستسایتونگی ئەڵمانی.

# کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم، لە مێژوودا مەزنترین کارەساتی ئەخلاقی - سیاسییە، کارەساتێکی گەورەترە لە فاشیزم

هەڤپەیڤین لەگەڵ ژیژەك

لە فارسییەوە: کارزان محەمەد

سڵاڤۆی ژیژەک (SlavojZizek) فەیلەسوفێکی نائاساییە، دیدگایەکی چەپڕەوانەی توند و ناباوی هەیە. ناوبراو زۆر حەزی لە فیلمە کلاسیکییەکانی هۆلیودە. ئەم ئوستادەی زانکۆ کە تەمەنی (65) ساڵە، ئەمڕۆ دەربارەی بابەتە جۆراوجۆرەکان لە ئەلفرید هیچکۆک و لینینەوە بگرە، تا دەگاتە ڕووداوی (11)ی سێپتەمبەر پتر لە (30) پەرتووکی نووسیوە. ئەم بیرمەندە لە (21ی ئازاری 1949) لە سلۆڤاکیا لەدایک بووە، بواری فەلسەفەی لە زانکۆی لیوبلیانا خوێندووە، هەمیشە وەک ڕەخنەگر و لایەنگری پۆست مۆدێرنیزم ناسراوە. ژیژەک لە یەکەمین گەشتیدا بۆ وەڵاتی هندستان، ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ رۆژنامەی (هندستان تایمز)دا دەربارەی سەرمایەداریی جیهانی، گاندی و ئایینی بوودا ئەنجامداوە.

***ئێوە خۆتان بە لایەنگری (لینین) دەزانن، بەڵام میدیاکانی خۆرئاوا تۆ بە ئەستێرەی رۆک و برای مارکس ناوزەد دەکەن، کاردانەوەتان دەربارەی ئەم چەشنە نازناوانە چییە؟**

-کاردانەوەم بریتیە لە دڵتەنگی و بەرگەگرتنی ئەو نازناوانە، هەوڵدانی ئەم چەشنە مرۆڤانە ئەوەیە، کە بڵێن ژیژەک رەنگە مرۆڤێکی سەیروسەمەرە بێت، بەڵام نابێ شێلگیرانە ئەو نازناوانە پەسەند بکەین، هەرچەندە لەم دواییەدا منیان وەک هەڕەشەیەک ناساندووە. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دوایی، گۆڕان بەسەر بۆچوونی نەیارەکانمدا هاتووە، یەکەم لەو نوکتانەی

دەربارەی من دەیانخستەڕوو، بۆ نموونە دەیانوت برای مارکسە، ئێستا دەڵێن مەترسیدارترین بیرمەندی خۆرئاوایە، وەلێ بایەخ بەو قسانە نادەم.

***تەنانەت کاتێک دەڵێن سلاڤۆی ژیژەک ستایشی توندوتیژیی سیاسی دەکات، هێشتا بایەخ بە گوتەکانیان نادەی؟**

– لە ڕوانگەی منەوە، کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم، مەزنترین کارەساتی ئەخلاقی– سیاسییە لە مێژوودا، کارەساتێکی گەورەتریشە لە فاشیزم، بەڵام لە سەرەتای رۆژانی (شۆڕشی ئۆکتۆبەر)دا وێڕای بوونی چەمکی (دڕندەیی سور)، ئازادیی تایبەتی و تەقینەوەی ئەدەبی (بەرلەوەی ببێتە کابوس) هەبوو، من ڕەخنەی ڕاستڕەوەکانم قبوڵ نییە، کە دەڵێن کۆمۆنیزم هەر لە سەرەتاوە ئەهریمەن بووە.

*** بیروبۆچوونت دەربارەی توندوتیژیی سیاسی چییە؟**

–لە دیدگایەکی ئەبستراکتەوە، بە تەواوەتی لەگەڵ توندوتیژیدا ناکۆکم، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو کەسێ لەگەڵ توندوتیژیدا ناتەبا نییە. بۆ نموونە بنوارە بوداییەکان، ئەوان دەڵێن مەبنە مایەی کوشتار، بەڵام کۆمەڵێ جیاکاری و ڕیزپەڕیان بۆ کوشتن هەیە. لە ساڵانی دەیەی (1940ز) فەیلەسوفێکی بودایی زنجیرە وتارێکی نووسی، کە تیایدا نەک تەنها پشتیوانی لە دەستدرێژیی ژاپۆنی بۆسەر چین دەکرد، بەڵکو کۆمەڵێ ڕێنمایی دەربارەی ئەوە خستەڕوو، کە رۆشنگەریی بوداییەکان چۆن ڕێگا بە کەسێک بدەن، تا بەبێ هەستکردن بە گوناح، کوشتن ئەنجامبدەن.

*** بەڕێزتان بە سادەیی ئایینی بودا ڕەتدەکەیتەوە، بەڵام ئەم ئایینە لە جیهاندا بە خێرایی لە تەشەنەسەندندایە؟**

– لە خۆرئاوا، ئایینی بودا ئایدۆلۆژیایەکی نوێ و بەربڵاوە، بارودۆخی خۆرئاوا هێندە ناسەقامگیر و ئاڵۆزە، کە هاوڵاتییەک تەنها بە گومان و

پێشبینییەک، دەشێ بلیۆنەها دۆلار لە ماوەی خولەکێکدا لەدەستبداتْ، تەنها شتێک دەتوانێت ئەم دۆخە ڕۆشنبکاتەوە، ئایینی بودایە، کە دەڵێت هەموو شتێک لە ڕواڵەتدا دەردەکەوێت، هەربۆیە (دەلای لاما)ی ڕێبەری تبتییەکان لەنێو هۆلیود زۆر خۆشەویستە.

*** بەڕێزت ڕەخنەت لە گاندی گرتووە و بە (توندوتیژ) ناوزەدتکردووە، بۆچی؟**

ـ کاتێک بە هەموو چەشنێ دۆخێک وەک خۆی بهێڵرێتەوە، ئەوا توندوتیژی ئەنجامدەدەی. لەم ڕوانگەیەوە گاندی لە هێتلەر توندوتیژتر بوو.

***زۆر کەس تەنانەت بەو بۆچوونەت پێدەکەنن کە گاندی بە توندوتیژتر لە هێتلەر دادەنێی، ئایا ئەم قسانەت شێلگیرانەیە؟**

– بەڵێ، هەرچەندە گاندی پشتیوانی لە کوشتار نەدەکرد، بەڵام جووڵە و ڕەفتارەکانی ببوونە مایەی ئەوەی کە ئیمپریالیستە بەریتانییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەنتر لە هندستان بمێننەوە، ئەمەش مەسەلەیەک بوو کە هەرگیز هێتلەر نەیدەویست. گاندی لەپێناو ئەوەدا کە ڕێگە لە شێوازی کاری بەریتانییەکان لە هندستان بگرێت، هیچ کارێکی ئەنجام نەدەدا. لە ڕوانگەی منەوە ئەوەیە کرۆکی مەسەلەکە.

*** پێموایە بەڕێزت ڕێزێکی تەواو لە گاندی ناگریت کە لە هندستان کەسایەتییەکی مەزنە؟**

– من ڕێزی لێدەگرم، بەڵام ڕێز لە شێوازی بیرکردنەوەی گاندی ناگرم دەربارەی ئاشتی و ئارامی و گیاخۆری و ئەم چەشنە کارانەی کە ئەنجامیدەدان، واتە ئەو ڕەفتارانەی گاندی هەرگیز لەلای من جێگەی بایەخ نین. لە هەمانکاتدا گاندی بەو ڕۆحییە پراگماتیزمەیەوە، تا ئەندازەیەک

لە بەرەوپێشڤەبردنی دیدگا ئێتیکییەکانی خۆی سەرکەوتنی بەدەستهێنا. پاراستنی ئەو هاوسەنگییەش کارێکی دژوار و سەختە.

لە ڕوانگەی منەوە (ئەمبدکار)ی بیرمەندی هیندی زۆر لە گاندی باشتر بوو، گوتە بەناوبانگەکانی (ئەمبدکار) لای من ئەم رستەیەیە: «بەدەر لە مرۆڤە دوورخراوەکان، هیچ کەموکوڕییەکمان نییە». من لایەنگری ئەم دیدگا توندڕەوەی ئەمبدکارم دەربارەی مەسەلەی کەموکوڕی.

*** لە پەرتووکە نوێیەکەتدا بەناوی (یەکەم جار کارەسات، پاشان کۆمیدیا)، قەیرانی دارایی ئێستای جیهانت تاوتوێکردووە، ئایا ئەم قەیرانە داراییە لە ڕوانگەی تۆوە دەرفەتێکە بۆ چەپڕەوەکان؟**

– من بڕوام بە وتەی ئەو هاوڕێ چەپڕەوانەم نییە، کە دەڵێن ئەم قەیرانە داراییە، دەرفەتێکی مەزنی بۆ چەپەکان ڕەخساندووە. ڕەنگە سەدان بزووتنەوەی ناڕەزایی دژ بە سەرمایەداریی جیهان بێننە ئاراوە، لە هەمانکاتدا هیچ جۆرە پێشنیارێک بۆ ئەڵتەرناتیڤی ئەو دۆخە لەئارادا نییە. زۆرینەی چەپەکانی جیهانی ئەمڕۆ، سەرمایەدارییان بە ڕووخسارێکی مرۆییەوە دەوێت.

*** بەڕێزت فەیلەسوفێکی چەپڕەویت، کە زۆرت حەز لە هۆلیود و فیلمە کلاسیکییەکانە، ئایا لێرەدا ناتەباییەک نابینرێ؟**

–هۆلیود دیاردەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام شیاوی شیکردنەوە و لێکدانەوەشە، بەرهەمەکانی هۆلیود باشترین نیشانەن بۆ خستنەڕووی ڕەوتی بزووتنەوەی ئایدۆلۆژیای گشتیمان. تۆ ئەگەر ڕاستەوخۆ بنواڕینە هەقیقەتەکان، گێژ و سەرسام دەبیت، بەڵام لە هۆلیوددا نموونەیەکی کورتکراوەی واقیع دەبینی. لە هەمانکاتدا لە پەراوێزی هۆلیود، کۆمەڵێک فیلمساز و دەرهێنەری مەزنی وەک (ڕۆبەرت ئەڵتمان Robert Altman، ڤۆدی ئەلن Woody Allen)

بەرچاو دەکەون. ئەگەر نکۆڵی لە هۆلیود بکەی، سەرەنجام ڕووبەڕووی کۆپییەکی خراپترین بەرهەمی هۆلیود دەبیتەوە.

***بەڵام تۆش هاوشێوەی ئەو کەسانەیت کە نکۆڵیان لە بۆلیود کردووە؟**

– لەبەر ئەم فاکتەرە ئێستا هاتووم بۆ هندستان!. بۆلیود لەلای ئێمە، دیمەنێکی شڵەژاوە، بەڵام زۆر درەوشاوەیە، حەزیشم لەم ئەزموونەیە. فیلمەکانی بۆلیودجۆرە گێڕانەوەیەکی جیاوازیان هەیە، فیلمەکانی بۆلیود هاوشێوەی وێنە کێشراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستن، کە بینەر زۆر ناچار نییە سەرەتا و کۆتاییەکەی لە یەکتر جودا بکاتەوە؟ تەنانەت فیلمە بۆلیودە لاساییەکانی وەک (ملیۆنەرێکی کوخ نشین)م خۆشدەوێ. یەکەم لەبەرئەوەی بۆ بینینی ئەم فیلمە هەوڵی زۆرمدا، بەڵام کاتێک بینیم، چونکە دڵڕەقیی ژیانی دەخستەڕوو، حەزم لە بینینی نەدەکرد. بەرهەمهێنانی ئەو چەشنە فیلمە لە خۆرئاوا مەحاڵە. لە خۆرئاوا چیرۆکێکی دڵخۆشکەر و پڕ لە بەختەوەری ناتوانێ واقیعە دڵڕەقەکەی کۆمەڵگە بشارێتەوە.

***پێناچێ تەنها بۆ بینینی فیلمەکانی بۆلیود سەردانی هندستانت کردبێ!.**

– نەخێر، من هاتووم بۆ هیندستان تا دەربارەی مەسەلەیەک لێکۆڵینەوە ئەنجامبدەم، بۆ نموونە لە (بانگەلۆر) هەریەک لە «پیشەسازی (IT)، واتە تەکنەلۆژیای زانیاری» و «ژیانی دابونەریتیانە» وێڕای هەموو ناکۆکییەکانی پرۆسەی بەجیهانیبوون، چۆن توانیویانە پێکەوە بژین؟

من زیاتر ئومێدم بە هندستانە تا چین، ئێستا ئێمە لە چین شایەتحاڵی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییەکی تۆتالیتارین، ئەمەش زۆر مەترسیدارە.

**سەرچاوە:**

ـ مجله الكترونی فرهنگ، مرداد 1390

# سلاڤۆی ژیژەک، تیپۆریەک بۆ لێکدانەوەی ئایین

ویلیام دێل و تیمۆتی بێل

لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو خانی

سلاڤۆی ژیـژەک (1949) توێژەریکی پێشکەوتووە لە پەیمانگای سۆسیۆلۆژیی لە زانکۆی لوبلیانای سلۆڤینیا، شوێنی لەدایکبوونی، هەروەها پرۆفیسۆری وانەبێژ بووە لە چەندین زانکۆی ئەمەریکادا.

دوای خوێندنە رەسمییەکەی، ژیژەک نەیتوانیبوو پۆستێکی ئەکادیمی وەربگرێت (لەبەر ئـەوەی بەرواڵەت پێدەچوو بە ئەندازەیەکی تەواو مارکسیست نەبووە)، لەبەر ئەوە وەکو وەرگێڕێک دەستی بە کارکردن کرد. لە سالی 1970دا، ژیژەک کۆمەکی بە دامەزراندنی لاکانییە لوبلیانییەکان کرد، ئەم گروپە لە کۆمەڵە رۆشنبیرێکی گەنج پێکهاتبوو، کە پەیوەندییان بە لاکانەوە هەبوو. (خودی ژیژەک ماوەیەک لە پاریس لەگەڵ لاکان و ژاک ئالن میلەر کاریدەکرد). ئەم گروپە گۆڤاری «Problemi» دەردەکرد، بەشداریکردنەکانی ژیژەک لەم گۆڤارەدا زێتر رەهەندی شیعری، یاخود لایەنی نوکتەییانەیان هەبوو. جارێکیان بە ناوێکی خوازراوەوە تێڕوانینێکی نێگەتیڤانەی ئاراستەی کتێبێکی خۆی نووسی، کە دەربارەی لاکان بوو. ئەمجۆرە یاریکردنانە لە بەرهەمەکانی دواتریشیدا دەبینرێن.

زێتر ژیژەک بەهۆی ئەو تەفسیرانەوە دەناسن، کە بۆ کولتوری ئاپۆرە (عموم)، بەتایبەت فیلم و تەلەفزیۆن کردوونی (لە فیلمەکانی ئەلفرێد هیچکۆکەوە، بیگرە تا دەگاتە ماتریکس و بەرنامەی ئۆپرای ڤینفرای). لەم نووسینانەیدا، زێتر بە روانگەی کۆمەڵێک لە بەرهەمە تیۆرییەکانی

مارکس و لاکان و چەندانێکی دیکە، ڕوودەکاتە ئەم لایەنانە. بەم هۆیەوە، هەندێک کەس، زۆرترین کارەکانی ئەو بە درێـژدادڕی و ئاستێکی نزم دادەنێن. هەڵبەت ئەمە بەم جۆرە نییە. لە هەموو بەرهەمەکانیدا، ژیژەک هەوڵدەدات بۆئەوەی تیۆریی کولتوریی بەرەوپێشەوە بەرێت، کە چەمکە دەروونشیکارییەکان، بەتایبەت لاکانی- چەمکی سووژە لەگەڵ چەمکە مارکسییەکانی وەکو ئیدیۆلۆژیی و مێژووی سیاسیی بەیەکەوە گرێبدات. لەو زنجیرە کتێبەی لە دەزگای ڤێرشۆ بەناونیشانی («لەوێ بوو» Where it was) بڵاویکردونەتەوە، وەسفێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەو ریسکە سیاسییە دەکات، کە لە کایەی ناڕوونی مەترسیداری ڕۆشنبیرانەدا بوونی هەیە: «لێکگرێدانی تەقینەوە ئاسای دەروونشیکاری لاکانی و نەریتی فکری مارکسیستی دەبێتە هۆی ڕزگاربوونێکی دینامیکی و بەردەوام، کە ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت تاوەکو پێشگریمانەکانی خولگەیی سەرمایە بخەینە ژێر پرسیارەوە». ژیژەک دەروونشیکاری لاکانی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە تێگەیشتنێکی تایبەتی سووژە بگات، ئەو سووژەیەی لەنێو خودی ڕێکێتی شتەکاندا دەژیت و کاردەکات، کە بە چەند ڕێگەیەک لۆژیکی ئەم دواییەی کەپیتالیزم دیاردەخات و هەڵیدەگەڕێنێتەوە خولگەی سەرمایەی دواتر لەنێو دەبات کەواتە چەند ئەگەری نوێی هەبوون دەهێنێتە ئاراوە، ئەو هەبوونەی لەم جیهانەدایە و پەیوەندی بەوانیدیکەوە گرتووە.

ژیژەک ڕەخنە لە تیۆریی سووژەیەتی (Subjectivity) و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی (Social Transformation) جودیت بەتلەر دەگرێت، ژیژەک باوەڕیوایە ئەم تیۆرییەی بەتلەر ناتوانێت خۆی لە سەنگەری پانتای سیمبولی ڕزگار بکات. بەدیدی ژیـژەک، ئەو ڕوانگانەی وێرانکارانەن و ئازاری جێندەرێتی دەدەن و بەتلەر بە زەرووری دەیانبینێت، «سەرەنجام پشتگیری

لەو شتە دەکەن، کە بڕیار بووە وێرانی بکەن»، لەبەرئەوەی پانتایی سیمبولی «پێشتر دەرفەت و توانستی بەم بوارەی ’سەرپێچییەکان‛ داوە»؛ ژیژەک بەمجۆرە وەسفی پانتایی سیمبولی دەکات: «بریتیە لە ماتریکسێکی سیمبولی گەورە، کە لە نێو کۆمەڵێکی بەربڵاوی دامەزراوەکان و ریتوال و پراکتیسە ئیدیۆلۆژیکییەکاندا بەرجەستە بووەتەوە». ئەم پانتاییە «لەبەرئەوەی بە قوڵی ریشەی داکوتاوە و هەبوویەکی زاتی و جەوهەرییە، بۆیە ناتوانێت لەلایەن ژێستە پەراوێزییەکان و بێدەستەڵاتەکانی جێگرەوەی جێبەجێکارەوە، لاواز بکرێت و لەنێو ببرێت»، کە بەتلەر وەسفی کردوون (سووژەی هەستیار، ل208).

ژیژەک بۆ لاکان دەگەڕێتەوە تاوەکو پەرە بە تیۆرییەک بدات، دەربارەی کردەی سیاسیی، کە لەو تیۆرییەدا هەرچەند سووژە ناتوانێت شوێنێکی یونیڤێرسەل و گشتگیر فەراهەم بکات، تاوەکو لە بەرانبەریدا بووەستێت و بچێتە دەرەوەی سنووری دەستوری سیمبولییەوە، بەڵام لە بەرانبەردا توانستی ئەوەی هەیە بە چەشنێک کردار بنوێنێت، کە «هێزی هیپۆنۆتیک»ی ئەو دەستور و پانتایە بشکێنێت و لەناوی بەرێت. ئەم «کردە رەسەنە» ”authentic act“ بە سانایی یەکێک نییە لە چەند ئۆپشن (هەڵبژاردن)ێکی باوی نێو دەستوری شتەکان، بەڵکو لە راستیدا، ئەو کردارەیە، کە فێڵ و گزی ئەو دەستورە ئاشکرا دەکات و ئەو دەستەڵاتەش بەرەو نەمان دەبات، کە هەیمەنە بەسەر سووژەدا دەکات، لەم رووەوە، رێگە بۆ فەزایەکی نوێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە. بەمجۆرە، ژیژەک جەخت لەسەر ئیمکانی نوێنەرایەتییەکی رادیکاڵی حەقیقی بۆ ئەو سووژانە دەکاتەوە، کە گرفتاری دەستوری کەپیتالیزمی دوایین هاتوون، تەنانەت هەندێکجار جەختدەکاتەوە، کە ناتوانین بنەمایەکی پتەو بۆ ئەم هۆکارێتی و نوێنەرایەتییە

بونیاد بنێین. بە مانایەک، کردەیەکی رەسەن بریتیە لە باوەڕێکی خز (leap of faith)، واتا مرۆڤ لە شوێنێکی بێ متمانەوە هەنگاو بەرەو دەرەوە هەڵدەنێت، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانێت بەرەو کام زەوی وەردەچەرخێت.

هەندێک دەرونشیکاری، بەتایبەت دەروونشیکاری لاکانی، لە بنەڕەتدا وەکو دەرونشیکارییەکی کۆنزەرڤاتیڤانە سەیر دەکەن، واتا بەو هەنگاوەی دەزانن، کە ئامانجی لە شیکارکردن، بریتییە لە کۆمەککردن بە ئاشتکردنەوەی تاکی شیکارکراو لەگەڵ دەستووری سیمبولیدا-کارەکەی لە شیکارکردندا ئەوەیە، کە هێرشەکانی نەست بەجۆرێک بهێنێتە ژێر دەستی خۆیەوە، بۆئەوەی ئەوانە خۆ ویستانە بخاتە نێو دەستووری شتەکانەوە و یەکسانیان بکات، تەنانەت ئەگەر ئەم دەستوورە بریتی بێت لە وەهمێکیش. لە بەرانبەردا، ژیژەک جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەروونشیکاری بۆ لاکان، دەبێت ئەو توانستە بە تاکی دەروونشیکارکراو بدات، بۆئەوەی تێبگات، کە ئەم دەستوورە «ساختە»یە (fake)، و هەروەها بتوانێت هەیمەنەی ئەم ساختەیە لەسەر ژیانی خۆی لەنێو بەرێت (موتڵەقی ناسک، ل114–115). ژیژەک لەم رووەوە و بە پشت بەستن بەم روانگە دەروونشیکارییانەی دەستووری سیمبولی و پەیوەندی سووژانە، کە بەم رێگایەی مەسەلەی مارکسی دەگات: چۆن بتوانین لە شەڕی خولگەیی کەپیتالیزم رزگارمان بێت؟

ژیژەک لە کتێبی «موتڵەقی ناسک» (The Fragile Absolute) یان «بۆچی میراتی مەسیحیەت بەهای خەباتکردنی هەیە؟ (2000) و لە کتێبی «دەربارەی باوەڕ» (2001)دا، نزیکییەک لەنێوان چەمکی «کردەی رەسەن»ی خۆی و تیۆلۆژیی مەسیحایەتی، بەتایبەت لەگەڵ تیۆلۆژیی قەشە پۆڵس و ئایدیا پاولییەکانی «هەستانەوە» و «ئەگاپێ» (عەشقی یەزدانی)

یان «ڕەحمەت»ی مەسیحایەتیدا دەدۆزێتەوە. بەو جۆرەی ژیژەک چەمکی «عەشقی مەسیحی» هێناوە و لە نوسینەکانی «پەیمانی نوێ»ی قەشە پۆڵس تێیدەگات، ئەوا ئەم چەمکە لە خزمەتی دەستووری سیمبولیدا نییە، بەڵکو بە ساختەزانینی دەستووری سیمبوڵی و لەنێوبردنی ئەو دەستورە و کردنەوەی بەسەر «ئەوی دیکە»، نزیک بە «کردەی ڕەسەن»ی خۆی دەزانێت. «ئەمە خودی عەشقە، کە فەرمانمان پێدەکات، تاوەکو خۆمان لەو کۆمەڵە ئۆرگانیکەی تێیدا لەدایکبووین، «بخەینە دەرەوە». (موتڵەقی ناسک، ل121). ئینجیلی مەسیحی، کە وەحیانییە، ڕووداوێکی دراماتیکە دژ بە ئیمراتۆریەتی جیهانی ڕۆمانی و «ئایانی پاگانی»(کافرانە). تراوماکەی لەم بانگەشە ڕەها و موتڵەقەدا وەستاوە، کە هەموو خەڵکی دەتوانن بەم جیهانە یونیڤێرسەلە بگەن، واتا هەموو خەڵکی، بەچاوپۆشین لە چینی کۆمەڵایەتی، جێندەر، و ئەتنیک و پێگەیان لەنێو دەستوری کۆمەڵایەتی و گەردوونی، کە ئیمپراتۆر و ئیدیۆلۆژییە ئایینییەکەی دیاریکردووە، دەتوانن ڕاستەوخۆ بگەن بە وەحی یەزدانی و ڕەحمەتی خودایی، و تەنانەت دەتوانن ببن بە منداڵی خوداوەندیش.

ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ژیژەک دەیەوێت ببێتە مەسیحی. ئەو لایەنە مارکسیستییە توند و دەروونشیکارییانەی ئەو هەیەتی، هەرگیز ڕێگە نادات ئەو مەسیحایەتی وەربگرێت، یاخود مل بداتە قبوڵکردنی هەر بانگەشەیەکی تیۆلۆژیی دیکە بۆ باوەڕهێنان بە شتێکی دەرنشین (ترانسێدێنت) یان ڕزگاربوون بەڕێی کەفارەدانی ئیلاهییەوە. سەرباری ئەمە، ژیژەک لەنێو ئەم فۆرمەی مەسیحایەتی پۆڵسدا، ئینتیما و هێزێکی ڕادیکاڵی بەرچاو دەبینێت بۆ شکاندنی خولگەیی دەستووری سیمبولی ڕۆمانی.

ژیژەک ئەم هێزەکییە رادیکاڵە-ئەم کرانەوەیە بەرەو کردەی رەسەن، کە دەتوانێت هێزی هیپۆنۆتیکی دەستووری سیمبولی بشکێنێت-تەنها لە مەسیحایەتی پۆلسیدا نابینێتەوە، بەڵکو لە بودایزمی بەراییشدا، واتا هەمان فێرکارییەکانی بودادا، دەبینێتەوە:

دەتوانم بەچاوپۆشین لەو پێگە تایبەتییەی لەنێو دەستووری کۆمەڵایەتی جیهانیدا هەمە، راستەوخۆ [لە نیرڤانا]، لەنێو ئەم رەهەندە یونیڤێرسەلەدا هاوبەش و بەشدار بم. بەم هۆیەوەیە، کە پەیڕەوانی بودا فۆرمێکی کۆمەڵایەتییان بە خەڵک داوە، کە بە جۆرێک ئەم پێگەی دەستووری کۆمەڵایەتییە دەشکێنێت و وەکو شتێکی ناپەیوەند باسی دەکات: بودا لە هەڵبژاردنی بنەماکانی، ئاگامەندانە کاستەکان [چینە کۆمەڵایەتییەکان] و (پاش کەمێک رامان) تەنانەت جیاوازیی رەگەزیش فەرامۆش دەکات («موتڵەقی ناسک» ل122).

ژیژەک جەخت لەوە دەکاتەوە، کە رەتکراوە کۆمەڵایەتییەکان یان هەمان ئەو کۆمەڵانەی، کە لە دەوری مەسیح و بودا کۆبووبوونەوە، هەوڵیاندا ئەو هیرارشییەتە کۆمەڵایەتییە هەڵپەسێرن و خۆیان بخەنە «دەرەوە»ی خولگەی ئەم هیرارشیەتە یان خۆیانی لێ «جیا» بکەنەوە، کەواتە ژیژەک لەنێوان تیۆلۆژیی مەسیحایەتی پۆلسی و ئەو مەیلەی خۆی بۆ دروستکردنی «پێکهاتەیەکی تەقینەوەئاسا»ی مارکسیزم و فیکری دەروونشیکاری لاکانیی نزیکایەتییەک دەبینێت، و دەڵێت ئەم پێکهاتە تەقینەوەئاسایە «دەتوانێت ئەو توانایەمان پێبدات، تاوەکو پێشگریمانەکانی خولگەی سەرمایە بخەینە ژێر پرسیارەوە».

## پەراوێزەکان:

Further Reading _ By Žižek

The Ticklish Subject: The Absent Centre of Political Ontology. London and New York: Verso Books, 1999.

Enjoy Your Symptom! Jacques Lacan in Hollywood and Out. New York and London: Routledge, 2001.

On Belief. London and New York: Roudedge, 2001.

The Fragile Absolute or, Why Is the Christian Legacy Worth* Fighting For? London and New York: Verso Books, 2000.

About Žižek

Hart, William D. "Slavoj Žižek and the Imperial/Colonial Model of Religion," in Nepantla: Views from South 3:3 (2002) <muse.jhu. edu/journals/nepantla>.

Pizzino, Christopher. "A Legacy of Freaks." Postmodern Culture 12, no. 2 (2002). <muse.jhu.edu/ournals/postmodern_culture>.

Santner, Eric. On the Psychotheology of Everyday Life. Chicago: University of Chicago Press, 2001.

Thomassen, Lasse. "The Politics of Lack," Postmodern Culture 11, no. 3 (2001). <muse.jhu.edu/journals/postmodern_culture>.

## سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

William E. Deal and Timothy K. Beal: THEORY FOR RELIGIOUS STUDIES, ROUTLEDGE New York • London, 2005, pp. 127129–.

# ماركە چییە؟

دۆزینەوەی بازار ژیانمان بەشێوەکی تازەو سەیر دەگۆڕێت

**لە فارسییەوە: وەرین**

نوکتەیەکی کۆنی پۆڵەندیی دژەکۆمۆنیستیی هەیە، کە دەڵێت«سۆسیالیزم تێکەڵە و تێهەڵکێشێکە لە باڵاترین دەسکەوتی هەموو سەردەمە مێژووییەکانی ڕابردوو. لە کۆمەڵگەی خێڵەکییەوە دڕندەیی وەرگرتووە، لە سەردەمی دێرینەوە کۆیلایەتی بردووە، لە فیوداڵیزمەوە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی وەرگـرتـووە، لە سەرمایەدارییەوە چەوسانەوە و لە سۆسیالیزمیشەوە «ناوەکەی» وەرگرتووە». ئایا کێشەی ناوی مارکەکانیش هەر بەم جۆرە نییە؟ کۆمپانیایەک بێننە پێش چاوی خۆتان، کە کارەکانی بە تەواوی سپاردۆتە دەرەوە (outsourcing). بۆ نموونە کۆمپانیایەکی وەک (نایک) کە کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنانی مادیی خۆی سپاردۆتە بەڵێندەرەکانی ئاسیا و ئەمریکای ناوەندی، هەروەها دابەشکردنەکەشی سپێردراوەتەوە وردە فرۆشەکان، مامەڵە داراییەکەشی بە کۆمپانیا ڕاوێژکارییەکان، ستراتیژیی دۆزینەوەی بازاڕ و ڕیکلامەکانیشی سپێراوەتە ئاژانسەکانی ڕیکلام و دیزاینکردنی بەرهەمەکانیشی بە دیزاینەرێک، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، لە بانکەکانەوە قەرز وەردەگرێت بۆ پشتیوانیی دارایی چالاکییەکانی. نایک»خۆی لە خۆیدا» هیچ نییە، هیچ شتێک نییە جگە لە نیشانەیەکی پەتیی بازرگانی «نایک». نیشانەیەکی بەتاڵ کە دەلالەت لە ئەزموونی ستایلی ژیانێکی دیاریکراو دەکات، شتێکی وەک «مۆر و نیشانەی نایک». ئەو شتەی کە تێکڕای هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە یەک ئۆبێکتدا

کۆدەکانەوە، دواجار بریتییە لە ناوە بازرگانییەکەی-ئەو ناوە بازرگانییەی کە گوزارشتە لە «کوالێتییەکی لە وەسف بەدەر»ـی نهێنی ئامێز کە پێڵاوە وەرزشییەکانی نایک (یان قاوەی ستارباکس) دەگۆڕێت بۆ شتێکی تایبەت.

چەند دەیەیەک لەمەوبەر، دوو ناوی نوێ جێی خۆیان لە بازاڕی ئاوی میوەو ساردەمەنیدا کردەوە: «forest fruit»{میوەی دارستانی} و «multivitamin». ئەم دوو ناوە، یان ئەم دوو بەرچەسپە، تامگەلێکی تەواو ناسراومان بە زەیندا دێننەوە، بەڵام پەیوەندیی نێوان بەرچەسپەکە و ناونراوەکەی، شتێکی تەواو ڕێکەوتە. هەر تێهەڵکێش کردنێکی تری میوە دارستانییەکان (وەکو توتڕکی کێوی و قرەقات و توتڕکی ڕەش) تامێکی جیاوازی دەبێت و دەتوانرێت هەمان تام بەجۆرێکی دەستکرد بەرهەم بهێنرێت (هەمان شت سەبارەت بە ئاوو میوەی ڤیتامینیش هەر ڕاستە). دەتوانین منداڵێک بێنینە پێش چاوی خۆمان کە پاش وەرگرتنی ئاومیوەیەکی ئەسڵی ماڵان لە میوە دارستانییەکان»ـەوە، بۆڵەبۆڵ دەکاتە بەسەر دایکیدا «ئەمە ئەوە نییە کە من دەمەوێت! من ئاومیوە دارستانییە ڕاستەقینەکەم دەوێت!». نموونەی لەم جۆرە، تەعبیرە لەو درزەی کە لەنێوان مانای ڕاستەقینەی وشەیەک (لەم حاڵەتەدا، ئەو تامەی کە وەک multivitamin ناسراوە) و مانای هەمان وشەدا هەیە ئەو کاتەی کە دەنگ و لەفزەکەی دەکەینە پێوەر (واتە هەر ئاومیوەیەک کە بەگشتی ڤیتامینی تیابێت). «بەسبوونی ڕەمزی»ــی مارکەکان بە شێوەیەکی وەها سەربەخۆ کار دەکات، کە ڕەنگە جاروبار کاریگەرییەک جێ بهێڵێت، بەشێوەیەکی سەیر و لە وەسف بەدەر هەڵگری نهێنین.

ئایا دەتوانین لەم دیوە زیادانە ڕزگارمان ببێت و تەنیا ئەو ناوانە بەکاربهێنین کە ڕاستەوخۆ شتەکان و پرۆسەکان دەستنیشان دەکەن؟ ساڵی

1986، پینتەر هانکەی نوسەری نەمسایی، کتێبی دووبارەبوونەوەی نووسی. ڕۆمانێک کە سلۆڤینیا لە دەیەی وەرزکەری 1960دا وێنە دەکێشێت. هانکە دەستیدایە بەراوردێک لەنێوان سۆپەرمارکێتێکی نەمسایی بە هەندێک مارکەی شیر و ماستەوە، لەگەڵ بەقاڵییەکی سادەی سلۆڤینیدا کە تەنیا یەک جۆر شیری هەیە، ئەویش بەبێ هیچ نیشانەیەکی بازرگانی و تەنیا بەرچەسپێکی سادەی شیر»ـی پێوەیە، بەڵام هەر کە هانکە ئاماژە بۆ ئەم شیرە بێ مارکەیە دەکات، ئیدی خاڵسی و سادەیی {شیرەکە} لەناو دەچێت. ئەمڕۆ ئەم جۆرە پێچانەوانە تەنیا ئاماژە نییە بۆ شیر، بەڵکو بە تەنیشتییەوە ئەو نۆستالیژییە ئاڵۆزەی سەردەمانی کۆنیش دێت کە ژیان زەبوون و تڕۆهات بوو، بەڵام (دەوترێت) ئەسڵتر و ڕەسەنتر و کەمتر لەخۆ نامۆ بوو. لەم ڕووەوە، غیابی ئارمێکی بازرگانی، حوکمی نیشانەیەکی بازرگانیی هەیە بۆ ژیانێکی لەدەستچوو. لە زمانی زیندوودا، هەرگیز وشەکان ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ واقیع ناکەن، بەڵکو چۆنییەتیی پەیوەندییەکەمان بەو واقیعەوە پیشاندەدات.

دووەمین هەوڵ بۆ ڕزگاربوون لە نیشانە بازرگانییەکان، ڕیشەکەی لە هەژاریدا نییە، بەڵکو لە هۆشیاریی مەسرەفگەرایانەی زیادەڕۆدایە. لە ئابی 2012دا ڕاگەیاندنەکان ئەوەیان بڵاوکردەوە کە کۆمپانیاکانی توتنی ئوسترالیا ئیتر مۆڵەتی ئەوەیان نییە کە ڕەنگی تایبەت، یان مارکە و ئارمی بازرگانی لەسەر پاکەتی جگەرەکانیان بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی کە لە توانایاندایە، سەرنجڕاکێشیی جگەرە کەم بکاتەوە، ئەوا دەبێت پاکەتە جگەرەکان لە کەوڵی یەکڕەنگی وەکیەکدا بخرێنە ڕوو، ئەویش بە ڕەنگێکی زەیتونیی تاریک لەگەڵ کۆمەڵێک وێنەی ئاگادارکەرەوەی دەمی سەرەتاندار و چاوی کوێر و مناڵی نەخۆشدا (هەندێک زەمینەسازیی لەم

جۆرەش لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپادا لە بەردەستدایە). ئەمە جۆرێکە لە خۆپوچەڵکردنەوەی فۆرمی کاڵایی. ئێمە بەبێ هیچ ئارمێک، بەبێ هیچ» ئێستاتیکایەکی کاڵایی»، ئیدی قەلەق نابین بۆ کڕینی بەرهەمی کاڵایی}. پێچانەوەی پاکەتەکان بە شێوەیەکی ئاشکراو بینراو، سەرنج دەخاتە سەر مەترسییەکان و کوالێتیی ترسناکی بەرهەمەکە. هەندێک بەڵگە و هۆکار دێنێتەوە بۆ ئەوەی نەیکڕین.

خستنەڕووی کاڵا لە کەوڵی دژەکاڵایەکدا شتێکی تازە نییە. ئێمە بەرهەمە کەلتورییەکانی وەک تابلۆکان و یەکە مۆسیقییەکان تەنیا ئەو کاتە بە خاوەن بەهای کڕینی دەزانین کە باوەڕمان بەوە هەبێت، ئەم بەرهەمانە کاڵا نین. لێرەدا کارکردنی دژیەکیی نێوان کاڵا-ناکاڵا لە بەرامبەر کارکردی ئەم دژیەکییەدا سەبارەت بە جگەرە بێ ئارم و نیشانەکانە. فەرمانی سوپەرئیگۆ ئەمەیە: «دەبێت ئامادە بیت نرخێکی زۆر بدەیت بەم کاڵایە، ڕێک لەبەر ئەوەی کە چەندین جار لە کاڵایەکی ڕووت زیاترە». سەبارەت بە جگەرە بێ ئارم و نیشانەکان، بەهایەکی مەسرەفیی خاومان هەیە، کە لە کەوڵی ئارم و ناونیشانەکەی بێبەشکراوە (بە جۆرێکی هاوشێوە، دەتوانین شەکرو قاوە سو شتە بێ ئارمەکان لە فرۆشگا هەرزانەکان بکڕین). سەبارەت بە تابلۆ، ئەوە خودی ئارمەکەیە کە بەهای مەسرەفی بە شێوەیەکی دیالەکتیکی نەفی دەکات و لە ئاستێکی سەرووتردا دەیهێڵێتەوە.

بەڵام ئایا بەرهەمگەلێکی بێ ئارمی لەم جۆرە، ڕزگارمان دەکات لە فێتیشیزمی کاڵایی؟ ڕەنگە ئەمانە نموونەیەکی تری درزی فێتیشیستی پیشان بدەن کە بە ڕستەی بەناوبانگی (خۆ باش دەیزانم، بەڵام سەرەڕای ئەمەش...) دەردەبڕدرێت. نزیکەی دەیەیەک پێش ئێستا، ئاگادارییەکی ئەڵمانی بۆ ڕیکلام کردنی «مارلبۆرۆ» بڵاوبووەوە. هەمان فیگەری باوی

گاوان، که به پەنجەیەک ئاماژە بۆ ئەو نوسراوە ئاگادارکەرەوەیە دەکاتُ کە دەیوتُ »جگەرەکێشان مەترسیی هەیە بۆ تەندرووستیتان»، بەڵام هەندێک ڕستەی بۆ زیادکرابوو «Jezt erst recht» کە وەرگێڕانە نزیکەکەی وای لێ دێتُ «خەریکە شتەکە دەبێتە جدی». مانا شاراوەکەشی ڕوونە: ئێستا ئیتر دەزانن کە جگەرەکێشان چەند ترسناکە، دەرفەتُ هەیە بیسەلمێنیتُ کە جورئەتُ هەیە بەردەوامبیێتُ. بە دەربڕینێکی تر، ئەم ئاگادارکەرەوەیە کەسی بەرامبەر دەخاتە ئەو دڵەراوکێیەوە، کە بەخۆی بڵێتُ»خۆ زۆرباش دەزانم، من ترسنۆک نیم. من پیاوێکی واقیعیم و بەم هۆیەوە ئامادەم گیانم بدەمە بەر مەترسییەکە و وەفـام بۆ پەیمانی جگەرەکێشانەکەم هەبێتُ». تەنیا لەم ڕێگەیەوەیە کە جگەرەکێشان بە فیعلی دەبێتە جۆرێک لە مەسرەفگەرایی: من ئامادەم لەودیوی بنەمای چێژ-ـەوە جگەرە بکێشم، لەودیوی خەم و ختورە تڕۆهاتە سودخوازییەکانەوە دەربارەی سەلامەتی.

ئەم دیوەی زیادە مەرگبارەکە، لە هەموو ڕیکلامە بازرگانییەکانیشدا هەر هەیە. هەموو خەم و ختورە سودگەراییەکان ئەم خۆراکە تەندروستە، بە شێوەی ئۆرگانی و ئەندامی خزمەتُ کـراوە، لەژێر هەلومەرجێکی دادپەروەرانەدا بەرهەم هێنراوە و دابەشکراوە و ڕێک شێوازێکی خەڵەتێنەرە کە لە ژێرەوەیدان فەرمانێکی قووڵتری سوپەرئیگۆ نوستووە:«چێژ وەربگرە! تا ئەوپەڕەکەی چێژ وەربگرە، بەبێ ئەوەی لە دەرەنجامەکانی کارەکە وردبینەوە». ئایا کەسێکی جگەرەکێش، کاتێک جگەرەیەکی ئوسترالی دەکڕێتُ، کە پاکەتەکەیان هەڵگری پەیامێکی «نێگەتیڤ»ە دەربارەی جگەرە، لەودیوی ئەم پەیامانەوە، ئامادەیی تۆختری سوپەرئیگۆ هەستُ پێناکاتُ؟ ئەم دەنگە وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوە:»گەر هەموو ئەم مەترسییانەی جگەرە ڕاستبێتُ-کە من بە ڕاستی دەزانم-بۆچی هێشتاش هەر پاکەتەکە دەکڕم؟».

بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە، وەرن با سەیرێکی «کۆکا» بکەین وەک دیارترین کاڵای سیستەمی سەرمایەداری. جێی سەرسوڕمان نییە، کە کۆکا سەرەتا وەکو دەرمان ناسرا. وا دەرناکەوێت کە تامەکەی هیچ جۆرە چێژێکی تایبەت دەستەبەر بکات، ڕاستەوخۆ چێژبەخش یان دڵگیر نییە، بەڵام بە تێپەڕین لە بەها مەسرەفیە ڕاستەوخۆکەی (بەپێچەوانەی ئاو و شەرابەوە کە تینوێتیمان دادەمرکێنێتەوە، یاخود هەندێک کاریگەری باشی تر درووستدەکات)، کۆکا بریتییە لە بەرجەستەبوونی زیادەی چێژ نیسبەت بە تێربوونە ئاساییەکان. کۆکا دەرخەری نێوبەینێکی نهێنی ئامێزە کە هەموومان لە هەستی ناچارانەدا بۆ مەسرەفکردنی کاڵا بازرگانییەکان بەدوایدا دەگەڕێین.

لەو ڕووەوە کە کۆکا هیچ پێویستییەکی دیاریکراو پڕ ناکاتەوە، ئایا وەکو تەواوکەری خواردنەوەیەکی تر دەیخۆیننەوە، کە پێویستییە بنچینەییەکانمانی پڕ کردۆتەوە؟ یان سروشتی زیادەی کۆکا دەبێتە هۆی ئەوەی کە تینووی خواردنەوەی بین؟ کۆکا پارادۆکسئامێزە: تاکو زیاتر بیخۆیننەوە، تینووتر دەبین و ئەمەش وادەکات زیاتر هەست بکەین پێویستمان پێیەتی. بە تامی سەیروسەمەرەی مزری کۆکا، هیچ کاتێک بە فیعلی تینوێتییەکەمان دانامرکێنەوە. لە درووشمە ڕیکلامییە کۆنەکەدا ئەمەیە کۆکا»، دەبێت کۆی ئەم تەمومژە تێبگەین: بە فیعلی کۆکا هیچ کاتێک بەم جۆرە نییە. هەر تێربوونێک ئارەزوومان زیاتر دەکات. کۆکا کاڵایەکە کە بەها مەسرەفییەکەی نیشانەی زیادەیەکی مەعنەویی تەعبیر لێنەکراوە. کۆکا کاڵایەکە و هەندێک سیفەتی ماددیی هەیە کە ڕێک هەمان سیفەتەکانی کاڵایەکن.

ئەمە نموونەیەکی بەرجەستەیە بۆ پەیوەندیی زاتیی نێوان چەمکی مارکسیی «بەهای زیادە» و چەمکی لاکانیی «چێژی زیادە» (کە لاکان

بە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆی بۆ «بەهای زیادە»ی مارکسی و پارادۆکسی سوپەرئیگۆ کە فرۆید درکی کردبوو: تاکو زیاتر کۆکا بخۆیتەوە، زیاتر تینوو دەبیت. تا زیاتر سوود وەربگریت، زیاتر دەتەویت. تا زیاتر پەیڕەوی لە سوپەرئیگۆ بکەیت، زیاتر هەست بە گوناە دەکەیت. ئەم پارادۆکسانە، جەمسەری بەرامبەری عەشقە کە لە وشە نەمرەکانی جۆلێتدا ڕوو لە ڕۆمیۆ دەیکات» تا زیاتر دەبەخشم، زیاترم هەیە».

زاڵبوونی نیشانە بازرگانییەکان شتێکی تازە نییە. ئەمە تایبەتمەندیی نەگۆڕی دۆزینەوەی بازاڕە. ئەو شتەی کە لە دەیەی ڕابردوودا لە ئارادا بووە گۆڕانێکە، کە لە تۆن و ئاوازی بازاڕدۆزیدا ڕوویداوە. ئەمە قۆناغێکی تازەی بەکاڵابوونە کە جێرمی ڕیفیکین بە «سەرمایەداریی کەلتوری» ناوی هێناوە. ئێمە بەرهەمێک دەکڕین- بۆ نموونە سێوێکی ئەندامی چونکە گوزارشت لە ستایلێکی دیاریکراوی ژیان دەکات. ناڕەزاییەکی ژینگەیی دژی چەوساندنەوەی سەرچاوە سروشتییەکان پێشوەخت لە هەناوی بەکاڵاییبوونی ئەم ئەزموونەدا ئامادە کراوە. گەرچی ژینگە وەک ناڕەزایی دژی مەجازیبوونی ژیانی ڕۆژانە و هۆکاری گەڕانەوە بۆ ئەزموونی ڕاستەوخۆی واقیعی ماددی درک دەکرێت، ئەوا خودی ژینگەش گۆڕاوە بۆ نیشانەیەکی بازرگانیی ستایلێکی تازەی ژیان. کاتێک ئێمە خۆراکە ئەندامییەکان دەکڕین، ئەوا خەریکی کڕینی ئەزموونێکی کەلتورییین، ئەزموونی کەلتوریی» ستایلێکی ژیانی ژینگەیی تەندرووست». ئەم کێشەیە سەبارەت بە هەر گەڕانەوەیەک بۆ «واقیع» ڕاستە: ڕیکلامێکی بازرگانی کە نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە تەلەفزیۆنەکانی ئەمریکاوە پەخشکرا، کۆمەڵێک خەڵکی ئاسایی بەدەم سەماکردنەوە لەگەڵ مۆسیقای کانتریدا کە هاوکات خەریکی برژاندنی کەبابن و ئەو ڕیکلامەی کە لەگەڵیدایە ئەمەیە:»گۆشت،

خۆراکێکی واقیعی بۆ خەڵکانێکی واقیعی»، بەڵام ئەو گۆشتەی کە وەک هێمای سنایلێکی ژیان دەستنیشان کرابوو (سنایلی ژیانی ئەمریکییە واقیعی»یەکان) چەندقاتێ کیمیایی و جیناتی ترو دەسکاریکراوترە لەو خۆراکە «ئەندامی»یەی کە تازەپێگەیشتووە» ساختەکانی ئەمریکا مەسرەفی دەکەن.

ئەمەیە ئامانجی ڕاستەقینەی دیزاین: دیزاینەران مانای بەرهەمێک شێوازبەندی دەکەن، ئەویش لەودیوی کارکردنی ئەو بەرهەمەوە کاتێک هەوڵدەدەن بەرهەمێکی تەواو شایستە دیزاین بکەن، ئەوا ئەو بەرهەمە کارکردی خۆی وەک مانای خۆی نمایشدەکات، ئەویش لەسەر حیسابی لەدەستدانی کارکردی واقیعیی خۆی. بۆ نموونە، پیاوان قوڵنگە بەردینەکانی پێش مێژوویان وەک هێمای جنسیی دەسەڵات درووستدەکرد. ئەوپەڕی کامڵی و شکۆداریی شێوەی ئەم قوڵنگانە هیچ بەکارهێنانێکی ڕاستەوخۆیان نەبوو.

ئەزموونی ئێمە بۆتە کاڵا. ئەو شتەی کە لە بازاڕ دەیکڕین کەمتر ئەو بەرهەمەیە کە دەمانەوێت هەمانبێت و پتر ئەزموونێکی ژین-ئەزموونی پەیوەندیی سێکسییە، خواردن، درووستکردنی پەیوەندی، مەسرەفی کەلتوری، یان بەشداریکردن لە سنایلێکی ژیاندا. شتە ماددییەکان بۆ ئەزموونگەلی لەم جۆرە دەبنە پشتیوان و بە خۆڕایی دەخرێنەڕوو تاکو ئەو قەلەقەمان تێبخەن «کاڵای ئەزموونییانە»ـی ڕاستەقینە بکڕین. بۆ نموونە ئەو کاتەی کە ڕێککەوتنێکی یەک ساڵە {لەگەڵ کۆمپانیای خزمەتگوزاریی مۆبایلدا} دەبەستین، مۆبایلێکی بەلاش وەردەگرین. هاوکێشە چڕەکەی «مارک سلۆکا» باس دەکەین کە دەڵێت« وەکچۆن زۆرینەی سەعاتەکانی ڕۆژمان لە ژینگە تێکەڵەکاندا دەگوزەرێت، خودی ژیان بۆتە کاڵا. ئەو کەسانەی کە ئەوەمان بۆ درووستدەکەن، ئێمە ئەوانەیان لێ دەکڕین. ئێمە بووینەتە مەسرەفکەری

ژیانی خۆمان». ئێمە دواجار (کاث)ـی ژیانی خۆمان دەکڕین. لەم ڕووەوە، هەڵێنجانی فۆکۆ دەربارەی گۆڕینی خۆث بۆ بەرهەمی هونەری، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دێتەدی: من لەشجوانیی خۆم دەکڕم، ئەویش بە ڕۆیشتنم بۆ یانەی وەرزشی. من نور و ڕوناکیی مەعنەویم دەکڕم، ئەویش بە ناونوسینم لە خولە میدیتەیشنە ترانسێندێنتاڵەکاندا. من ئاراستەی گشتیم دەکڕم، ئەویش بە ڕۆیشتنم بۆ ئەو ڕێستۆرانانەی کە کڕیارەکانی بریتین لەو کەسانەی حەزدەکەم بەریان بکەوم.

وەرن با بگەڕێینەوە بۆ نموونەی ژینگەکە. ئـەوەی کە ئامادەین کەمتەرخەمییەکەمان لە بەرکەوتنمان لەگەڵ ژینگەدا قبوڵ بکەین، لەم قبوڵکردنەدا شتێک هەیە کە بە جۆرێکی فریودەر دڵنیایی دەبەخشێت. ئێمە حەز دەکەین کەمتەرخەم بین. گەر ئێمە کەمتەرخەمین، ئەوا هەموو شتێک پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە. دەتوانین بەهۆی گۆڕینی ژیانمانەوە خۆمان ڕزگار بکەین. ئەو شتەی کە قبوڵکردنەکەی سەختە (لانیکەم بۆ ئێمە لە ڕۆژئاوا) ئەوەیە کە ئێمە ڕۆڵێکی تەواو پاسیڤمان هەیە. ئێمە تەنیا بینەرێکی بێ توانایین کە تەنیا دەتوانین دابنیشین و سەیربکەین کە قەدەرمان چیی بەسەردێت. بۆ خۆدوورگرتن لەم دۆخە، دەرگیری چالاکییە وەسواسی و شێتانەکان دەبین. کاغەزەکان بەدەست دێنینەوە و خۆراکە ئەندامییەکان دەکڕین تا باوەڕ بەوە بێنین، کە خەریکین کارێک ئەنجامدەدەین. ئێمە لە هەوادارانی وەرزشی دەچین کە بەهۆی فیک و فاک و هەڵبەز و دابەزی بەردەم شاشەی تەلەفزیۆنەکە و سەر قەنەفەکەیماڵەوە پشتگیری لە تیپەکەمان دەکەین، ئەویش بەو قەناعەتە خورافییەوە کە گوایا بەجۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکە دەبێت.

مۆدێلی نکۆڵیی فینیشیستی سەبارەت بە ژینگە ئەمەیە:»خۆ من باش دەزانم (کە هەموومان لەبەردەم مەترسیداین)، بەڵام لەڕاستیدا بڕوام پێی نییە (لەم ڕووەوە ئامادەنیم کە هیچ کارێکی گرنگ ئەنجامبدەم، بۆ نموونە شێوازی ژیانم بگۆڕم)، بەڵام بە شاراوەیی خاڵی بەرامبەری ئەم جۆرە نکۆڵییەش بوونی هەیە» من بە باشی ئەوە دەزانم کە ناتوانم کاریگەری بخەمە سەر ئەو پرۆسەیەی کە دەبێتە هۆی لەناوچوونم، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەم خاڵە هێندە تراومایيە»شۆکهێنەر» کە ناتوانم بڕوای پێ بکەم. ناتوانم لە بەرامبەر ئەو ئارەزووە زۆرەدا بۆ ئەنجامدانی کارێک بەرهەڵستی بکەم، تەنانەت سەرەڕای ئەمەش دەزانم ئەو کارە بێ ئەندازە بێمانایە». ئایا هەر لەبەر ئەمە نییە، کە ئێمە خۆراکە ئەندامییەکان دەکڕین؟ کێ بڕوای بەوەیە کە سێوە «ئەندامی» و نیوە گەنیو و گرانبەهاکان تەندرووستترە لە سێوی ئاسایی؟ مەسەلەکە ئەوەیە کە بە کڕینی ئەو شتانە، ئێمە تەنیا بەرهەمێک ناکڕین و مەسرەفی ناکەین، هاوکات خەریکین کارێکی ماناداریش ئەنجام دەدەین، سەرنج و هۆشیاریی دونیاییمان دەخەینەڕوو و لە پرۆژەیەکی گەورەی دەستەجەمعیدا بەشداری دەکەین.

ئەمڕۆ ئێمە کاڵاکان نە لەبەر سودەکانیان دەکڕین و نە لەبەر پێگە ڕەمزییەکەشیان. بۆ ئەو ئەزموونە دەیانکڕین کە دەیخەنەڕوو. مەسرەفیان دەکەین بۆ ئەوەی مانایەک بدەینە ژیانمان. مەسرەفکردن دەبێت کواڵێتیی ژیان باشتر بکات. کاتی مەسرەف دەبێت »کاتێکی کواڵێتی» بێت-نەک جۆرە کاتێکی لەخۆنامۆبوو، نەک ئەو جۆرە کاتەی کە لاسایی ئەو مۆدێلانە دەکاتەوە کە لەلایەن کۆمەڵگەوە سەپێنراوە بەسەرماندا و ترس لەوەش، کە نەتوانین لاسایی و ململانێ بکەین. ئێمە بەدوای بەدیهاتنی بنەڕەتە ڕاستەقینەکەی خۆمانەوەین، بەدیهاتنی گەمەی هەوەسئامێزی ئەزموون،

بەدیهاتنی هەستی ئاوڕدانەوە لەوانی تر.

دەتوانین نموونەیەکی مۆدێلئاسا بۆ «سەرمایەداریی کەلتوری» لەو شەڕە ڕیکلامییەی ستارباکسدا بدۆزینەوە کە دەڵێت: »کێشەکە تەنیا ئەو شتە نییە کە ئێوە دەیکڕن. کێشەکە ئەو شتەیە، کە لە ڕێگەیەوە شتەکە دەکڕیت». ڕیکلامە بازرگانییەکە دوای وەسفکردنی کواڵێتیی قاوە بەم جۆرە بەردەوام دەبێت«بەڵام ئەو دەمەی کە ئێوە ستارباکس دەکڕن، ئیدی تێبگەن یان نا، ئەوا شتێکی زیاد لە فنجانێک قاوە دەکڕن و بڕواشی پێدەکەن. ئێوە ئەخلاقی قاوە دەکڕن. لە چوارچێوەی-بەرنامەی هەسارەی هاوبەش-ی ستارباکسدا ئێمە بەبەراورد لەگەڵ کۆمپانیاکانی تری دونیادا بازرگانییەکی دادپەروەرانەتری قاوەمان هەیە و، لەوەش دڵنیادەبینەوە، کە ئەو جوتیارانەی دەنکە قاوەکان پێدەگەیەنن، لە بەرامبەر کارەکەیاندا نرخێکی دادپەرەروەرانە وەردەگرن. ئێمە سەرمایەگوزاری دەخەینە سەر چالاکییەکانی پێگەیاندنی قاوە و کۆمەڵگە{بەرهەمهێن و پێگەیەنەرەکان} لە سەرتاپای جیهاندا و باشتر و تەندروستتریشیان دەکەین. بەمە دەڵێن کاری ئێمە، یاخود قەدەری ئەبەدیی قاوە. ئۆهـ، تۆزێک پارەی فنجانە قاوەکەی ستارباکسیش خەرج دەکرێت بۆ کەلوپەل ڕێژکردنی کەشەکەی بە کورسیی خۆش و ئاسودە و مۆسیقای باش و کەشێکی تەندرووست بۆ خەوبینین و کارکردن و دەمەتەقێ. ئەمڕۆ هەموومان پێویستمان بە کەشێکی لەم جۆرەیە. کاتێک ستارباکس هەڵدەبژێرن، دیارە فنجانێک قاوە لە کۆمپانیایەک دەکڕن کە بایەختان پێ دەدات. لەخۆڕا نییە کە هێندە بەتامە».

زیادە «کەلتورییەکە» لێرەدا دەربڕراوە. نرخی قاوە گرانترە، چونکە ئێوە بەڕاستی «ئەخلاقی قاوە» دەکڕن، کە زۆرشت دەگرێتەوە لەوانە: گرنگیدان بە ژینگە، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر بەرهەمهێنەراندا

و، شوێنێکیشه که دەتوانن له ژیانی دەستەجەمعیدا بەشدار بن(هەر له سەرەتاوه ستارباکس فرۆشگاکانی خۆی له شێوەی کەشێکی کۆمەڵایەتیی دەستکرددا خستەڕوو). گەر ئەمه بەس نییه و پێویستییه ئەخلاقییەکانتان تێر نەبووه، گەر هێشتاش نیگەرانن بۆ بەدبەختیی جیهانی سێیەم، ئەوا بەرهەمگەلێکی تر هەن که دەتوانن بیانکڕن. ئەو وەسفەشی که ستارباکس سەبارەت به بەرنامەی Ethos water (ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی ئاو) دەیخاته ڕوو ببینن:« Ethos water نیشانەیەکی بازرگانییه، که لەگەڵ وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیدا–یارمەتیدانی منالانی سەرانسەری جیهان تاکو دەستیان بگاته ئاوی پاکدا و ئاوڕدانەوەی زیاتر له قەیرانی جیهانیی ئاو». هەر کاتێک بوتڵێک Ethos water دەکڕن، ئەوا Ethos water پێنج سەنت دەخاته لاوه، تاکو بتوانێت 10 ملیۆن دۆلار تا ساڵی 2010 کۆبکاتەوه. Ethos water لەڕێگەی دامەزراوەی ستارباکسەوه پشتگیری له بەرنامه مرۆڤدۆستییەکانی ئاوگەیاندن دەکات بۆ ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین. تا ئەمڕۆ، بەرپرسیاریی دارایی Ethos water له 6٫2 ملیۆن دۆلار تێپەڕیوه. ئەم بەرنامانه یارمەتیمان دەدەن تاکو نزیکەی 420 هەزار کەس دەستیان بگاته ئاوی تەندروست، تەندروستی گشتی و فێربوونی تەندروستی».

ئەزموونه ڕەسەنەکان گرنگن. سەرمایەدار له ئاستی مەسرەفدا، بەم جۆره کەلەپوری 1968 تێهەڵکێشی خۆی دەکات. بەم جۆره ڕەخنەکردنی مەسرەفگەرایی لەخۆنامۆبوو ئاراسته دەکات. دوایین ڕیکلامی ئوتێل هیڵتۆن بانگەشەیەکی سادەی هەیه:«سەفەر، تەنیا له خاڵی «A»ـەوه نامانگەیەنێته خاڵی«B»، بەڵکو دەبێت مرۆڤێکی باشترمان لێ درووست بکات». ئایا دەتوانین خەیاڵی ئەوه بکەین که ده ساڵ پێش ئێستا ڕیکلامێکی لەم جۆره بوونی هەبوو؟ دوایین دەرکەوته و ڕواڵەتی زانستیی ئەم ڕۆحه نوێیەی

سەردەم، سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەیە دەربارەی بەختەوەری، بەڵام ئەوە چۆنە کە لەم سەردەمەی چێژگەرایی مەعنەوی و ڕۆحیدا، سەردەمێک کە ئامانجی ژیان بەپێی بەختەوەری پێناسە دەکرێت، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی گەیشتۆتە ئاستی تەقینەوە؟ نهێنیی ئەم خۆوێرانکردنەی بەختەوەری و چێژە کە پەیامەکەی فرۆید زیاد لە جاران ڕاست دەردەچێت و واقیعی دەردەکەوێت. ناتوانین ڕەسەنێتی و نیشانە بازرگانییەکان پێکەوە کۆ بکەینەوە-دەنگدانەوەی ڕەسەنێتی لە ژێر هەر ناونیشانێکی بازرگانیدا دەبیسترێت.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی شەرق-www. lacan. com

# ئایا ژن بوون هەیە؟

## خوێندنەوەی ژیژەک بۆ هاوکێشەی «ژن، رەگەز» لای واینینگەری لاکانی

بەفراو نوری

ئۆتۆ واینینگەر لە فەیلسوفە نەناسراوەکانە، یەکێکە لەوانەی ئەشێ بە نەناسراوە بایەخدارەکان ناوی بهێنین. تەمەنێکی کورتی بووە و ژمارەی بەرهەمەکانیشی کەمن. بیست و سێ ساڵ ژیاوە و لە ئۆکتوبەری 1903 دا، ژوورێک لە هەمان ئەو ماڵەدا بە کرێ دەگرێت، کە بیتهۆڤن لە نێویدا کۆچی کردووە و گولەیەک دەنێت بە دڵی خۆیەوە و کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت. لەگەڵ ئەو تەمەنە کەمەدا، واینینگەر بەهۆی بۆچوونی ناباو و لادەرەوە کاریگەری خۆی لای زۆرێک لە فەیلسوفە گەورەکان جێهێشتووە. یەکێک لە هاوڕێکانی فرۆید کە ناوی ویلیم ولیس بوو، فرۆید بەوە تاوانبار دەکات، ئێزەکانی واینینگەری دزیبێت. واینینگەر چەند ساڵێک بەر لە مردنی دەستنوسێکی خۆی لە ژێر ناوی «ڕەگەز و کەسایەتی»دا دەبات بۆ فرۆید، فرۆید بە کاراکتەری واینینگەر سەرسامییەکی زۆر نیشان دەدات، بەڵام توند و بێڕەحمانە بەردەبێتە بۆچونەکانی و ڕەخنەیان دەکات، بەوجۆرە واینینگەر تووشی خەمۆکییەکی زۆر دەبێت. واینینگەر بە دو شت ئەناسرێتەوە. یەکێکیان ڕق بوونێتی لە ژن، دووەمیش ڕق بوونێتی لە جولەکەکان. ئێزی (ژن بوونی نییە) کە وەک ئێزی لاکان لای هەموان چەسپیوە، لە بنچیەدا بۆچونی واینینگەرە. واینینگەر بۆچوونی وایە ژن تاکو زیاتر ژن بێت، لە ڕۆح دوورتر دەکەوێتەوە و لە جەستە نزیک دەبێتەوە. بنەمای ژنێتی لای واینینگەر جەستەی پەتییە، لە بەرامبەریشدا بنەمای پیاوەتیی ڕۆح و ئایدیاڵە

بەرزەکانە. مرۆڤ خۆی نە ژنی پەتی و نە پیاوی پەتی نییە، بەڵکو هەر کەسە و بە نیسبەتێک لە ژن بوون و پیاوبوون درووست بووە. ئەگەر ژن بوونمان زیاتر بێت، ئەوکات زۆرتر جەستە دەبین تا ڕۆح، ئەگەر پیاوبوون زۆرتر بێت لە رۆح نزیک دەبینەوە تا جەستە. ژن بە بۆچوونی واینینگەر لە دنیای ژیانی بڵندا بەشی نییە، هەر شتێک نیشانە بێت بۆ بوونێکی بەرز و میتافیزیک ئەوا بە (ژنی موتڵەق) حەرامە، چونکە ژن سەر بە جیهانی مادەگەراییە، مەملەکەتی ئەوان تەنیا سێکسوالێتییە. ڕەوشت بە شێوازی تێگەشتنی ژنانە تەنیا لە سنووری سێکسوالێتیدا دەوەستێ، ئەوە لە کاتێکدا بۆ پیاوان ڕەوشت مانایەکی بەرزتری هەیە و سێکسوالێتی هەر بەشێکی بچوکێتی. واینینگەر بەدەست ئەوەوە دەناڵێنێ کە کەلتوور و نووسین تا دێن زیاتر رەگەزی مێیانەیان بەسەردا زاڵدەبێت، بە بڕوای ئەو جولەکەکانیش لە جێی جەوهەرێکی پیاوانە، بوونێکی ژنانەن و سەر بە دنیای لەش و مادیاتن، نەوەک دنیای رۆح. بە بۆچوونی واینینگەر جوولەکە بۆئەوەی لە شتێکی مادییەوە ببن بە ئینسان، دەبێت بەسەر جوولەکە بوونی خۆیاندا سەربکەون و لە ناوەوە هەوڵی بوون بە شتێکی تر بدەن. واینینگەر دەڵێت کە حەزرەتی مەسیحیش جوولەکە بووە، بەڵام لە ڕێگای نەفیکردنی ڕەهای خۆیەوە بەسەر جوولەکە بوونی خۆیدا زاڵ بووە و بووە بە مرۆڤی بڵند و بەرجەستە. واینینگەر ژنیشی هەر بەو چاوە سەیر دەکرد، پیاو بە بڕوای ئەو کاتێک دەبووە پیاوی تەواو، کە خۆی لە ژنێتی پاککردەوە. واینینگەر لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە پەیوەندیی پیاو و ژن وەک پەیوەندی سوبێکت و ئۆبێکت وایە. ژن لای ئەو تەکامولی ژنێتی خۆی تەنیا لە ئۆبێکتبووندا دەبینێتەوە. دەیوت ژنان شمەکی پیاوەکانیان، یاخود شتی خزمەتکاری منداڵەکانیانن، ژنان خۆشیان لەو شتبوونە دێت و لەزەتی لێ وەردەگرن،

ڕەزامەندن و مەبەستیان نییە لە شتێک زیاتر بن. واینینگەر بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە ژن بسەلمێنێ، ئەگەڕێتەوە لای ئەفلاتون و ئەرستۆ. بۆ دیدی ئەفلاتون لەسەر هەبوون و نەبوون، لەگەڵ تێگەیشتنی ئەرستۆیی لەسەر مادەی بێ شێوە و مادەی شێوەدار. واینینگەر دەیوت ژن مادەیەکی بێ شێوەیە و پیاو هەڵگری روخسارە، ژن مادەی رووتە بەر لەوەی بوویێت بە شت، پێش ئەوەی رەنگێکی وەرگرتبێ. بەوەدا ژن خۆی ڕوخساری نییە، بە حەسرەتەوە روو لە پیاو ئەکات، تا سواڵی شێوەیەک بکات ئەو پێی ببەخشێ. واینینگەر دەڵێ ژن هیچ نییە، مادەیەکی ساف و پەتییە، شێوە و سوبێکتی نییە، نە ئایدیاڵ و نە ئامانجێک لەخۆی ناگرێ، باش و خراپی نییە، بە ڕەوشت و بێ رەوشت نییە، بەڵکو هەموو ئەم شتانە زەوقی نێرەکان بە ژنیان بەخشیوە. ژن هیچ نییە جگە لە دەستکارێکی نێران. ژنانیش بەوەدا کەموکورتیی شێوەیان هەیە، دەچنە بن سایەی پیاوان تا نارێکی و هەڵپژان و پشێوی خۆیان کۆبکەنەوە. بە بڕوای واینینگەر ژنان تەنیا خواستێک دەیانجوڵێنێت، ئەویش لە پیاو نزیک ببنەوە تا بەو ڕێیەدا لە (هیچی) بڕۆنە دەرێ. پیاو بە مانا موتڵەقەکەی وەک نیگاری خودایە، لە کاتێکدا ژن لە پیاودا بەشە پێچەوانەکەیە و نوێنەری عەدەمە. بەوەدا ژن سێکسوالێتی پەتییە، هەرچی پیاو زیاتر سێکسوالانە بڕوانێت، لە پیاوەتی دوردەکەوێتەوە. ژن جگە لە رەزامەندی پیاوو عەوداڵ بوونی سێکسوالانەی، ناتوانێ شتێکی تر بێت. پیاوەتی پەتی خۆ تەکان و خۆجیاکردنەوەیە لە ژنێتی، بە مانای دورکەوتنەوەی تەواوە لە سێکسوالێتی. واینینگەر قسە لەوە دەکات کە بەپێی یاساکانی ئەخلاق لای کانت، بەکارهێنانی مرۆڤ وەک کەرەستە کارێکی لە ئەخلاق بەدورە، بەڵام لە کاری سێکسیدا پیاوان ژنان وەک ئۆبێکتێکی ڕووت سەیر دەکەن، ژنان لەوێدا وەک مرۆڤ بوونیان

نامێنێ و شمەکێکی خالیس و بێ ماهیەتن. بۆیە کاری سێکسی گەر لە دیدی کانتەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، کارێکە لە نێوان سوبێکتێک و ئۆبێکتێکدا، نەوەک لە نێوان دوو ئادەمیزادا. لەو ڕووەوە واینینگەر ئەڵێ، ژنان و پیاوان بوونەوەری ئینسانی یەکسانن، ئەوەی ئۆبێکتێک لە ژن دروستدەکات خودی ژن بوونە، بەم تەرزەش، ژن بوون بەربەستی نێوان ژن و ئینسان بوونە، ژن دەبێت بەسەر ژن بوونی خۆیدا زاڵبێت و ببێت بە پیاو. پیاویش پێویستە ئەو نەفرەتەی لە نێرەژن هەیەتی بیمرێنێ، تا پیاو زیاتر عەوداڵی ژن بوونی ژن بێت، زۆرتر بەوە حوکمی دەدا، لە پلەی ئۆبێکت بووندا بمێنێتەوە. لای واینینگەر چارەنوسی شارستانییەتێک بەوەوە بەستراوە چەند دەست دەنێتە بینی ژنێتی و لە کەلتووردا دەیخنکێنێ. واینینگەر ئەیوت پیاوان لە عەشقدا وێنەیەکی رۆحی باڵا دەدەن بە ژن کە لە ژن خۆی ناچێ، بۆیە عاشقانیش ناتوانن دەستیان بە دڵداری خۆیاندا بگات و عەشق ئەبێ بە مەحاڵ، چونکە ئەو دڵدارەی دروستیانکردوە ژن نییە، نیاز و خەیاڵی خۆیانە و بەرگی ژنیان لە لەشی کردووە. پیاوی عاشق وائەزانێ لە پشت ژنەوە سیحرێک و شتێکی بەرز هەیە، بەڵام ئەوە نە دروستە، نە پەیوەندی بە ژنیشەوە هەیە.  پیاو، بۆیە بە حەقیقەتی ژن ناگات و بەردەوام دەڵێ ژن کەس تێیان ناگات، چونکە لە ژندا بۆ  وێنەیەک عەوداڵە کە هەر ئایدیاڵە بەرزەکانی خۆیەتی. بەو هۆیەوە پیاو دەستی بە ژندا ناگات. لەو دیو ژنەوە جگە لە خەیاڵات و وڕێنەی پیاو شتێکی تر دیار نییە بیبینین. ئەوەی بۆ ژن بگەڕێت، بەر هیچ دەکەوێت.

ژیژەک لەم (هیچە)وە دەڕوانێت. ژیژەک دەڵێت، هیچیەک واینینگەر بەری کەوتوە و دۆزیویێتیەوە، هیچی ژن نییە، بەڵکو (هیچی) خودی سوبێکتە. واینینگەر لە بری ئەوەی بڵێت سوبێکت بوونی نییە، سوبێکت

بۆشاییە، سوبێکت ئەو تاریکی و وەهمە نەگیراوەیە کە ئەشێ باسی لێ بکرێ، دەڵێ ژن بوونی نییە. لای ژیژەک ئێمە لەناو سیستمی رەمزیدا هەر دەست بەسەر جیهاندا لە رێگای سەمبول و زمانەوە ناگرین، بەڵکو بۆ سوبێکتیش شێوەیەک دەستنیشان دەکەین. سوبێکت بۆشاییە و لە نەزمی رەمزیدا روخساری دەدەینێ. هەوڵی ژیژەک لە تێزی خۆیدا جیاکردنەوەی ئەم دژە ژنییەی واینینگەرە لە بڕواکانی لاکان. لاکان پتر بە هۆی سەیرکردنییەوە بۆ نەست وەک زمان، ئەگات بەو دەرەنجامەی کە واینینگەر پێی گەیشتوە. هەر دووکیان لە واینینگەر و لاکان دەنووسن «ژن بوونی نییە»، بەڵام لە دوو ڕێگەی جیاوە. ژیژەک دەڵێ ئەم دوو بۆچونە یەک شت نین. بۆچونی لاکان بۆ ژن بەشێکە لە تێگەیشتنی ئەو بۆ سوبێکت و نیشانە. بە بۆچوونی ئەو، بەوەدا ژنی واقیعی خۆی دەستی بەسەردا ناگیرێت، ئەوی دەمێنێتەوە ژنی نیشانەیە، ژنێکە بەبێ ئەو سوبێکت شێوەی نابێ. گەر نیشانە یان زمان نەبن، سوبێکت خاڵییە. واینینگەر ئەیوت کە ژن لە دەستکردی پیاوە، بەڵام بە بۆچوونی ژیژەک شتەکە پێچەوانەیە، ژن وەک نیشانە، وەک بابەت بۆ ئارەزوو، دروستکەری سوبێکتی پیاوە. بەبێ ژن وەک نیشانەیەک کە شێوە و ئاڕاستە ئەبەخشی بە سوبێکت، پیاو بوونی نییە. ژیژەک پەیوەندیی ژنان و پیاوان بە سیستمی ڕەمزییەوە جیادەکاتەوە، ئەو کێشەکە دەباتەوە سەر ئەسڵەکەی لای لاکان، بۆ ژویسانس، ئەو خۆشیە موتڵەقەی کە تەنیا لەگەڵ ئۆبێکتێکی (ریال) دا بەدەستدێت، چێژێک کە پەیمانی یەکگرتنەوەی موتڵەقی سوبێکت و ئۆبێکتی ئارەزووی هەڵگرتووە، ئەم لەزەتە لە پیاواندا تەنیا بۆ یەک نێر ڕادەستبووە، ئەویش باوکێکە فرۆید لە چیرۆکێکی گریمانەیی ناو کتێبی تەو تەم و حەرامدا باسی لێوە کردووە. باوکی خێڵێکی دێرین، کە هەموو ژنەکان موڵکی خۆی بوون. ژویسانس لەزەتێکە بەر لەوەی جیهان

بەسەر واقیع و ڕەمزدا دابەش بێت، نموونەی جۆرە نموونەیەکی ساختەییە بۆ بوونی پیاوێک، کە ئەتوانێ ژویسانس بەدەستبهێنێت، بەڵام کاتێک کوڕان باوکیان دەکوژن لەگەڵیا یاسا و پەشیمانی و سوپەرئیگۆ دێنە دنیاوە، واتە یاسا و نەزمی ڕەمزی سەرهەڵدەدات. بە بڕوای ژیژەک نێرەکان دەچنە بن نەزمی ڕەمزییەوە، دەچنە ژێر قانونەکانی حەرام و قەدەغەکردن، بەڵام ژنان ناچنە خانەی جۆرە نەزمێکی وەهاوە، بە وتەی لاکان ژنان لە نەزمی رەمزی کە نەزمێکی نێرینەیە دەرکراون، وەڵامی ژن بۆ ئەم دۆخە، جۆرە وەڵامێکی هیستیرییە. کەسی هیستیریایی یاسای باوکی لاپەسەند نییە، بەردەوام دەپرسێت«ئەوی گەورە چیی لێم دەوێت». بەم مانایەش رەگەزێکە پەشێوی دروستدەکات و شتەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بە بروای لاکان جیاوازیی ژنان و پیاوان لەوەدایە، کە پیاوان لە ژێر یەک ناودا کۆدەبنەوە و شتێک کۆیان دەکاتەوە ئەویش فالوسە، فالۆس هێمای ناسینەوەی پیاوە، بەڵام ژن نیشانێکیان بۆ ناسینەوە نییە. لاکان کە لە «نەبوونی ژن» دەدوێت، باسی ئێزێکی مەنتیقی دەکات تا ئێزێکی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی، ژن بەو مانایە نییە کە هەموو ژنان لە ژێر یەک نیشانەدا کۆناکرێنەوە. دەمێک فرۆید بوون و نەبوونی فالۆس دەکات بە نیشانەی سەرەکی لە زمانی هەست و نەستدا، ڕەمزێک دەداتە پاڵ پیاوان کە ژنان لێی بێ بەشن. ژنان تەنیا بە شێوەی جۆراوجۆر دەتوانن هەبن، نەوەک بە مانای رەگەزێک کە نیشانەیەکیان هەیە بۆ ناونان و ناسینەوە. گەر پیاوان شتێکیان هەیە تێیدا بەشداربن ئەوا ژنان ئەو یەک رەنگیەیان نییە. کاتێک لاکان دەنوسێت کە ژن (نا کامڵە) مەبەستی ئەوە نییە ژنان کەم و نوقسان بن، بەڵکو مەبەستی نەبوونی شتێکە بتوانین بە هۆیەوە ژن بە تەواوی بخوێنینەوە، واتە ژن بوونێکی هەیە بەڕەمزی ناکرێت و لە (ریال)دا دەمێنێتەوە.  بەم مانایە

ژیژەک ئەڵێ ژن و پیاو دوو شتن لە نەزمی ریالدا،  پیاو لە رێگای شوناسی پیاوبوونەوە، لە رێگای فالۆسەوە هیچی سوبێکتی خۆی دەشارێتەوە و تێکەڵ بە نەزمی رەمزی دەبێت، بەڵام ژن ئەو کارە ناکات و وەک هەڕەشە لە دەرەوەی نەزمی ڕەمزی دەمێنێتەوە، بۆیە هەرکات هاتە ناو نەزمی ڕەمزییەوە، ئەوا سەراپای نەزمەکە ئەشێوێ و ئەدات بە یەکدا. لێرەدا کە لاکان ئەڵێ (پەیوەندی جنسی بوونی نییە) مەبەستێنی بڵێت هەوڵدان بۆ لابردنی جیاوازی ژن و پیاو، یەکگرتنەوەیان و یەک بوونیان شتێکی مەحاڵە، جنس هەوڵێکە بەردەوام  بە رەو روی شکست دەبێتەوە، چونکە دەیەوێت دوو شت پێکەوە بنوسێنێ کە کۆنابنەوە.

**سەرچاوەکان:**

1-لاکـان و عشق.ژان پل ریکور،مترجم :داریـوش برادری(نسخه الکترونیکی) درامدی بر نظریەهای فمنیستی،رزمری تانگ،مترجم:منیره نجم عراقی،نشر،تهران1391

2- اسـلاوی ژیژک،تونی مایرس،ترجمه:فتاح محمدی،نشر هزاره سوم،زنجان1389

3- ژاک لاکـان و نقد روان کـاوی معاصر،شیده احمدزاده،نشریه پژوهشنامه فرنگستان هنر،مرداد و شهریور 1386،شماره 4

# چۆمسکی یان ژیژەک؟

Greg Burris

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

جاک رانسیر دەڵێت: (ڕێکنەکەوتن، گفتوگۆ لەگەڵ کەسێک کە دەڵێت ڕەش و ئەویتر دەڵێت سپی نییە، بەڵکو کێشمەکێش لەگەڵ کەسێکدایە کە دەڵێت سپی و ئەوەیتریش دەڵێت سپی، بەڵام تێگەیشتنی هاوشێوەیان بۆی نییە).

چۆمسکی و ژیژەک لەگەڵ گفتوگۆ و مشتومڕە ڕۆشنبیرییەکان بێگانە نین. هەردووکیان لە گفتوگۆ و مشتومڕ لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتیەکاندا پشکیان هەیە، لە ئالن درشویتز تا میشێل فۆکۆ لەبارەی چۆمسکی و لە دەیڤد هورویتز تا ئەرنست لاکلاو لەبارەی ژیژەکەوە، بەڵام دواتر ئەم دوانە نیشانەیان لە یەکتر گرت. خاڵی سەرەکی مشتومڕی ئەم دوو بیرمەندە چی بوو؟

کێشمەکێشی ئەم دوانە دوای بڵاوبونەوەی بەشێک لە چاوپێکەوتنی چۆمسکی لە مانگی 2013/1 لە یوتیوب دەستیپێکرد. لەو چاوپێکەوتنەدا پرسیار لە چۆمسکی کرا، بۆچونی بەرامبەر بیرمەندانی وەک درێدا و لاکان و ژیژەک چیە؟ چومسکی کارەکانی ئەوانی بەپوچ داناو گاڵتەی پێکردن و شێوازەکانی ئەوانی لە بەرامبەر گوزارەکانی ئەزمونیەکانی بوارە جدیترەکانی وەک زانستی ورد دانا و وەک نموونەی توندڕەوی ئاماژەی بە ژیژەک کردووە و وتویەتی نابێت کاری ژیژەک بەراستی وەربگیرێت.

ئەم وتانەی چۆمسکی بە خێرایی لە ئینتەرنێتدا بڵاوبوونەوە و گفتوگۆی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا لێکەوتەوە. بۆ هەفتەی داهاتوو گرتەیەکی ڤیدیۆیی تر لە یوتیوب بڵاوبوەوە، ئەمەیان گرتەیەکی ژیژەک بوو، کە لە چاوپێکەوتنی لەندەنی وەرگیرابوو. ژیژەک دوای دەربڕینی ڕێزی بێکۆتایی بۆ چۆمسکی، رەخنەی لە شێوازی میتۆدی ئەزموونی چۆمسکی بۆ شیکاری سیاسی گرتوەو رایگەیاندوە کە هیچ کەسێک لە چۆمسکی زیاتر ناناسێت لەڕوی ئەزموونیەوە هەڵە بکات. دوای ئەوە ژیژەک ژمارەیەک لە تۆمەتە کۆنەکانی دژی چۆمسکی دوبارەکردەوە. نوسینە گفتوگۆئامێزەکانی چۆمسکی لە بارەی (خەمیری سور)ەوە پێشکەشکرد و رایگەیاند ئەمانە نیشانی دەدەن چۆن تەنها ئاقیکاری شیکاری بەشێوەیەکی ناچاری هیچ ئەنجامێکی نەبوو. کەواتە تۆمەتی سەرەکی ژیژەک دژی چۆمسکی ئەوەیە، کە ئەو بە تەواوی خۆی لە کاراییەکانی ئایدۆلۆژیا دوور دەخاتەوە.

دوای ئەم وتانە چۆمسکی و ژیژەک نامەی کراوەیان ئاراستەی یەکتر کرد. چۆمسکی بە توندی هەر هەڵەیەکی لە بەرهەمەکانیدا لەبارەی کامبوج رەتکردەوە و رایگەیاند لە ئەمڕۆوە ئەگەر جارێکیتر بڵاوبکرێنەوە پێشوازیان لێدەکات. لە درێژەی وتەکانیدا چۆمسکی دەڵێت (ژیژەک بە دوبارەکردنەوەی ئەم تۆمەتانە بە ئیشک خستنەسەر (قوربانیانی بەنرخ) دوژمنانی ویلایەتە یەکگرتوەکان، نەک (قوربانیانی بێ نرخ) هاوپەیمانانی (بۆنمونە تەیموری رۆژهەڵات) پڕوپاگەندەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان دوبارە دەکاتەوە.) لە بەرامبەر ئەم تۆمەتەی ژیژەک کە چۆمسکی ئایدۆلۆژیا لەبەرچاو ناگرێت، چۆمسکی جەختی کردەوە نەک ئایدۆلۆژیا دەناسێت، بەڵکو بەشی زۆری تەمەنی تەرخانکردوە بۆ روبەڕوو بونەوەی درۆ بونی ئایدۆلۆژیا.

لای خۆیەوە ژیـژەک بە وتنی ئـەوەی کە مەبەستی ئەوە نەبووە، کە چۆمسکی پشتیوانی کۆمەڵکوژی نەبوە، هەوڵیداوە وتەکانی لە بارەی (کامبوج) روونبکاتەوە. لەبارەی ئۆمەتی چۆمسکی کە پێیوابوە ژیژەک تەنها جەخت لەسەر (قوربانیانی بەنرخ) دەکاتەوە، نمونەی زۆری نوسینەکانی دێنێتەوە کە ئەویش باسی (قوربانیانی بێ نرخی) (تەیموری رۆژهەڵاتی) کردوە. لە درێژەدا ژیژەک هێرش دەکاتە سەر چۆمسکی و دەڵێت چۆمسکی بەڕاستی مەبەستی خۆی لە ئایدۆلۆژیا نادۆزێتەوە. ئەو دەڵێت چۆمسکی لە زەمینەی ناسینی ئایدۆلۆژیای خۆیدا ناکام دەبێت.

پێدەچێت ئەوانەی بەدواداچونیان بۆ ئەم کێشمەکێشە دەکرد، بە ئاشکرا دەچنە بەرەی ئەم یان ئەوەوە، وەفاداری بۆ چۆمسکی رادەگەیەنن یان پشتیوانی لە ژیژەک دەکەن و دەڵێن چۆمسکی لەو ئێناگات. لێرەدا بچوککردنەوەی ئەم دوو بیرمەندە بۆ کاریکاتێری نەزانی خۆیان و پڕوپاگەندەی ئەوەی کە بۆ چۆمسکی تەنها فاکتەکان گرنگن، لە کاتێکدا کە ژیژەک هیچ گرنگیەک بە فاکتەکان نادات، بیرکردنەوەیەکی سادەیە.

هیچیان ئەمجۆرە شیکاریە سادەیە بۆ هەڵوێستەکانیان پەسەند ناکەن، بەڵام بێگومان لەم گفتوگۆیەوە دەتوانرێت هێڵی روونی جیاکەرەوەی پرۆژە فکرییەکانی ئەم دوانە وێنا بکرێت. لە کاتێکدا کە چۆمسکی بە ئاسانی لەسەر روکاری پێدراوە ئەزمونییەکان کاردەکات و پشت بە تێگەیشتنی دەوروبەری لەسەر بنەمای راستییەکان دەبەستێت، بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر نەیارانی، ژیژەک زیاتر سەرقاڵی ئەو شێوازانەیە، کە هاوڵاتیان لەم راستیانە بەشێوەی یاسا و رێسا روکارەکان تێدەگەن، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتنیان لە جیهان دابنێت، لەبەرئەوە ئەگەر جەختکردنەوەی چۆمسکی لەسەر فاکتەکانە، سەرقاڵی ژیژەک چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایە، بۆ ئەوەی شیکردنەوەکانیان رەنگ بکات.

خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەم دوو پێگەیە وەک ئەوەی لە سەرەتاوە بەرچاو دەکەوێت، روبەڕوبونەوەی بەرچاویان لەگەڵ یەکتردا نییە. ئەوەی لێرەدا هەیە شتێک نییە چارەسەری نەبێت، بەڵکو بابەتێکە بە تێڕوانینی جیاواز. وتەکانی چۆمسکی و ژیژەک لەیەک شوێنەوە نین. ئەوان لە ئاستی جیاوازی کێشمەکێشەوە کاردەکەن و پێموایە هەردویان گرنگن و بۆ شەڕی سیاسی پێویستن.

چۆمسکی ناوبانگی خۆی وەک ناڕازیەکی سیاسی بەهۆی ئاگاداری لە راستیەکان بونیات ناوە. نوسینەکانی ئەو چەکی بەهێز لە پێدراوە تاقیکراوەکان دروستدەکەن. لە کاتێکدا کە گومان لـەوەدا نییە چۆمسکی بوونی ئایدۆلۆژیا بە ڕەسمی دەناسێت، ئەمە بەردەوام ئایدۆلۆژیای نەیارەکانییەتی. پڕوپاگەندەی حکومەتەکان، یەک ئاڕاستە بوونی راگەیاندنەکان، هەڵوێست وەگرتنی نیمچە رۆشنبیرەکان. بۆ چۆمسکی ئایدۆلۆژیا ماسکێکە بۆ نادادپەروەری. ئایدۆلۆژیا ماسکی ئازادی بۆ ئازاد نەبون دەبەستێت، بۆ شەڕ ماسکی ئاشتی، بۆ ئیمپریالیزم ماسکی مرۆڤدۆستی و وەک ئەوە.

لەکاتێکدا کە بێگومان نابێت بە هەڵە چۆمسکی بە مارکسی ناوببرێت، تێڕوانینی ئەو بۆ ئایدۆلۆژیا هاوشێوەی واتای مارکسیستی بە ئاگابوونێکی درۆینەیە، ئەو ئایدیایەی کە پڕوپاگەندەی دەسەڵاتداران هاوڵاتیانی فریو داوە، ئەگەر بخوازن بزانن بەراستی جیهان چیە، پێویستە لەم خەوو هاوشێوە بوونە بەئاگا بێنەوە. وەک ئەوەی چۆمسکی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ((هاوڵاتیانی کۆمەڵگە دیموکراتیکەکان بۆ پاراستنی خۆیان لە دەستکاری و کۆنترۆڵکردن پێویستە جووڵانەوەی فکری بەرگری لە خود درووست بکەن)). دیدی چۆمسکی دەرخەری جیاکاری دوانەیی جیهان بۆ سنوری راستی و سنوری ئەفسانەیە. لێرەدا پێویستە مۆدێلی چۆمسکی لە

بارەی پڕوپاگەندەی کاریگەر بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاگەیاندنەکان بیر بخەینەوە، یان لێکۆڵینەوەی ئەو لە بارەی ناڕازیانی تی پارتی وەک ئەو خەڵکە وایە کە (وانەی ڕق و کینە لە حکومەتەوە بە ئەوان دراوە)، لەبەرئەوە چۆمسکی جێگەی هەڵوێستی خۆی لە دەرەوەی ئایدۆلۆژیادا دەکاتەوە.

ئەگەر چۆمسکی لەرووی ڕاستیەکانەوە دەدوێت، ژیژەک سەرقاڵی چوارچێوە ئایدۆلۆژییەکانی لێکدانەوەی ئەوانە. گرنگتر لەوە ڕەخنەگران چەندین جار هەوڵیانداوە بە خستنەڕووی فاکتە هەڵەکان، لە پێگەی ئەو بدەن، بەڵام لە کاتێکدا کە هەمو هەڵەیەک لە پلەی تاقیکاریدا بە دڵنیاییەوە جێگەی شەرمەزاریە، ڕۆڵی ژیژەک تەنها لە ئاستی ڕاستەقینە و فاکتەکاندا نامێنێتەوە، یان کورتناکرێتەوە. بۆ ژیژەک هەروەکو سەرجەم تیۆریستان ،هیچ کاتێک فاکتەکان بە تەنهایی ناتوانن بدوێن. هێزە نادیارەکان بەردەوام ئەوان بەناو خۆیاندا تێدەپەڕن و دەبنە میدیۆم و ناوەندیان. ئەگەر تێڕوانینی چۆمسکی دەڵێت ئێمە لەڕێگەی ڕاستیەکانەوە لەگەڵ ئەفسانە شەڕ دەکەین، ژیژەک توانای ئەمجۆرە جیاوازیە بنەڕەتیەی نێوان ئەم دوانە ڕەتدەکاتەوە. ئامانجی ئەو هەڵاتن لە سەرجەم ئایدۆلۆژیاکان نییە، بەڵکو خستنەڕووی کەلێنەکان و خاڵی شکستیانە.

لەبەرئەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە چۆمسکی بەو ئاسانییە لە بارەی بابەتی (خەمیری سور) بەسەر ژیژەکدا سەردەکەوێت. ئەوە سنوری پێدراوە ئەزمونییەکانی چۆمسکیە، کە کاتێک ژیژەک توانای چونەناو ئەوێی دەبێت، بێئاگایی ئەو دەردەخات. لەم بوارەدا ڕای ژیژەک لەو بارەیەوە ئەوەیە، کە چۆمسکی لەرووی ئەزمونییەوە هەڵەیە و وەک وروژاندنی منداڵانەیە نابێت بەراست وەربگیرێت. ئەوەی ڕەخنەی ژیژەک ناتوانێت پەی پێببات ئەوەیە، کە چۆن بە خێرایی بارودۆخەکان دەگۆڕێن.

لەبەرئەوە جیاوازی بیروڕای نێوان چۆمسکی و ژیژەک بە ئاسانی لەناو ناچێت و چارەسەر نابێت. ئەم پرسیارە شتێک نییە کە لایەنێک ڕاست و لایەنەکەیتر هەڵە بێت. ئەمە بابەتی دوو بیرمەند کە لە ئاستی جیاوازی روتەڵدا کار دەکەن، لەکاتێکدا کە کاری چۆمسکی لە پلەی راستەقینەدا بە باشترین شێوە کاردەکات، ژیژەک لە پلەی تیۆریدا سەرکەوتوترە.

بێگومان چۆمسکی یەکێکە لە چاودێرە سیاسیە وردبینەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گونجاو گیرۆدەی کاروباری زەمینەسازی ئایدۆلۆژیک نابێت و لەوانەیە بکەوێتە داوێکەوە کە خۆی نیشانی داوە و هەمان ئەو هەڵەیە بکات کە نەیارانی خۆی پێ تاوانبار دەکات. ئەو مەترسیەی رووبەڕووی ژیژەک دەبێتەوە، کەم تا زۆرێک جیاوازە. کاتێک لە کارەکانیدا راستیەکان لەبەرچاو ناگرێت، گیرۆدەی ئەو گریمانەیە دەبێت کە چۆمسکی دەیڵێت: کاری بنەما و جوڵەنی بۆش، بەڵام لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی ژیژەک کاتێک پشت بەستو بن بە پێدراوە پتەوە ئەزمونییەکان، لە راستیدا دەتوانێت ئیلهام بەخش بێت. لەمڕووەوەیە کە وشەکان بەو شێوەیە وروژێنەرن، نەک تەنها لە ژمارەیەک زانکۆ، بەڵکو لەنێوان زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان کە لە شوێنەکانی وەک پارکی زاکوتی لە نیویۆرک تا مەیدانی تەقسیمی تورکیا رووبەڕووی راستیەکان دەبنەوە. لەم گۆشەنیگایەوە ئەم دوو بیرمەندە لە یەکتر جیاواز نین. لەگەڵ مشتومڕەکانیان پرۆژە فکرییەکانی ئەوان دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرهەمهێنەرانە یەکگرتوو بن.

بۆ ئەوەی دەریبخەین کە چۆن چۆمسکی و ژیژەک لەگەڵ جیاوازییەکانیان، دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن دەتوانین ئاماژە بە ئەمە بکەین: ئاشکراکردنی شێوازی سیخوڕی دەزگاری ئاسایشی نەتەوەیە ئەمریکا لەلایەن ئیدوارد سنودنەوە. ئاشکراکردنەکانی سنودن تا ئێستا سەرجەمی چوارچێوەی

لێکۆڵینەوەکەی گۆڕیوە. لێرەدا باس لە راستیەکان دەکەین، گرنگی پێدراوە ئەزمونییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی سائێکی هاوچەرخ. ئەم راستیانە لە پانتایی گشتیدا حکومەتی ناچار کرد بەرگری بکات. دەسەڵات بەخێرایی دەتوانێت پێدراوی نوێ بۆ ئامانجەکانی خۆی ئامادە بکات. هەروەکو (هێربێرت مارکوزە) لە مرۆڤی تاک ڕەهەند جەختندەکاتەوە (دۆخی ئێستا دەتوانێت ئەوەی لە سەرەتادا وەک روخێنەر بەرچاو دەکەوێت بە خێرایی وەک بەشێکی شێوازی خواردنی تەندروست دابنرێت))، لەبەرئەوە زۆربەی بەرپرسەکانی حکومەت ئیتر لە بارەی ناوەڕۆکی سەلماندنی پڕوپاگەندەکانی سنودنەوە قسە ناکەن، بەڵکو لەژێر ناوی شەڕ دژی تیرۆر پاساوییان بۆ دێننەوە. لەم شێوازەدا شوێنی رووبەڕوبوونەوە لە یاریگایەکەوە بۆ یاریگایەکیتر دەگۆڕێت، لە سنوری راستی جێگەی مشتومڕەوە بۆ سنوری ئەو شیکارییانەی جێگەی مشتومڕن.

لە زەمینەی رسوایی سیخوڕی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا چۆمسکی و ژیژەک تێڕوانینی زۆر جیاوازیان پێشکەشی ئێمە کردووە و هەردوکیان یارمەتی رەخنەی چەپگەراییان داوە. بۆ چۆمسکی ڕێڕەوەکە روونـە. ئەو بەرامبەر ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانە لە بارەی دەوڵەتی چاودێریکارەوە دەتوانێت دووبارە گیرۆدەی لێکۆڵینەوە لە پێدراوەکان بێت. وتەی سیاسەتمەداران لە بارەی ئازادیەوە دەخاتە تەنیشت کارە نهێنیەکانیان و بەمشێوەیە دوو روییان دەردەخات. لەراستیدا چۆمسکی مامۆستای ئەمجۆرە هەڵێنجانەیە و بە جوانی لە کتێبی (هەژمونیەت یان مانەوە)دا وتە دیموکراتییەکانی ڕژێمی جۆرج بوشی خستە بەرامبەر کارە نادیموکراتیەکانی، هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە چالاکی سیخوڕی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی لادان نییە، بەڵکو بەردەوامی سیاسەتەکانی رابوردووە.

لەلایەکی ترەوە ژیژەک دەتوانێت لە چەند رویەکەوە بەرەو پێش هەنگاو بنێت. ئەو دەتوانێت نیشانی بدات، کە چۆن ئامڕازی توڕەیی لە چالاکییەکانی ئەم دەزگا سیخوڕیە، دەتوانێت لە کردارەدا بە شێوەیەکی بێ کردار سودی لێوەربگیرێت و جێگرتنەوەی بەرەنگاری سیاسی واتا بەدەست بێنێت. زۆرباشە ئێمە دەزانین چی دەکەین، بەڵام هەر دەستی لێدەدەین، دەزانین دەوڵەتەکەمان سیخوڕیمان بەسەرەوە دەکات، بەڵام ئێمە پشتیوانی لێدەکەین، هەروەها ژیژەک دەتوانێت لەم شێوازی سیخوڕی کردنانە بڕوانێت، کە لە کۆتاییدا چۆن دەبێنە شێوەیەک بۆ بوونە ئامانج، چۆن بوونی تۆماس دریک و برادلی مینینگ و ئیدوارد سنودن و کەسانێتر نیشانی دەدەن کە تەکنەلۆژیای سیخوڕی و ئایدۆلۆژیا ئاسایشییەکان، هیچ کاتێک گرەنتی نین بۆ بە تەواوی کۆنترۆڵکردنی خەڵک. وەک ئەوەی چەندین جار ژیژەک جەختی کردوەتەوە کە کردنە ئامانج و مەبەست شکست دەخوات.

گرنگ ئەوەیە هیچ یەکێک لەم دوو تێڕوانینانە بەلاڕێدا بردن نین. هەر دوو ڕێگاکە بەرهەمهێنن بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان. لە راستیدا بەرەنگاریە سیاسیەکان، هیچ کاتێک لە شوێنێکی دوور و لە پلەیەکی روتەڵدا روو نادەن، بەڵکو پێدەچێت لە هەمو شوێنێک و هاوکات لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا روو بدەن، لەبەرئەوە بێبەشکردنی خۆمان لە بەدەستهێنانی ئەو بەشە گرنگەی کە ژیژەک و چۆمسکی هەیانە وەک کەمئەندام بونە بەدەستی خۆمان و نموونەیەکە بۆ ئازاردانی خۆمان،

شیکاریە سیاسییەکانی چۆمسکی و لێکۆڵینەوەکانی ژیژەک لە بارەی کارایی ئایدۆلۆژیا هەردوکیان دەتوانن سودبەخش بن. لەبەرئەوە جیاوازی بیروبۆچوون لەنێوان ئەم دوو کەسایەتیەدا، جیاوازی بیروڕا نییە و هەڵبژاردنی یەکێک لە نێوان ئەم دوانەدا هەڵەیە.

بۆچی یەکێکیان هەڵبژێرین، لە کاتێکدا کە بەئاسانی دەتوانین سوود لە هەردوکیان وەربگرین؟

- لەبارەی نوسەری ئەم بابەتەوە:

ـ گریگ بوریس لە سانتاباربارا لە کالیفۆرنیا ژیان بەسەردەباث و سەرقاڵی بەدەستهێنانی دکتۆرایە و لە زۆر بڵاوکراوەدا نوسینەکانی بڵاودەکاتەوە.

**سەرچاوە:**

http://anthropology.ir/node/19326

# ژیژەک و نیگایەکی کورت

ئا: وەلید

به دەربڕینە هیگڵییەکە، ژیژەک دەرخـەرو زمانی ڕۆحی زەمانەیە، لە گفتوگۆیەکی ئەم دواییەدا لێی دەپرسن: گەر هیگڵ زیندوو بووایە، چۆن سەیری ناوبانگی تۆی دەکرد؟ ئەویش دەڵێت: «پێموانییە کێشەیەکی هەبووایە لەگەڵ ئەمەدا، وابزانم لە کۆتایی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحدایە، کە دەڵێت ئەگەر وەک فەیلەسوفێک دەرخەری ڕۆحی زەمانە بیت، ئەوا ئەمە ناوبانگت پێدەبەخشێت، تەنانەت گەر خەڵکیش لێت تێنەگات. خەڵک هەر تا ڕادەیەک لە ناوبانگ تێدەگەن. ئەمە پرسیارێکی دیالەکتیکیی قەشەنگە: خەڵکی چ هەستێکیان هەیە بەرامبەر بە ناوبانگ؟». ناوبانگ جۆرێکە لە بەدحاڵیبوون. یان دەکرێت بەپێی دەستەواژەیەکی خۆی بڵێین، هەمیشە دەگەڕێنەوە بۆ ئایندە: گەڕانەوە بۆ ئایندە!

ژیژەک لە گەڕانەوەیەکی بەردەوامدایە، بۆ فیکری لاکان و هیگڵ و مارکس، بە دەربڕینێکی تر، ئەو سیستەمە زاراوەییەی کە بە کاری دەهێنێت تێکەڵەیەکە لەو سیانە. لە دەرونشیکاریی لاکانەوە بۆ فەلەسەفەی هیگڵ و دیوە سیاسی و ڕەخنەییەکەی مارکس. گەڕانەوەکانی تریشی جێی سەرنجن بۆ کانت و لینین و مەسیحیەت و هیچکۆک و کیشلۆفسکی و... هتد

هیچ شتێک لە دیدی ژیژەکەوە چکۆلە و پەراوێز نییە، ڕەنگە بتوانین بڵێین هەموو شتێک پەیوەندیی بە هەموو شتێکەوە هەیە، هەر شتێک لەناو گشت «کل»دا ڕۆڵی خۆی هەیە: دیزاینی کاسەی تەوالێتەکان تەعبیرن

لەوەی کە سەردەمی ئایدۆلۆژیا کۆتایی نەهاتووە هەر تەواڵێنێکی فەڕەنسی و ئەمریکی و ئینگلیزی گوزارشتە لە جۆرە مێژوویەک و جۆرە جیهانبینییەک. دەکرێت ئەمە بە خوێندنەوەیەکی «ماتریاڵیستی» بزانین، ئەوەی کە لە جیاتی»گشت»، «بەش» وەردەگرین و گشتی پێ دەپشکنین. ئەمە بە پێچەوانەی خوێندنەوەی ئایدیالیستییەوە کە هەموو بەشـەکان پێکەوە لە ئایدیایەک و لە»گشت»ێکدا کۆدەکاتەوە.

سەرەتا نەیدەزانی بۆ دەبێتە فەیلەسوف، شکستی خواردبوو، پتر حەزی لە سینەما بوو، بەڵام دواتر بە تەفسیری سینەمایی هەوڵی قەرەبووکردنەوەی دەدات. سەبارەت بەوەی کە چ تێگەیشتنێکی بۆ ئامانجی فەلسەفە و ڕۆڵی فەیلەسوف هەبووە دەڵێت: «بڕواناکەم هیچ وێنایەکی ڕوونم بۆ فەلسەفە هەبووبێت، یان بە دەربڕینە لاکانییەکە-شتێک لە مندا و زیاد لە خۆم بوو کە بڕیاریدەدا». لە نزیکەی 15 ساڵیدا دەستدەکات بە خوێندنەوەی دەقە ستانداردە کلاسیکییە مارکسییەکان. پێش دکتۆرای یەکەمی کە دەربارەی هایدگەرە، لە 22 ساڵیدا یەکەم کتێبی خۆی بڵاودەکاتەوە، بەڵام کتێبێک کە خۆی واتەنی، ناونیشانێکی زۆر شەرمەزارکەری هەیە: ئازاری جیاوازی. وەستانی لەسەر هایدگەر لە سەرەتاوە، دەگەڕێنێتەوە بۆ هایدگەر لە پەیوەندیدایە لەگەڵمان، بەو مانایەی کە فۆکۆ وتبووی کۆی فەلسەفە دژە ئەفلاتونییە، واتە بایەخی فەیلەسوفێک هێندە زیاد دەبێت کە دژی خۆی دەبێتەوە. وەک هیگڵ لە سەدەی نۆزدە و هایدگەر لە سەدەی بیستدا.

ژیژەک هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ دەروونشیکاریی لاکان. لاکان یەکێکە لە دەروونشیکار و بیریارە ئاڵۆزەکان. «لاپەڕەیەک لە لاکان دەخوێنیتەوە کە هیچی لێ تێناگەیت، دواتر قسە لەگەڵ ئەودائالان میلەر-دەکەیت و نەک هەر تێی دەگەیت، بەڵکو زۆر ڕوونیش دێتە بەرچاوتان و بەخۆتان

دەڵێن: ئای خوایە، چۆن لە بابەتێکی وەها ڕوون تێمەگەیشتم. بۆیە پێویستە ئەوە بڵێم کە لاکانی من، هەمان ئەو لاکانەی میلەرە–ل57». چەمکەکانی وەک(ئۆبێکتی بچوکی a، ئەوی تری گەورە، ڕیاڵ، ژویسانس، خاڵی داکوتان و هتد) لەو چەمکە لاکانییە بەردەوامانەن کە ژیژەک ئیشیان پێدەکات. یەکێتییەکی پچڕاوی ناوەکیی هەیە لەنێوان ئەم چەمکانەدا. بۆ نمونە هەریەکەیان مامەڵە لەگەڵ زیادە و پاشماوە و چاڵ و خزاندا دەکەن. لەم چەمکە لاکانییانەوە لە بەهای شتە»زیادە»کان تێدەگەین. زیادە لە فیکری لاکاندا، ئەو توخمەی ناو شتەکانە کە بەردەوامی بە شتەکە دەدات. ڕەنگە ئەم زیادەیە هەر بوونی نەبێت و ڕەنگە گەر هەشبێت شتێکی ڕیسوا و بێبایەخ بێت. بۆ نمونە، سەبارەت بە چەمکی «ئۆبێکتی بچوکی a»: ئەم ئۆبێکتە برینییە لە بابەتەی کە ئارەزوومان بەردەوام بێت، بەبێ ئەم ئۆبێکتە پرۆسەی ئارەزووکردن دەوەستێت، بۆیە نابێت بگەینە ئەم ئۆبێکتە، گرنگ ئەوەیە هەیە و هەبوونەکەشی جۆرێکە لە ونبوون. ونبووە پێش ئەوەی بوونی هەبووبێت. مرۆڤ یان سوبێکت هەمیشە بەدوای ئەم ونبوەدا دەگەڕێت. ئەم ئۆبێکتە جۆرێکە لە زیادەی گرنگ، بۆ نموونە ژیژەک باس لە بۆچوونی ئێمە دەکات سەبارەت بە مەعشوقەکانمان. ئێمە دەڵێین، مەعشوقەکەمم زۆر بەدڵە، بەس خۆزگە دەنگی بەو جۆرە نەبووایە، یان فڵان شێوەی بە جۆرێکی تر بوایە، واتە خاڵێکی نەخوازراو لە مەعشوقدا هەیە و جێی ڕەزامەندیی ئێمە نییە. ژیژەک پێیوایە ئەم خاڵەیە وادەکات کە ئێمە تەحەمولی مەعشوق بکەین و وەک مەعشوق قبوڵی بکەین.

ژیژەک سەبارەت بە نوسین دەڵێت «ڕقم لە نوسینە. زۆر بێزارم لە نووسین–نازانن چەندە. کاتێک دەگەمە کۆتایی کارێک، وادێتە بەرچاوم کە بەڕاستی نەمتوانیوە ئەو شتە بڵێم کە دەمویست. دەبێت دەست بە کارێکی

نویَ بکەم-ئەمە کابوسێکی تەواوە بۆ خۆی، بەڵام لەڕاستیدا شێوازی نوسینی من لەسەر جۆرە هونەرێکی وەسواسیی خۆدوورگرتن لە کردەی نوسین بەندە. من هیچکات بەو تێڕوانینەوە شتێک نانوسم کە بڕیارە بینوسم...- لەگەڵ گلین دالی ل69».

تۆنی مایەرز پێیوایە کە ژیـژەک بە میتۆدی دیالەکتیکی هیگڵی کاردەکات..پێچ لێدانە زەینییەکان دەبینێت و دەخوێنێتەوە. سیفەتی دیالەکتیکیش ئەوەیە کە لۆچەکانی زەین ئوتو دەکات، ئەوەی بە حەماقەتی ئێمەدا تێدەپەڕێت، دەیوەستێنێت و دەیهێنێتە سەرەوە. نموونەی ئەم جۆرە ئیشکردنە لای ژیژەک زۆرە. بە دیوێکی تردا دیالەکتیکی ناو نەست دەخاتەگەڕ. ئەوەی نەست دەیڵێت دەشێت یەکێک لە لۆچەکانی زەین بێت، کەمتر یان زیاتر. یان بەمانا لاکانییەکە نەست دێتەدەرەوە و لەناو یاسا و زمان و هەڵسوکەوتەکانماندا خۆی پیشاندەدات. بە دەربڕینێکی تر، ناوەوە دێتە دەرەوە. ڕەنگە هەر ئەمەش جیاوازییەکی گرنگیی نێوان دەروونناسی و دەرونشیکاری بێت. لە دەروونناسیدا هەست و ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەناوەوە ئیشی خۆیان دەکەن، بەڵام لە دەرونشیکاریدا لەوە تێدەگەین کە دەکرێت مرۆڤ ناوەوە و هەست و ئیمانی خۆی بنێرێت بۆ دەرەوە، بۆ ناو ئەوانی تر، بۆسەر دەزگا و شمەکەکانی دەرەوە. ڕەنگە پێکەنینی تۆمارکراوی تیڤییەکان نموونەیەکی باشبن بۆ ئەوەی کە شتێک لە دەرەوەوە هەیە و هەستەکانی ئێمە ئەزمون دەکات و لەجێی ئێمە پێدەکەنێت، یان دۆعای تبتیەکان کە پارچەیەک کاغەزی دۆعا دەخەنە ناو خلۆکەیەکەوە و لە دەرەوەی خۆیانەوە دەیسوڕێننەوە.

نموونەیەک بۆ یەکەمیان: لە بەشێکی کتێبی «سوبێکتی ختوکاوی»دا باس لە بانگەشەی دونیای بێ ژن و بێ کرێکار دەکات. ژیژەک دەرهەق

بەو کەسانەی کە خۆیان بە ڕادیکاڵ دەزانن و دەڵێن، دەبێت دونیایەکی بێ سەرمایەدار درووستببێت وەک لای کرێکارەکان هەیە، یان دونیایەکی بێ پیاو درووستببێت وەک لای فیمینیستەکان هەیە، دەڵێت کێشەی ئەمانە ئەوەیە، کە نەیانتوانیوە زۆر ڕادیکاڵ بن. بۆ نمونە ئەمانە ئەو (ناوەند) ـەیان فەرامۆشکردووە کە تۆ دەکات بە کرێکار یان ژن، بە مانایەکی تر گەر سەرمایەدار نەبێت تۆ چۆن دەتوانیت ببیت بە کرێکار و گەر پیاویش نەبێت چۆن توانیوتە ژن بیت.

بۆ دووەمیش، کاتێک بە مەعشوقەکەم دەڵێم: چاوت دەرچێت من دونیایەک خۆشم دەوێیت، تۆش کەیفی خۆتە. ئەمە هاوکات هەڵگری وەلامی مەعشوقیشە. بۆ؟ چونکە ناڕاستەوخۆ پێموتووە من گەر هێندە تۆم خۆش بوێت، خوا دەتگرێت تۆش هێندە منت خۆشنەوێت!. ئەمە بەکارهێنانی دوو دەربڕینە لە یەک دەربڕینی دوو سەرەوە.

ژیژەک بۆچی نوکتە دەگێڕێتەوە؟ چونکە نوکتە دەگێڕێتەوە. ئەمە بابەتیترین وەڵامە بۆ ئەو پرسیارە، چونکە پرسیارەکە لە بنەڕەتەوە دەیەوێت کارکرد و ئەنجامێکی وا بداتە بە دەستەوە. بە مانایەکی تر، پرسیارەکە نایەوێت وەڵامێک جێبهێڵێت، کە زەینی خوێنەر بۆ لای ڕەگەزگەلی ئایدۆلۆژی و سوکەڵە بڕوات، تەنانەت ژیژەک خۆی زۆر قەشەنگ ئەم خاڵە دەگەیەنێت. دەڵێت: کاتێک خاڵێک یان مەسەلەیەک لە ڕێگەی تەوس و تەنزەوە دەخرێتە ڕوو، کاریگەری لە سەر بەرامبەر و خوێنەر و دوێنەر دادەنێت، چونکە لەو ساتەوەختەدا کارکردی ئایدۆلۆژییانە و گاڵتەجاڕیی (سینیزم) دەرباری مەسەلەکە دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی، واتە لەڕێگەی نوکتەوە، گاڵتەجاڕییە لاوەکییەکان نەفی و پاسیڤ دەکرێت. جگە لەمەش، بۆشایی و کەم و زیادییەک هەیە لەنێوان نوکتە و بابەتەکەی، یان ئەوەی

ژیژەک دەیڵێت: نموونە و بابەتەکەی. هۆیەکی تریش ئەوەیە کە خۆی باسی دەکات:«لایەنێکی تری ئارەزووی من بۆ نموونە ئەوەیە، کە دەمەوێت تاسە و ئارەزووی زیادەڕۆیانەی خۆم دەرهەق بە نمونە خۆشەویستەکانم بچەپێنم. کێشەکە ئەوەیە، بێگومان من جۆرە خەسڵەتێکی»سوپەرئیگۆیی»م هەیە-سوپەرئیگۆیەکی بنەڕەتی، کە هەر چێژێکی ڕاستەوخۆ قەدەغەیە بۆی...بۆنمونە، ناتوانم ڕاستەوخۆ چێژ لە فیلمێکی پۆلیسیی باش وەربگرم، تەنیا ئەو کاتە چێژوەردەگرم کە بتوانم بڵێم: ئۆکەی، ڕەنگە بتوانم سود لەم فیلمە ببینم وەک نمونە-هەمان، ل71».

زۆرجار بەر نوکتە و نمونەی دووبارە و چەندبارە دەکەوین لە نوسینەکانی ژیژەکدا، بەڵام خۆی لە گفتوگۆیەکدا وەڵامی ئەمەدەداتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەر جارە و تەفسیرێکی جیاوازی ئەو نمونانە دەکات، واتە لای ژیژەک هەر نمونەیەک شتێکی زیاتری لە خۆیدا هەڵگرتووە و دەکرێت بۆ زیاد لە وێستگە و شوێنێک بەکاربهێنرێت: نمونە هەمیشە زیادەیەکی لەگەڵدایە. نمونە شتێکی سادە و وێنەیی نییە کە تیۆریچک و تێزێکی پێ پیشان بدەین. نموونە ڕیشەیەکی قووڵی فەلسەفیی هەیە و بەشێکی سادە و ساکار نییە لە تێزێک. ژیژەک لە مشتومڕێکدا لەگەڵ فەیلەسوفی ئەرجەنتینی لاکلاو-دا دەڵێت«کەسی ماتریاڵیست ئەو ئینتیمایەی هەیە کە نمونەیەک چەندبارە بکاتەوە و هەمیشە بە قەلەق و وەسواسەوە بگەڕێتەوە سەر هەمان نموونە-لە ستایشی پۆپۆلیزمدا-ل229»،تەنانەت باس لە نموونە دەکات لە ڕوانینی ئەفلاتونیدا«لە ڕوانینی ئەفلاتونیدا نمونەکان هەمیشە نوقسانن، هیچکات نابنە پیشاندەری شتەکەی خۆیان، بۆیە دەبێت وریا بین کە نموونەکان زۆر بە ڕاستنوێن نەزانین، ئەمە لە کاتێکدا بۆ کەسێکی ماتریاڵیست هەمیشە لە نموونەدا شتێکی زیاتر لە شتەکەی خۆی هەیە. بە

دەربڕینێکی تر، نموونە هەمیشە شتەکەی خۆی تووشی ئاوەژووبوونەوە دەکات...–ه.ل». بە پێچەوانەی ماتریالیزمەوە«میتۆدی ئایدیالیستی، هەمیشە ژمارەیەکی زۆر نموونەی دەوێت، چونکە هیچ تاکە نمونەیەک کافی نییە، دەبێت نمونەی زۆرتر درووستبکرێن بۆ پیشاندانی بەهای ترانسێندێنتاڵی ئەو ئایدیایەی، کە دەهێنرێنەوە، ئەو ئایدیایەی کە خاڵی نەگۆڕی گەڕانەوەی نموونە پەرش و خزەکانە– ه.ل».

دیالەکتیکی هیگڵی لە زۆر شوێنی نوسینەکانی ژیژەکدا ئامادەیە، واتە کاریگەریی هیگڵ لەسەر ژیژەک کاریگەرییەکی میتۆدۆلۆژییە. لەو جۆرە کاریگەرییە سست و پاسیڤانە نییە، کە هیگڵ وەک کۆپی و مردوویەک دەربکەوێت، لە ڕاستیدا زۆر کاریگەری هەن کە ناکارا و سستن. نوسەرێک دێنن و وەک خۆی و بە ڕووخساری مردووەوە لە خۆیاندا کۆپی دەکەنەوە. هیگڵ بۆ ژیژەک لەو تایپە نییە. هیگڵی لای ژیژەک، هیگڵێکی تەڕ و تازە و زیندووە. هیگڵێکە کە دێنە ناو نوکتەوە و نوکتەی هیگڵی درووستدەکات. دیالەکتیکەکەی لە زۆر جێگادا ئامادەیە و لەزەتی نوسینی ژیژەک دەباتە ئاستێکی باڵا، ئەم ئاستە زۆرجـار شەوق و چێژی سەیر لە خوێنەردا درووستدەکات. دەشێ بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر، میتۆد بەو کراسە زەقە بچوێنین ،کە گەر بیکەینە بەری هەر شتێکدا، ئەو شتە ڕوونتر و زیندووتر دەردەکەوێت، بێئەوەی کراسەکە وەک کراس ون ببێت.

دیالەکتیکی هیگڵی بۆ سەنتێز دەگەڕێت و بەرەنجامی تێز و ئەنتی تێزە. دیالەکتیکی ژیژەکی تۆزێک جیاوازترە. لەسەر ئاوارتە و توخمێکی دەرکراو بەندە. توخمێک کە لە هەناوی شتەکەوە دەرکراوە و یەکانگیریی شتەکەی پێوە بەندە. بە دەربڕینێکی تر، پێناسەی شتەکە لەسەر ئەو توخمە دەرکراوە بەندە، بۆئەوەی شوناسی شتەکانمان دەستبکەوێت، دەبێت لە دەرەوەی

ئەو شتەوە بۆی بگەڕێین. ئەمە بیرخەرەوەی کۆمەڵێک ئێزی لاکانیشە: من ئەوی رتم، ئارەزووی من ئارەزووی ئەوی ترە، من لەو جێیەم کە بیری لێ ناکەمەوە...هتد. دیالەکتیک لە نوسینی ژیژەکدا بە کۆمەڵێک ڕوخسارەوە ئیش دەکات. بۆ نموونە یەکێک لەو رشووخسارانە ناوی ئاپۆفاسیسە، واتە باسکردنی بێ باسکردن. بۆ نموونە: بەڵێن بێت هەرگیز پێت نەڵێم بۆچی دزیت کردووە! دیالەکتیک هەوڵدەدات گەمەیەکی دوولایەنە لەگەڵ زمان و دەربڕین، تەنانەت حەقیقەتیشدا بکات. دیالەکتیک هەمیشە لەسەر ناوەند و میدیۆمێک ئیشدەکات. ڕەنگە ئەم ناوەندە هەر خۆت بیت، هەر خۆت ببینەوە بە ناوەند و پردی خۆت. دیلەکتیکی ژیژەک پەیوەندییەکیشی بە «زیادە»ی فیکری لاکانەوە هەیە. هەمیشە کە «گشت-کل» پڕدەبێت، ئیدی دەشێت توخمە زیادەکە هەڵبێت. ژیژەک دەنوسێت«پرۆسەی دیالەکتیکی.. پرۆسەیەکی ناونشینە، کە لە فەزایەکی تەواو پڕدا ڕوودەدات، فەزایەک کە تیایدا هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئێکدەر لەگەڵ فەزایەکی دەرەکیی ڕادیکاڵدا ڕوونادات-ل236». بۆ نمونە گەر دیالەکتیک بدەینە پاڵ کێشەیەکی فەلسەفی و دەرونشیکاری لای ژیژەک، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە کێشەی»ڕواڵەت و دەمامک بکەین». بەگشتی ئێمە لەسەر ئەو ئایدیایە راهاتووین کە ئیشی دەمامک و ڕواڵەت برینییە لە شاردنەوەی شتێک. ژیژەک بە کۆمەکی هیگڵ و لاکان، جۆرە دیالەکتیکێک لە پەیوەندیی نێوان ڕواڵەت و ناوەوەدا درووست دەکات و دیدگامان بۆ کێشەی ڕواڵـەت و دەمامک دەگۆڕێت. ژیژەک لە کتێبی»ئۆبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا»دا دەنوسێت:«ئەوەی کە شاراوەتەوە ئەوەیە کە شاردنەوەکە خۆی لەڕاستیدا هیچ شتێک ناشارێتەوە-ل311». کێشەکە لە نێوان کانت و هیگڵدایە، بەڵام ناچینە ناو ئەو وردەکارییانەوە. لە پشتی پەردە و ڕواڵەتەکەوە «هیچ» بوونی نییە. بەس هەر ئەم هیچەیە،

که دەبێتە ناوەند و میدیۆمی خۆی، واتە هیچەکە فریوماندەداتی کە شتێک خۆی شاردۆتەوە. تەنانەت لای هیگڵ، سوبێکت بریتیە لەم هیچییەی پشتەوەی پەردەکە، کەواتە« دەرکەوتە دەتوانێت ڕێک خستنەڕووی خۆی لە قاڵبی درۆیەکدا، حەقیقەت بڵێت-ل316». دەرکەوتنی حەقیقەت، لە ڕێگەی درۆیەکی بەتاڵەوە جۆرێکە لە دیالەکتیک. بۆ نموونە بەپێی ئەم نوکتەیە ڕوونتر دەردەکەوێت: جولەکەیەک هاوڕێیەکەی خۆی سەرزەنشت دەکرد کە «بۆچی پێمدەڵێی دەڕۆم بۆ کراکێف نەک لۆمبێرگ. لە کاتێکدا دەتەوێت بڕۆیت بۆ کراکێف؟!»، واتە دەیویست بڕوات بۆ کراکێف، بەڵام بە هاوڕێکەی دەوت دەڕۆم بۆ کراکێف، بۆ ئەوەی هاوڕێکەی وابزانێت درۆ دەکات و دەڕوات بۆ لۆمبێرگ.

ژیژەک پێیوایە ئایدۆلۆژیا هەرگیز کۆتایی نایەت، تەنانەت بەشێکە لە واقیع خۆی. ئەمڕۆ ئایدۆلۆژیا هاتۆتە ناو کارو ڕەفتارەکانی هەموومانەوە. پێناسە مارکسییەکە بۆ ئایدۆلۆژیا بریتی بوو لە «هۆشیاریی درۆیینە»، واتە نازانین کە کارێک ئەنجام دەدەین و هۆشیارییەکی ساختەمان بەرامبەری هەیە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم پێناسەیە ئاوەژوو بۆتەوە. سیستەم وای کردووە کە دەزانین کاری ئایدۆلۆژی ئەنجامدەدەین و هەر ئەنجامیشی دەدەین، واتە هۆشیاریی ڕشاستەقینەمان بۆ شتەکە هەیەو هەر دەشیکەین. بۆ نمونە کاتێک دەڕۆین بۆ زانکۆ و دەوام، دەزانین سیستەم تازە دەکەینەوە و هەر دەشڕۆین، یان تەنانەت کاتێک «سێوێکی ئەندامی» دەکڕین، ئەوا کارێکی ئایدۆلۆژی ئەنجام دەدەین.

# دوکانبڕانی جیهان یەکگرن

شاسوار کەمال مەحمود

به بۆچوونی هیگڵ لە مێژوودا دووبارەبوونەوە رۆڵێکی  گرنگی هەیە، کاتێک شتێک بۆ یەکەمجار روودەدات، ئەوا دەکرێت وەک رووداوێک سەیر بکرێت، وەک شتێک کە دەکرا رووی نەدایە، ئەگەر بارودۆخەکە بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ بکرایا، بەڵام کاتێک شتێک خۆی دووبارە دەکاتەوە، مانای وایە کە پرۆسەیەکی مێژووی قوڵتر ئاشکرا دەبێت. کاتێک ناپلیۆن لەساڵی 1813دا (لایپزینگ1)ی لەدەستدا، ئەو رووداوە وەک بەدبەختیەک سەیردەکرا، بەڵام کاتێک دووبارە لە (واتەرلۆ2)ش دۆڕا، ئیتر ئەوە ئاشکرا بوو، کە سەردەمی ئەو بەسەرچووە. هەمان شتیش بۆ بەردەوامی قەیرانی دارایی درووستە.

لە سێپتەمبەری 2008دا لەلایەن هەندێک کەسەوە، قەیرانەکە وەک رووداوێکی تایبەت سەیر دەکرا، کە دەتوانرێت راستبکرێتەوە، ئەویش لە رێگای رێکخستنی باشترەوە... لە ئێستادا نیشانەکانی دووبارە دارِمانی دارایی کەڵەکە بوونەتەوە. ئەوە نیشانەیەکی ئاشکرایە، کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ گرفتێکی بوونیادیدا دەکەین.

بەردەوام ئەوەمان پێدەوترێت، کە ئێمە لە ماوەی قەیرانی قەرزداریدا ژیان دەگوزەرێنین، بۆیە پێویستە هەمووان بەشداری ئەو بارگرانییە بکەین و قایشەکانمان توند بکەینەوە. هەموومان تەنها (زۆر) دەوڵەمەندەکان نەبێت. بیرۆکەی باج زیادکردن رێگە پێدراو نییە، ئەگەر ئەوەمان کرد،

ئەوا مشتومڕەکان بەردەوام دەبن و دەوڵەمەندەکان هیچ هاندەرێکیان نابێت، تاوەکو وەبەرهێنان بکەن، چونکە کاری کەمتر درووستدەبن و هەمووان ئازار دەکێشن. تەنها رێگاش بۆ رزگاربوونمان لە کاتە سەختەکاندا، بریتیە لەوەی هەژارەکان هەژارتربن و دەوڵەمەندەکانیش دەوڵەمەنتربن. لە ئێستادا پێویستە هەژارەکان چی بکەن؟ ئەی ئەوان دەتوانن چی بکەن؟

لەگەڵ ئەوەی دەرئەنجامی ئاژاوەکانی بەریتانیا کوژرانی (مارک دوگان3) بوو، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەو ئاژاوانەوە پیشاندەری نائۆقرەیی قوڵترن، بەڵام چ جۆرە نائۆقرەییەک؟ هاوشێوەی ئۆتومبێل سوتاندنی گەڕەکەکانی پاریس لە ساڵی 2005دا، ئاژاوەگێڕانی بەریتانیا هیچ پەیامێکیان نەبوو کە بیگەیەنن ( ئەمە پێچەوانەی خۆپیشاندەرەکانی نۆڤێمبەری 2010ی بەریتانیا بوو، کە تیایدا خوێندکاران دژی چاکسازیە پێشنیازکراوەکانی خوێندنی باڵا بوون)، لەبەر ئەوە کارێکی زەحمەتە لە گۆشەنیگای مارکسیەوە لە ئاژاوەکانی بەریتانیا بگەین. وەک سەرهەڵدانێکی شۆڕشگێڕی، ئەو ئاژاوانە زیاتر لەگەڵ چەمکی ( قەرەباڵغی) هێگڵی دەگونجێن: ئەوانەی لە دەرەوە لە فەزای کۆمەڵایەتی خۆیان رێکخستووە، کە دەتوانن ناڕەزایی خۆیان دەرببڕن، تەنها لە رێگای توڕەیی (نائەقلانی) وێرانکەری توندوتیژەوە. هێگڵ بەمە دەڵێت: نەرێنی ئەبستراکتی.

چیرۆکێکی کۆن هەیە دەربارەی کرێکارێک کە گومانی دزی لێدەکرا، هەموو ئێوارانێک دوای ئەوەی ئیشەکەی تەواو دەکرد، کارگەکەی بەجێ دەهێشت و لەلایەن پاسەوانەکانەوە زۆر بە وردیەوە دەپشکنرا، بەڵام پاسەوانەکان هیچیان نەدەدۆزییەوە، تا لە کۆتاییدا بۆیان دەرکەوت کە کرێکارەکە عەرەبانەکان دەدزێت. پاسەوانەکان حەقیقەتێکی ئاشکرایان لێ ون بووبوو، هەروەک ئەوانەی  قسەیان لەسەر ئەو ئاژاوانە کردووە کە روویانداوە.

پێمانوترا کە هەرەسهێنانی رژێمە کۆمۆنستییەکان لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابـردوودا، هێما بوو بۆ کۆتایی هاتنی ئایدۆلۆژیا و سەردەمی پرۆژەی ئایدۆلۆژی مەزن، کە گەیشتبووە لوتکەی کارەساتی تۆتالیتاری کۆتایی هات، ئێستا هەنگاومان ناوەتە ناو سەردەمی نوێی عەقلانیەت و پراگماتێکی سیاسی. ئەگەر بواری گشتی کە لە سەردەمی پاش ئایدۆلۆژیا کە ئێستا تیایدا دەژین، بەهەر شێوەیەک راست بێت، دەتوانرێت لە گۆشەنیگای ئەو ئاژاوانەوەی ئەم دواییەوە سەیر بکرێت. ئەو تورەییانە پلەی سفری نارەزایەتی بوون، کاری توندوتیژی هیچی ناوێت. بۆ تێگەیشتن لە مانای ئاژاوەکان کۆمەڵناسان و بلۆگ نووسان، بوونەهۆی شێواندنی ئەو مەتەڵەی کە ئاژاوەکان پێشکەشیان کرد.

ناڕازی بوون، لەگەڵ ئەوەی مەحرومکراون لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە پەراوێزخراون، بەڵام لەسەر لێواری لەبرسان مردن نەبوون. خەڵکانێک لە بارودۆخی مادی خراپتر ژیاون و بە تەنهایی لە بارودۆخی فیزیکی و ئایدۆلۆژی جێهێڵراون، بەڵام لە توانایاندا بووە خۆیان لە هێزێکی سیاسیدا رێک بخەن و ببنە خاوەن ئەجێندایەکی ئاشکرا، هەربۆیە کە ئاژاوەگێڕییەکان هیچ پرۆگرامێکیان نییە، دەبێت ئەمە لە خودی خۆیدا روون بکرێتەوە: ئەمە زۆر شتمان پێدەڵێت دەربارەی ئەوەی کە ئێمە لە چ کارەساتێکی ئایدۆلۆژی و سیاسیدا دەژین و لە چ جۆرە کۆمەڵگەیەکدا نیشتەجێین. ئەو کۆمەڵگەیەی ئاهەنگی بوونی بژاردەکان دەگێڕێت، بەڵام تەنها بژاردەی بەردەست بریتیە لە پەیڕەوکردنی کوێرانەی دیموکراسی زۆرەملێی دەستەجەمعی.

ناڕازیبوون لە سیستەمەکە، چیدی ناتوانێت خۆی دەرببڕێت لە فۆڕمی ئەلتەرناتیڤە راستەقینەکاندا، تەنانەت لە رێگای پرۆژەی (یوتۆپیا)شەوە بێت، بەڵکو تەنها دەتوانێت گوزارشت لەخۆی بکات لە رێگای تورەیی بێ ماناوە،

کەواتە بۆ دڵخۆش بین بە بوونی ئازادی بژاردەکان، کە تەنها بریتیە لە هەڵبژاردن لەنێوان پەیڕەوکردنی یاساکان و توندوتیژی خود-وێرانکەر؟

(ئالان بادیۆ4) پێیوایە کە ئێمە لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی (ناجیهانی بوون) دا دەژیـن، بەو مانایەی لەو فەزایەدا تەنها فۆڕمی نـاڕازی بوون بریتیە لە توندوتیژی بێمانا. لەوانەیە ئەمە یەکێک بێت لە گەورەترین ترسەکانی سەرمایەداری: هەرچەندە بوون بە گلۆباڵ بە مانای لەخۆگرتنی (هەموودنیا) دێت، بەڵام پشتگیری لە ئایدۆلۆژیای (ناجیهانی بوون) دەکات، بەو مانایەی خەڵکی رێگایەک نادۆزنەوە بۆ بەدەستهێنانی مانا بۆ ژیانی خۆیان. وانەی سەرەکی گلۆبەڵایزەیشن بریتیە لە لەوەی کە دەتوانێت هەموو شارستانیەتەکان لەخۆ بگرێت: لە مەسیحیەتەوە بۆ بوداییزم، لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات. تێگەیشتنی بە جیهانیبوونی سەرمایەداری بوونی نییە، هەروەها شارستانیەتی سەرمایەداری بوونی نییە. رەهەندی بە جیهانیبوونی سەرمایەداری بریتیە لە نیشاندانی راستی بەبێ بوونی مانا.

کەواتە، یەکەم دەرئەنجام کە پێیدەگەین دەربارەی ئەو ئاژاوانە بریتییە لەوەی کە کاردانەوەی کۆنەپارێز و لیبراڵەکان دروستنەبوون. کاردانەوەی کۆنەپارێزەکان چاوەڕوانکراو بوو: بە بۆچوونی ئەوان هیچ بیانوویەک بۆ ئەو کارە تێکدەرانە نییە و پێویستە تەواوی رێگاکان بگرینەبەر بۆ گێڕانەوەی سیستەم، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو کارانە دووبارە نەبنەوە، پێویستمان بە لێبووردەیی و یارمەتی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو پێویستمان بە دیسپلین و کاری سەخت و هەستی بەرپرسیارێتی هەیە. هەڵەی ئەم تێگەیشتنە هەر ئەوە نییە، کە بارودۆخی بێ ئومێدی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو ناگرێت، کە دەبێتە مایەی هەڵچوونی توندی گەنجان، بەڵکو فەرامۆشکردنی ئەو راستیەشە، کە ئەو توڕەییانە رەنگدانەوەی ناوەکی بنەماکانی ئایدۆلۆژیای کۆنسێرڤەتیڤن.

لە ساڵانی نەوەتەکان ئەو کاتەی موحافیزکارەکان کامپینی ( گەڕانەوە بۆ بنەماکان)یان ڕاگەیاند، لەلایەن (نۆرمان تیبت5) ناشرینترین تەواوکاری ئاشکرابوو بەوەی کە دەڵێن: مرۆڤ تەنها ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئاژەڵێکی موڵکداریشە، کەواتە پێویستە لە بەرنامەی ئێمەدا بێت کە ئەو غەریزە خێڵەکی و موڵکداریە بناغییانە تێربکەین. گەڕانەوە بۆ بنەماکان بەڕاستی مانای ئەوەیە: ئازادکردنی بەربەریەتی ناو ئەم کۆمەڵگە شارستانیە بۆرژوایە، ئەویش لە ڕێگای تێرکردنی غەریزە بەربەریە بناغەییەکانەوە. لە ساڵانی شەستەکاندا هێربیرت مارکۆز چەمکی (چەوسێنەری ناباڵابوون)ی داهێنا بۆ تێگەیشتن لە( شۆڕشی سێکسی) بەو مانایەی: ئارەزووەکانی مرۆڤ دەکرێت ناباڵا بکرێن، هەروەها ئازاد بکرێن، بەڵام هەر لە چوارچێوەی کۆنترۆڵی سەرمایەداریدا دەمێننەوە. بەمانایەکی تر (پیشەسازی پۆرن6). لەسەر شەقامەکانی بەریتانیا لە ماوەی نائارامیەکاندا مرۆڤمان نەبینی کە بووبێتە (دڕندە= وەحش، بەڵکو مرۆڤمان بینی کرابوونە دڕندە کە لەلایەن ئایدۆلۆژیای سەرمایەداریەوە بەهەمهێنرابوون).

لەلایەکی دیکەوە،کەمتر چاوەڕوانکراو نەبوو، کاردانەوەی لیبراڵەکان خۆی فەتیس کردبوو لەسەر باسکردنی بەرنامەی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی دەستپێشخەریی، هەروەها باسکردنی پەراوێزبوونی نەوەی دووەم و سێیەمی پەنابەران لە ئاسۆکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی: هەربۆیە هەڵچوونی توند تەنها ڕێگایە بۆ گوزارشتکردن لە ناڕازی بوونیان، بۆ ئەوەی خۆمان نەخزێنینە ناو تۆڵەی خەیاڵیەوە، پێویستە هەوڵی زیاتر بدەین تا لە هۆکاری سەرەکی ئەو هەڵچوونان بگەین. دەتوانین خەیاڵی ئەو بکەین ژیان چۆن دەبێت، کە گەنج بیت لە گەڕەکێکی هەژار، لە گەڕەکێکی فرەرەگەزی ئێکەڵاو کە پێشوەختە گومانی لەسەرە و لە لایەن پۆلیسەوە ناڕەحەت دەکرێت، نەوەک

بێکارە، بەڵکو لەکارخراوە کە هیچ ئومێدێکی بۆ ئایندە نییە، بێگومان لەم جۆرە بارودۆخەدا خەڵکی دەڕژێنە سەر شەقامەکان. هەڵەی ئەم تێگەیشتنە ئەوەیە کەتەنها بارودۆخە بابەتیەکان لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام لە راستیدا ئاژاوەنانەوە ئامانج لێی گەیاندنی پەیامی زانیە. پەیامێکە کە چۆن کەسێک گرێدراوە بە بارودۆخێکی بابەتیەوە.

لە سەردەمێکی گاڵتەجاڕدا دەژین و کارێکی ئاسانە ئەو ناڕازییەی ئاگر لە دوکانەکان بەردەدات و دەیانسوتێنێت و فشاری خۆی لەسەر کە بەهەمان زمانی کرێکارێکی کۆمەڵایەتی، یاخود کۆمەڵناسێک وڵامبداتەوە: بە نەبوونی جووڵەی کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئارامی، لاوازی دەسەڵاتی دایک و باوک، بێ بەشبوون لە خۆشەویستی لە قۆناغی منداڵیدا. ئەو دەزانێت چی دەکات، بەڵام دەشزانێت ئەوەی دەیکات بێ مانایە.

کارێکی بێ مانایە ئەگەر هەر یەکێک لەو دوو تێگەیشتنە وەربگرین، تێگەیشتنی موحافیزکارەکان یان لیبراڵەکان، هەردوو تێگەیشتنەکان خراپن، بێگومان بەلای (ستالین)یشەو خراپ دەبوون، چونکە ئەو ئاگادارکردنەوانەی کە لەلایەن هەردوولاوە پێشکەشکراون، بریتی بوون لە کاردانەوەی راسیستی (زۆرینەی بێ دەنگ). یەکێک لە شێوەکانی کاردانەوەکان بریتی بوو لە درووستکردنی یەکەی تایبەت لەلایەن کۆمەڵەکانی وەک (تورک، کاریبی، سیخ) بۆ پاراستنی موڵک وماڵیان. ئایا دوکاندارەکان دژی خۆپیشاندەرێکی پاکی دژ بە سیستەمەکەن؟ یاخود نوێنەری چینی کارکەرن و دەجەنگن دژی هێزەکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی؟ لێرەدا، کەسێک دەبێت ئەوە رەت بکاتەوە کە هەرلایەکیان وەربگرێت. لەراستیدا، ئەوە ململانێیە لە نێوان دوو بەرەدا. بەرەیەکیان توانیوەتی کاربکات لەناو سیستەمەکەدا، لەگەڵ بەرەیەکیان سەرەڕای هەوڵەکان بێ هیوایە لەوەی بتوانێت زیاتر

بڕواث. توندوتیژی ئاژاوەگێڕان لە راستیدا دژی خۆیان بوو. ئەو دوکانانەی سوتێنران، ئەو ئۆتۆمبیلانەی سوتێنران لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکان نەبوون، بەڵکو لە کۆڵانەکانی خۆیان بوون. ململانێکە، ململانێی نێوان گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە نەبوو، بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر رادیکاڵ، ململانێی کۆمەڵگە بوو لەگەڵ کۆمەڵگە، ململانێ لەنێوان ئەوانەی هەموو شتێک لەدەست دەدەن لەگەڵ ئەوانەی هیچ لەدەست نادەن.ململانێ بوو لە نێوان ئەوانەی هیچ بەرژەوەندییەکان لەناو کۆمەڵگەدا نییە، لەگەڵ ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندی باڵان لە ناو کۆمەڵگەدا.

(زیگمەنث بومان7) ، سەیری ئەو ئاژاوەگێڕییانە دەکاث وەک کردەی (بە کاربەری عەیبدار و ناکارامە) زیاتر لەوەی شتی دیکەبن. ئەمەش بەو مانایەی ئەو ئاژاوانە دەربڕی حەزی بەکاربردن بوون، بە شێوەیەکی توندوتیژ، ئەوکاتەی بوار نییە بەشێوەیەکی دروسث گوزارشث لە خۆیان بکەن لەرێگای بازاڕکردنەوە، کەواتە لە ناو ئەو ئاژاوانەدا ناڕەزایی دروسث بوونی هەیە کە تیایدا وڵامی پێچەوانەن بۆ ئایدۆلۆژیای بەکاربردن. واتە: ئێوە بە ئێمە دەڵێن وەرن شث بەکاربەرن، بەڵام مەحرومان دەکەن بەوەی بە شێوەیەکی گونجاو ئەو کارە بکەین لەبەرئەوە ئێمەش بەو رێگایە دەیکەین، کە دەتوانین! ئەو ئاژاوانە نیشاندەری هێزی ماددی ئایدۆلۆژیان. لەوەش زیاتر لەوانەیە نیشاندەری کۆمەڵگای پاش ئایدۆلۆژیا بن. لە گۆشەنیگای شۆڕشگێرییەوە، کێشەی ئاژاوەگێڕی بریتی نییە لە توندوتیژی بەڵکو ئەوەیە کە توندوتیژی بە شێوەیەکی راسث خوددڵنیاکەر نییە. ئاژاوەگێڕی، توڕەیی و بێ هیوایی بێ توانایە لە شکلی هێزدا، هەروەها حەسودیە لە شێوەی کەرنەڤاڵی سەرکەوتندا.

وا باشتره کردەی ئاژاوەگێڕی لەگەڵ جۆرێکی دیکەی توندوتیژی گرێ بدەین، کە بە بۆچوونی زۆربەی لیبراڵەکان هەڕەشەیە بۆسەر شێوازی ژیانی ئێستامان، ئەویش بریتییە لە لە هێرشی تیرۆرستی بۆمبی خۆکوژ. لەهەردوو حاڵەتەکاندا: توندوتیژی و توندوتیژی بەرامبەر لە ناو بازنەیەکی شەڕانگێزدا قەتیس بوون، هەریەکێکیان ئەو هێزە درووستدەکات کە شەڕی پێدەکات. لە هەردوو حاڵەتەکەدا کوێری هەڵسوکەوتیان پێدەکات، کە تیایدا توندوتیژی دانپێدانانی ناوەکیە بەبێ توانایی. تەنها جیاوازی کردە تیرۆریستەکان لەگەڵ ئاژاوەکانی پاریس و بەریتانیا ئەوەیە، کە ئەو کردەوە تیرۆرستیانە لە پێناو خزمەتکردنی (مانایەکی موتڵەق)ە ئەنجامدەدرێن، کە لەلایەن ئایینەوە دابینکراوە.

بەڵام ئایا راپەڕینەکانی جیهانی عەرەبی، بەرەنگاربوونەوەی دەستەجەمعی نـەبـوون بۆ رێگرتن لە ئەلتەرناتیڤی خود-وێرانکەر و توندوتیژی فەندەمێنتالیزمی ئایینی؟ بەداخەوە هاوینی 2011ی میسر خاڵی کۆتایی هاتنی شۆڕشە، ئەو کاتەی ئازادبوونی (دەشێت ببێت) خنکێنرا. گۆڕهەڵکەنەکان بریتی بوون لە سوپا و ئیسلامیەکان. ئاماژەکانی رێکەوتنی سوپا ( کە سوپای موبارەکە) و ئیسلامیەکان (کە لەسەرەتای شۆڕشدا لە پەراوێزدا بوون، بەڵام ئێستا دەسەڵاتی زیاتر بەدەستدەهێنن) ئاشکرایە. ئیسلامیەکان نەرمی دەنوێنن بەرامبەر سوپا بۆئەوەی سوپا قازانجی مادی بەدەستبهێنێت ، لە بەرامبەریشدا سوپا نەرمی بەرامبەر ئیسلامیەکان دەنوێنێت بۆ بەرقەرار بوونی هەژموونی ئەوان. دۆڕاوەکان بریتی دەبن لە لیبراڵەکان- کە زۆر لاوازن سەرەڕای هاوکاری مادی CIA بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی- هەروەها دۆڕاوێکی تر بریتییە لە نوێنەرانی راستەقینەی شۆڕش، ئەوانیش عەلمانیە چەپەکانن. ئەوانەی دەیانویست تۆڕێک لە رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی

لە سەندیکاکانی بازرگانیەوە بۆ فێمینستەکان دروست بکەن. بارودۆخی ئابووری زوو بێ یان درەنگ، هەژارەکان، ئەوانەی لە نارەزایەتییەکانی شۆڕشدا نائامادە بوون، دەرژێنێتەوە سەر شەقامەکان. هەروەک دیارە تەقینەوەیەکی نوێ ڕوودەدات. پرسیاری قورس بۆ کایەی سیاسی میسر بریتییە لەوەی چ لایەنێک رابەرایەتی توڕەیی هەژاران دەکات؟ چ لایەنێک دەیکاتە پڕۆگرامێکی سیاسی: عەلمانیە چەپەکان، یاخود ئیسلامیەکان؟

کاردانەوەی زاڵی رای گشتی رۆژئاوا بەبێ گومان بریتی دەبێت لە نیشاندانی سەرکەوتن بۆ حیکمەتێکی گاڵتەجاڕ، کە ئەم شتەمان پێدەڵێت: هەروەک شۆڕشی وڵاتێکی (نا عەرەبی) ئێران ئاشکرای کردووە، کە شۆڕشی خەڵکی لە وڵاتانی عەرەبی هەمیشە کۆتاییەکەی بریتی دەبێت لە ئیسلامیزمی میلیشیایی. لەم دۆخەدا موبارەک باشتر دەردەکەوێت، چونکە پاراستنی ئەو شەیتانەی دەیناسیت باشترە لەوەی یاری لەگەڵ ئازادبووندا بکەی. لە دژی گاڵتەجاڕییەکی لەو شێوەیەدا، باشترە بۆ هەرکەسێک کە بێ مەرج پشتیوانی لە کرۆکی ئازادبوونی رادیکاڵی شۆڕشی میسر بکات، بەڵام پێویستە خۆمان لە سیحری کەیسێکی دۆڕاو بپارێزین و کارێکی ئاسانە ئیعجابی خۆمان جوانی سەرنجڕاکێشی ڕاپەڕینەکان، کە مەحکومن بە شکست نیشان بدەین. چەپی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی گرفتی (نەرێی یەکلاکەرەوە دەبێتەوە): بەوەی چ جۆرە سیستەمێک لە جێگای سیستەمە کۆنەکە دابنێین دوای بەرپاپوونی ئەو شۆڕشانە، لە کاتێکدا حەماسەتی گـەورە بۆ چرکە ساتی یەکەم کۆتایی هاتووە؟ لەو چوارچێوەیەدا، لە (خۆپیشاندانەکانی مایسی ئیسپانیا indignados –8)، مانفێستی ئەوە راگەیەندرا یەکەم شت، کە پێویستمان پێی دەبێت، بریتیە لە زمانێکی سیاسی نوێ: هەندێک لە ئێمە خۆیان بە پێشکەوتوخواز دەزانن، هەندێکی دیکەمان خۆیان بە بڕوادار و هەندێکمان

بێ بڕوا، هەروەها هەندێکی دیکەمان خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراون، هەندێکیشمان کەسانی سیاسین...هتد، بەڵام هەموومان دوودڵین و تووڕەین لە داهاتووی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی دەوری ئێمەی داوە، ئەویش لەبەرئەوەی: گەندەڵیەکی زۆر هەیە لە ناو سیاسییەکاندا، لە ناو بازرگاناندا، لەناو خاوەن بانکەکاندا... ئەمانە ئێمەیان لە پەلوپۆ خستووە، بەبێ بوونی هیچ دەنگێک. نارازی بووان خۆپیشاندان دەکەن، لەپێناو راستیەکی نەگۆڕدا، کە دەبێت لە کۆمەڵگەدا هەبێت ئەویش بریتییە لە: مافی شوێنی نیشتەجێ بوون، بوونی ئیش، مافی کلتوری، تەندروستی، خوێندن، بەشداری سیاسی، مافی ئازادی پەرەپێدانی شەخسی، مافەکانی بەکاربردن بۆ ژیانێکی خۆشبەخت و تەندروست. ئەوانە دژی توندوتیژین و داوای (شۆڕشێکی ئەخلاقی) دەکەن. لەبری ئەوەی پارە بخرێتە سەروو مرۆڤەوە، پێویستە پارە لەپشت خۆمان دابنێین بۆ خزمەتکردن. ئێمە مرۆڤین نەوەک شت. من بەرهەمی ئەو شتە نییم کە دەیکڕم، یان چۆن دەیکڕم و لە کێی دەکڕم. کێ دەبێتە نوێنەری ئەو شۆڕشە. بزووتنەوەکەی ئیسپانیا، بە تەواوی چینی سیاسی ،بە هەردوولای راست و چەپ، دوورخستۆتەوە چونکە ئەوانە گەندەڵن و نامەزرۆی دەسەڵاتن. لەگەڵ ئەوەشدا زنجیرەیەک داوای ئاراستە کـردووە- بۆ کێ؟ بۆ خودی خەڵکیش نا. بزووتنەوەی indignados داوا دەکات خەڵکی خۆیان ببنە ئەو گۆڕانەی کە دەیانەوێت ببێت، چونکە کەسی دیکە نییە ئەو کارەیان بۆ بکات. ئەمە خاڵی لاوازی سەرەکی نارەزایەتیەکانی ئێستایە: ئەو نارەزایەتیانەی گوزارشت لە تووڕەیی راستەقینە دەکەن، بەڵام لە توانایاندا نیە خۆیان وەربگێڕنە سەر بەرنامەیەکی پۆزەتیڤ بۆ گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەو نارەزایەتیانە گوزارشتن لە روحی شۆڕش، بەڵام بەبێ بوونی شۆڕش.

بارودۆخی یۆنان مایەی دڵخۆشیە، ئەویش بەهۆی پابەندبوون بە نەریتی خۆڕێکخستنی هەنگاو بە هەنگاو (ئەو نەریتە لە ئیسپانیا لە دوای روخانی رژێمی فرانکۆوە نەماوە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە یۆنان ئاستی خۆڕێکخستنی خۆپێشاندەران سنووردارە، ئەویش بەهۆی بوونی مەسافەیەکی یەکسانی ئازاد بۆ هەمووان بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو دۆخە. لە بواری گشتیدا هەمووان وەک یەک کاتیان هەیە بۆ قسەکردن و هەموو ئەو شتانەی دیکەش، کە دەیانەوێت بیکەن. کاتێک خۆ پیشاندەران رایانگەیاند، کە دەیانەوێت چی بکەن، چۆن زیاتر تەنها لە خۆپیشاندان ئەنجامبدەن؟ بۆچوونی دەستەجەمعی بریتی بوو، لەوەی کە ئەوان خوازیاری دروستکردنی پارتێکی نوێ نین، هەروەها نایانەوێت دەست بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بگرن، بەڵکو ئامانجی بزوتنەوەکەیان بریتی دەبێت لە فشارخستنە سەر پارتە سیاسیەکان، بەڵام وەک ئاشکرایە ئەمە بەس نییە بۆ سەپاندنی دووبارە رێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی. پێکهاتەیەکی بەهێز پێویستە بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ دەرکردنی بڕیاری خێرا و جێبەجێکردنیان لەگەڵ بەکارهێنانی هەرتوندییەکی پێویستدا.

**پەراوێزەکان:**

1. لێپزینگ:شارێکی ئەڵمانیە لە ناوجەرگەی هەرێمی میترۆپۆلیتان.
2. جەنگی بەناوبانگی واتەرلۆ کە تیایدا سوپای ناپلیۆن لەلایەن هێزی هاوپەیمانانی 7 وڵاتەوە تێکشکێنرا، لە 18ی حوزەیرانی ساڵی 1815. واتەرلۆ شوێنێکە لەو کاتەدا سەر بە هۆڵەندا بووە، بەڵام ئێستا سەر بە وڵاتی بەلجیکایە.

3. مارک دوگان: گەنجێکی 29 ساڵەی دانیشتوی شاری تۆتنهامی بەریتانیا بوو، لە خۆپیشاندانەکانی ئابی 2011ی ئەو وڵاتەدا لە لایەن پۆلیسەوە کوژرا.

4. ئالان بادیۆ ( 1937– نەمردووە): فەیلەسوفێکی فەڕەنسیە، سەر بە باڵی چەپ و ترادیسۆنی کۆمۆنیزمە.

5. نۆرمان تیبت(1931– نەمردوە): سیاسیەکی بەریتانیە، سەر بە پارتی پارێزگارانە. لەماوەی کاری سیاسی خوێدا چەندین پۆستی جیاجیای وەرگرتووە.

6. پیشەسازی پـۆرن: پیشەسازی سێکس فرۆشی کە لە رێگای جۆراوجۆرەوە ئەنجام دەدرێت بۆ نمونە: فیلم، گۆڤار، کتێب...هتد.

7. زیگمەنت بومان ( 1925– نەمردووە): کۆمەڵناسێکی پۆڵەندیە، دەربارەی مۆدێرنتی، پۆست مۆدێرنتی، هۆلۆکۆست، بەرخۆری، مۆدێرنتی شل دەنووسێت.

8. indignados :بزوتنەوەی ناڕازی ئیسپانیا کە لە ساڵی 2011 دا سەریهەڵدا ، بزووتنەوەکە بە مانای توڕەیی دێت، کە تیایدا خۆپیشاندەران داوای چاکسازی سیاسی و ئابوریان دەکرد.

**سەرچاوەکان:**


1, slavoj–zizek/shoplifters–/19/08/http://www.lrb.co.uk/2011 of–the–world–unite

2. زانیاریەکان دەربارەی پەراوێزەکان لە سایتی ویکیپیدیا وەرگیراون لەلایەن وەرگێڕەوە

# ژیژەک و مارکسیزم

سەید محەمەد سەدر الغەزاوی

لە فارسییەوە: ئارام

پشکی داهێنانی ژیژەک لە مێژوو و رۆشنگەری رۆژئاوا، لەو تیۆرە سیاسیە مارکسیزمیە دایە، کە پێشکەشی کردووە. ژیژەک وەک مارکسیزمێک دەیەوێت دژە سەرمایەدارێکی دواکەوتو بێت. بەبۆچوونی (مەک کیب) ئەو گروپەی هەوڵی دورکەوتنەوە لە مارکس دەدەن، بێجگە لە نێکشکان بەهۆی نوسینەکانی ژیژەکەوە هیچ پشکێکینریان پێنابڕێت. ژیژەک خۆی بە مارکسیست دەزانێت و بەمشێوەیە بڕوای تەواوی خۆی بە راستی و بەهای رەخنەی مارکس لە سەرمایەداری بۆ هێنانەدی شێوازێکی باشتر بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە پەسەنددەکات.

ژیژەک زۆربەی کاریگەری فەلسەفەی خۆی لە کارل مارکس وەرگرتوە. رەخنەی مارکس لە سەرمایەداری هۆکارێکە ناچاری دەکات بنوسێت. ئەمە بەو واتایەیە کە ژیژەک خۆی بە هەنگاوێک بە ئاراستەی بەشداری لە پێکهاتنی رەخنە دەبینێت کە هەوڵیداوە شێوازی تێگەشتنی ئێمە بۆ جیهان بگۆڕێت، بەشێوەیەک کە لە کۆتاییدا بە گۆڕانی جیهان بە جیهانێکی باشتر بگەین. بەشێوەیەکی گشتی ئەو بابەتانەی کە ژیژەک لە مارکسی وەرگرتون بریتین لە: رەخنە لە سەرمایەداری، تێگەشتن لە شێوازی نوێی ڕێکخستنی هێزی کار، گۆڕینی جیهان نەک شیکردنەوەی ئەو وەک رۆڵی سەرەکی فەیلەسوفەکان.

بێجگە لەوە دەتوانرێت کاریگەرییەکانی مارکس لەسەر بەرهەمەکانی

ژیژەک وەک پاڵنەری جۆرێکی تایبەت لە بیرکردنەوەی ببینرێن. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە کە بە (پراکسیس Praxis) ناودەبرێت تەنها ریزکردن و هەڵوەستە کردن لەسەر ئەزموون نییە، بەڵکو هەوڵدەدات بیگۆڕێت.

لە دیدی ژیژەکەوە مارکسیزم لە هەوڵی ڕێکخستنی ئەو تیۆرانەدا شاراوەیە، کە یارمەتی گۆڕینی جیهانی ماددی دەدەن: بەمشێوەیە ژیژەک بۆ تیۆردانەرێکی شۆڕشگێڕ دەگۆڕێت. ژیژەک لە مەسیحیەتدا کە روخسارێکی گـەورەی ئایدیالیزمە، سەرمەشقێکی بۆ شۆڕشی سیاسی مارکسیزم دەدۆزێتەوە. ئەم ئومێدە بە شۆڕشێکی سیاسی، هەمان ئەوە جێگەیەیە کە ئایدیاکانی ژیژەک لە کۆتاییدا بەردەوام تێیانەوە دەگلێن وەک چۆن دەروونناسی ژیژەکیش هاوشانی مارکسیزم بەرەوپێش دەچێت.

کاردانەوە و بەرەنگاریی هێزە چەپەکان بەرامبەر سەرمایەداری جیهانی لە دیدی ژیژەکەوە پرسیارێکە و پەیوەندی بە شێوازی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەمان ئەو کارووبارە زیادانەیە کە لەناو سەرمایەداریدا زیاتر لە سەرمایەدارین. لەمڕووەوە ژیژەک پێیوایە پێویستە چەپ هەوڵبدات بەرامبەر ئەم کارووبارە زیادە ڕێکنەخراوانە بە ئاڕاستەی گشتێکی سیاسی رووبەڕوویان بێتەوە. بە وتەی ژیژەک لەو جێگەیەی کە نیولیبراڵەکان بەزمانێکی ئازاد بەپێی جوڵەی ئـازادی کاڵا و سەرمایەکان دەدوێـن، پێویستە چەپەکان بچنە ناو بیرکردنەوەوە و جیهانی کرداری دروست بکەن. ژیژەک واتای کاڵای مارکس و واتای گوتار / بەرچاوڕونی (لویی ئالتوسێر) ( مارکسیزمی بونیادگەرا Structuralism) بەیەکەوە گرێدەدات و ناوی نیشانەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی Social Symptom لێدەنێت. نیشانەی نەخۆشی کۆمەڵایەتی بۆ ژیژەک ڕێگەیەکەی بۆ شیکاری بەرفراوانی کۆمەڵناسی.

ژیژەک لە لینیندا بۆ ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداری دەگەڕێت.

ئەو بە ئاماژەکردنی بە دەستنوسەکانی لینین واتای کرداری شۆڕش تیۆریزە دەکات Theorized. بەپێی خوێندنەوەی ژیژەک دووبارە کردنەوەی لینین، واتە سودوەرگرتن لە ساتی روداو. ژیژەک بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە بۆ مارکس دەگەڕێتەوە کە وشەی (نەفی لە نەفی) لە کتێبی سەرمایەدا بەکاردێنێت. بەپێی خوێندنەوەی ژیژەک مارکس ئاگاداری ئەو راستیە بوو کە (دیموکراسی رواڵەتی) بازاڕ و ئاڵوگۆڕی دراوێک لەم دیموکراسیەدا بە ناچاری هەڵگری وەبەرهێنانە، کە هەمان دەستبەسەرداگرتنی بەهای زیادە دەبێت.

ژیژەک بە جەختکردنەوە لەسەر رۆڵی پێکهاتەی بەرەنگاریە چینایەتییەکان، ئەو بە ئامرازێک دادەنێت بۆ ئەوەی بتوانین:

1. گۆڕانکارییەکان لە ناوەندی جیاوازیە چینایەتییەکاندا روونبکەینەوە.
2. ناوەڕۆکی سیاسی دیاریکراوی رووبەڕوبوونەوە جۆراوجۆرەکان شیبکەینەوە و لە بارەیانەوە حوکم بدەین.

بە بڕوای ژیژەک ئێمە ئەمڕۆ پێویستیمان بە ئازایەتیەکی نوێ هەیە، بەڵام لە دەستدانی ئەو ئازایەتیە زیاتر لە هەر شتێک بەرچاو دەکەوێت. (پێویستە ریسک بکەیت و هەڵبژێریت.) وەک ئەوەی لینین پاییزی ساڵی 1917 وتی، کار لە دۆخێکی قەیراناویدا روودەدات و مرۆڤ ناچار دەکات ریسک بکات و بێ هیچ سەرنجێک دەست بەکارکردن بکات. بۆ ژیژەک ئەگەر پێنوس چەکێک بوایە، ئەوە هەمان ئەو پێنوسە بوو، کە دەقەکانی ساڵی 1917ی لینینی نەخشاند، هەروەها بەپێی خوێندنەوەی ژیژەک، چێ گیڤارا کاری شۆڕشگێڕی بە جۆرێک (کاری عاشقانە) داناوە: ڕێنمایی کاری شۆڕشێکی راستەقینە هەستی بەهێزی خۆشەویستیە.

ژیژەک پێداگری دەکات کە گەورەیی و پەیامی لینین لە ئەوەدایە، کە

شۆڕشگێڕێک لە خاڵێکی تایبەتیدا پێویستە بەرپرسیارێتی کارکردن لە ئەستۆ بگرێت. لەکۆتاییدا بۆچونی لینین دوبارەکردنەوەی هەمان ئەو تێگەیشتنەیە کە (رۆزا لۆگسەمبورگ) دەیەیەک بەرلەوکاتە باسی کردبوو: ئەوانەی لە چاوەڕوانیدان، بۆئەوەی هەلومەرجی نمونەیی بۆ شۆڕش بێنەپێش، بۆ هەمیشە لەو چاوەڕوانییەدا دەمێننەوە.

ژیژەک لینین وەک ناوی سیاسی دووبارە دەکاتەوە و بنەمای بابەتەکە ئەوەیە، بەهۆی ئەو ناوە دووبارەیەوە کردەیەکی سیاسی ئەنجام بدرێت. کاتێک لە چاوپێکەوتنێکی رادیۆییدا لەبارەی پێویست بوونی کۆمەڵگەیەکی رادیکاڵەوە پرسیار لە ژیژەک کرا ، لە وەڵامدا وتی: ((وەک بێ باوەڕ، رۆژ و شەو بۆی دەپاڕێمەوە)).

**سەرچاوە:**

http://anthropology.ir/node/20266

# ژیژەک وەک مارکە

وەلید عومەر

تێبینی: له ژماره (417، 417، 418،419...هتد)ی ڕۆژنامەی ئاوێنە، مەریوان وریا قانیع چەند ستونێکی لەسەر «سلاڤۆی ژیژەک» بڵاوکردۆتەوە. ئەم یاداشتە کورتەی ئێرە گەشتێکی چکۆلەیە بە بەشی یەکەمی ئەو ستونەدا. بەشەکانی دواتری تا کاتی ئەم یاداشتە بەردەوام بوون و پەیوەندییان پێکەوە هەیە و لەگەڵ تەواوبوونیدا هەوڵدەدەین لەسەری بوەستین. بەشی یەکەم هەڵگری قسەی زۆر و ئەشکالی زۆرە.

ستونی یەکەم، وەرگرتنی کۆمەڵێک ڕستە و کەوانەیە لە کتێبێکەوەو هەڵبژاردنی تەنیا نوسەرێکی ناو ئەو کتێبە کە ناوی «جێرمی گیلبەرت»ـە. کتێبەکە بە ئینگلیزی ئەمەیە (the truth of zizek). ئەم کتێبە لە نوسینی چەند نوسەرێکە و لە کۆتایی کتێبەکەوە وتارێکی درێژی ژیژەک خۆی تیایە بەم ناونیشانەوە (With Defenders Like These, Who Needs Attackers ?) کە وەڵامی ڕەخنەکانی پێش خۆی دەداتەوە. مەریوان بە مەقاشێکەوە هەندێک ڕستەی ئەم گیلبەرتەی هەڵبژاردووە و چاوی لەو هەموو ئەرگۆمێنت و گفتوگۆ و وەڵامەی باقیی تری کتێبەکە پۆشیوە. ئەمە ئەو شتەیە کە ئەکادیمییەکی وەک مەریوان باشتر دەتوانێت ناوی بنێت: شێواندن!

مەریوان، لە پشتی گیلبەرتەوە پرسیارێکی گیلبەرت دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت: ژیژێک بۆ کێ دەنوسێت؟...ئەو «خوێنەرە نموونەییە»ی ژیژێک

شتەکانی بۆ دەنوسێت، کەسێک نییە شـارەزای ئەو بوارانە بێت، کە ژیژێک تیایاندا دەنوسێت...ئاوێنە-ژ417». ئەم قسانە بە هەمان نەفەس درێژدەبنەوە، بەڵام دەشێت ئەم پرسیارە ڕووبـەڕووی کەسی یەکەم و دووەمی پشت پرسیارەکە بکرێنەوە کە: خوێنەری نموونەیی یانی چی؟ ئایا دەکرێت لە ڕێگەی دەستەواژەیەکی وەها قەبە و بەتاڵەوە باس لە دەیان جۆری خوێنەر و دەیان ئاستی خوێنەر و دەیان ئەکادیمی و نائەکادیمی بکەین؟ ئایا ئەمە دژی ئەو بۆچوونەی خۆیان نییە کە باس لە تۆتالیناریزم و گشتاندن دەکەن؟ ئایا ئەمە جۆرێک نییە لەو نکۆڵییە فیتیشیستییەی کە ژیژەک خۆی باسیدەکات: «خۆ باش دەیزانم، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەر دەیکەم»؟. دەشێت تۆزێک گەمژەیی بنوێنین و لێشاوی ئەم پرسیارانە بەم جۆرە درێژ بکەینەوە: ئایا خوێنەربوون و نوسەربوون دوالیزمێکی وەها پەتین؟ ئایا فیکر بەم زمانە ڕووکەش و دابەشکارییە سەرەتاییەوە ئیشدەکات؟ ئایا ئەو هەموو تێما و ئایدیا و تەرحە فیکری و فەلسەفییانەی کە ژیژەک لە دەیان کتێبدا وروژاندوویەتی، بە وشەیەکی هەژاری وەک «مارکە» ڕەخنەدەکرێن؟

مـەریـوان لـە لاپـــەڕە(65-66)ی کتێبەکەوە ئـەم قسەیەی تریش دەگوازێتەوە« ئەو شێوازە نوسینەی کە ژیژێک پەیڕەوی دەکات، پەیوەندی بە بوونی ئوسلوب، یان شێوازێکی تایبەتی نوسینەوە نییە، بەڵکو ئاکاری منێکی فووتێکراوی بەناوبانگە». ئەم حوکمە لەو مێتۆدە دیالەکتیکییەی ناو نوسینەکانی ژیژەک تێناگات، کە دەرەنجامی سەیر و تازەی پێ بەرهەمدێنێت. دیالەکتیک یەکێکە لە مێتۆدە بەناوبانگەکان کە ژیـژەک لە هیگڵەوە وەریدەگرێت. ئەم مێتۆدە بەنیسبەت نوسینی کوردییەوە نامۆ و غایبە. بۆ نموونە، ژیژەک لە هەناوی دیاردە و بۆچوونێکەوە دژەکەی دەدۆزێتەوە و

دەیخاتە بەردەم پشکنین و دایالۆگ، یان ئەو پنتە نەبینراو و نزمە تەفسیر دەکاتە کە هەندێک جار گشت(کل)ـی پێوە بەندە و ئێمە حیسابی ئەوتۆمان بۆ نەکردووە. لەپاڵ ئەمەشدا ژیژەک بە زاراوە لاکانییەکان ئیشدەکات، کە دیسان دەرەنجامی سەیر و چاوەڕواننەکراو دەخاتە بەردەممان. لەو زاراوانە، ڕیاڵ و ژویسانس و ئۆبێکتی بچوک و ئەوی تری گەورە و فالوس و ئارەزوو و هتد. ئەم زاراوانە ئەو ڕووبەرە یاخی و تاریکەی دونیا و دیاردەکان ڕووناک دەکەنەوە کە بە ئاسانی نایانبینین، تەنانەت زۆرجار خوێنەری سەرەتایی بڕوا بە دەرەنجامەکانیشی ناکات. جگە لەوەش ژیژەک هەمیشە جۆرێک لە سەرکێشی دەبەخشێتە نوسینی خۆی، کە پێدەچێت بەلای نوسەرێکی وەک مەریوانەوە جێی سەرسوڕمان بێت. بۆ نموونە، لە کتێبی خێچ ڕوانین (looking awry)دا ژیژەک شێوازێکی تازەی «ڕوانین و بیرکردنەوە و ڕیسک» تاقیدەکاتەوە. شێوازێک کە بە قسەی ژیژەک خۆی، پێشتر هیگڵ و ڤینگنشتاینیش تاقییان کردۆتەوە. ژیژەک ئەم شێوازە ناودەنێت »خێچ ڕوانین«. لێرەوە لەو ڕوانینە ڕاستەوڕاست»ە ئەکادیمییە دووردەکەوێتەوە کە یەک ڕوانین و یەک حوکمی سەپێنراویان هەیە بەسەر دیاردەکان و کێشەکاندا و ڕوانینێکی تازە و «خێچ» تاقیدەکاتەوە. لێرەوە ژیژەک دیاردەیەکی باڵاو موتەعالی کەلتوری دێنێت و بە تەنیشت دیاردەیەکی نزم و عەوامەوە دەیخوێنێتەوە. بۆ نموونە شکسپیر و کافکا بە تەنیشت مەک کالۆ و کینگەوە تەفسیر دەکات. ئاوڕدانەوەی ژیژەک لە ژمارەیەکی زۆر چیرۆک و بەرهەمی بازاڕی و دیاردەی سواوی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دەرەنجامی تازە و نەبینراوی پێشکەش کردووە. بۆ نمونە ئەخلاقی کانتی دەبەستێتەوە بە ڕۆمانێکی بازاڕیی پڕفرۆشەوە، یان دەگاتە ئەوەی بڵێت»هابەرماس خۆی پۆستمۆدێرنێتە، گەرچی بەشێوازێکی سەیر و

ناباو، گەرچی خۆی ئاگای لێی نییە»(خێچ ڕوانین-ل271). دیارە لەم شێوازەدا ژیژەک بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ لاکان{بەداخەوە مەریوان و هەندێک نوسەری تریش لەم دیوە لاکانییەی ژیژەک غافڵن و ڕووتیدەکەنەوە بۆ بوونەوەرێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی. ئەمە جگە لەوەی هەڵەیەکی تیۆرییە، تێنەگەیشتنە لەو زاراوە ئاڵۆزە لاکانییانەش کە بەشدارن لە بۆچوونە سیاسییەکانی ژیژەکدا. داماڵینی ژیژەک لە لاکان، وەک داماڵینی قاوە وایە لە کافایین، یان داماڵینی جەنگە لە کوشتار، یان داماڵینی جگەرەیە لە نیکۆتین. ئەمە دیدی ژیژەک خۆیەتی بۆ کەلتوری پۆستمۆدێرنە ،کە شتەکان لە جەوهەری زیانبەخشیان دادەماڵێت: لێرەشدا جەوهەرە فیکرییە زیانبەخش و سەرکێشەکەی ژیژەک لە ژیژەک دادەماڵرێت}.

مەریوان لە هەمان ستوندا دەنوسێت«...ئەوەی ئەم پیاوە لەسەر لینینی دەڵێت شتێک نییە دەربارەی ئەو لینینە مێژوویی و پراگماتییەی کە زۆربەمان دەیناسین، بەڵکو درووستکردنی بوونەوەرێکی ئەفسانەییە، بوونەوەرێکی تاک و بێ وێنەیە...»، ڕەنگە سادەترین پرسیار کە دوای خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە خۆی قوتبکاتەوە ئەمە بێت: گەر ژیژەک هەمان لینینی مێژوویی درووستبکاتەوە و بەرهەمبێنێتەوە ئیدی چیی بە چی کردووە؟ ئیدی گەڕان بۆ توخمە شۆڕشگێڕییەکانی لینین لەکوێدایە؟ دیارە کە ژیژەک لە هەندێک فیگەردا بۆ ئەگەر و وزەی شۆڕشگێڕی دەگەڕێت و جارێکی تر ڕووخساریان پێدەداتەوە. ئیدی لە لینینەوە بیگرە تا دەگاتە ماوو ڕۆبسپێر و قەشە پۆڵسی مەسیحیەت و خودی مەسیحییەتیش. ژیژەک دوو کتێبی هەیە بەناوەکانی «بۆچی مەسیحیەت ئەوە دێنێت لە پێناویدا شەڕبکەین؟» و «کورتەڵە و بوکەڵە- ناوکە ئینکارەکەی مەسیحییەت» کە هەوڵێکن بۆ بنیاتنانەوەی فیگەرێکی تازە. ئەم هەوڵە لای بادیۆش هەیە، تەنانەت کتێبێکی بادیۆ تایبەتە

به قشە پۆڵس بەناوی»قەشە پۆڵس و لۆژیکی حەقیقەت«. سەبارەت بەوەش کە ژیژەک دەیەوێت ئەفسانەیەک لە لینین درووستبکات، وەسفێکی قەبە و ڕۆمانسی زیاتر هیچی تر نییە. بۆچوونەکانی ژیژەک لەسەر لینین و تەنانەت ستالینیش بۆچوونی زۆر و زەبەند و جیاوازن و گەڕانەوەی هەڕەمەکی نین بۆ سەر ئەو کارەکنەرانە. وەک نمونەیەکی سەرەتایی، ژیژەک لە یەکەم دێڕی وتاری «هەڵبژاردنی لینین»دا دەنوسێت:«یەکەمین کاردانەوەی دەستەجەمعی دەرهەق بە بیرۆکەی زیندووکردنەوەی لینین، بێگومان ڕیزێک پێکەنینی پڕ لە توانجە-ل319». یان دەنوسێت «لینین» ناوێکی نۆستالیژی نییە بۆ یەقینێکی دۆگمایی کۆن، ڕێک بەپێچەوانەوە، ئەو لینینەیە کە بڕیارە بەدەست بهێنرێتەوە و زیندوو بکرێتەوە، لینینێکە کە ئەزموونە بنچینەییەکەی هیچ نەبوو جگە لە کەوتنەناو جۆرە مەنزومەیەکی کارەساتباری نوێوە، کە تیایدا خەسڵەتە کۆنەکان  بەسنەبوونی خۆیانیان سەلماندبوو، لینین هەرواش ناچار بوو کە سەرلەنوێ مارکسیزم دابهێنێتەوە...ئایدیا سەرەکییەکە گەڕانەوە نییە بۆ لینین، بەڵکو دووبارەکردنەوەیەتی بە مانا کیرکەگۆردییەکەی: هێشتنەوەی هەمان پاڵنەر لە مەنزوومەی ئەمڕۆدا-ل322». ژیژەک ستایشی ئەو لەحزە شێتییە شۆڕشگێڕییەی لینین دەکات کە وەک لە چەپی ئەوکات و ئێستاشدا نابینرێت. ژیژەک ئەم شێتییەی لینین دەبەستێتەوە بە ژیانی شەخسیی ئەوە و ئاماژە بۆ نامەیەکی هاوسەرەکەی لینین دەکات، کە بۆ بوخارین دەنوسێت، لینین خەریکە شێت دەبێت. ژیژەک دەنوسێت:«ئەوەی کە نابێت وێڵی بکەین، بریتییە لەم شێتییە نوستووەی ناو یۆتۆپیای لینینی، شێتی بە مانا کیرکەگۆردییەکەی هەرچۆنێک بێت، ستالینیزم نوێنەری جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ «عەقڵی سەلیم»ی ڕیالیستی-ل323». لینین خۆی لەو دەستەواژانە دووردەخستەوە، کە «نابێت زوو دەست بدەینە ڕیسک، دەبێت تا ساتەوەختی گونجاو ئارام بگرین...بۆ

شۆڕشی سۆسیالیستی زۆر زووە، چینی کرێکار هێشتا باڵغ نەبووە–ە.ل». لینین دژی ئەم بەهانانە بوو، ئەو دەیویست لە «ڕووداو» نزیکببێتەوە، یان لەو دۆخەی کە لاکان پێیدەڵێت »ڕیاڵ»، یان «شێتیی کیرکەگۆردی»، یان هەر بە دەربڕینە لاکانییەکە «دەبێت دەستبدەینە کردەی شۆڕش کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوی تری گەورەدا نییە–ە.ل». لینین دژی ئایدیای »گەرەنتی و مسۆگەرکردن» بوو بۆ شۆڕش. پێیوابوو ئەمە دەچێتەوە سەر «هەلپەرستی». بە دەربڕینی ژیژەک خۆی ئەمە ترسە لەو بۆشایی و چاڵەی ناو کردە(act). ژیژەک پێیوایە کە لینین چاوەڕێی ئایندەیەکی ڕێکخراو و پێگەیشتووی نەدەکرد بۆ شۆڕش، بەڵکو دەیویست«ئەوەی هەیە بیهێنینە قسە{با فاکتەکان بێنینە گۆ}–ە.ل»،بۆیە«ئەوانەی کە چاوەڕوانن هەلومەرجە بابەتییەکانی شۆڕش بێنەدی، ئەوا بۆ هەمیشە لە چاوەڕوانیدا دەمێننەوە–ە.ل». تەنانەت ژیژەک ئەم کردە و دەستپێشخەرییە ڕادیکاڵتر دەکاتەوە و پێیوایە ڕەنگە سەرباری ئەنجامدانی ئەمانەش هێشتا نەگەیشتبینە کردەی ڕاستەقینە. دەڵێت«ئەو وانە بنچینەییەی کە لە سەیرکردنی دەروونشیکاریدا نوستووە، سەبارەت بە کاتمەندی و کاتیبوون(temporality) ئەوەیە کە هەندێک شت هەن و دەبێت کەسەکە ئەنجامیان بدات، تاکو تێبگات ئەو شتانە زیادەن: لە پرۆسەی چارەسەرکردندا، کەسەکە چەندین مانگ هەل لەدەستدەدات لەبەر جموجووڵە هەلاڵەکانی خۆی پێش ئەوەی »تێبگات و دۆسیەکە بکەوێتە دەستمان»، هەروەها کەسەکە کارنامەی درووست بدۆزێتەوە–گەرچی ئەو کاتەی ئاوڕ لە دواوە دەدەینەوە، ئەم جموجووڵانە زیادە دەردەکەون، بەڵام ڕێی چەوت و لاری لەم جۆرە بەڕاستی زەرووری بوون. ئایا سەبارەت بە شۆڕشیش دۆخەکە هەر بەم جۆرە نییە؟». ژیژەک پێی وایە لینین چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، کە بارودۆخەکە پێبگات و سەرەتا شۆڕشی بۆرژوایی ڕووبدات و پاش بژارکردنی سود و

زیانەکانی ئەم شۆڕشە، ئیدی دوای ئەمە دەستبدەینە جووڵە، یان بە گوزارشتی ڕەشبینانەی لینین خۆی «وەک بڵێی دەبێت ڕاپرسی بکەین و پاشان گەر 55%مان هێنا، ئەوا دەتوانین بیر لە شۆڕش بکەینەوە»(گفتوگۆ لەگەڵ گلین دالی-ل219). لینین بەپێی چەمکە لاکانییەکە چاوەڕوانی هیچ «ئەوێکی تری گەورە» نەبوو. هیچ گەرەنتییەکی نەدەبینی لە ئارادا. دەبوو ڕیسک بکەیت و کردە بنوێنیت. «وەکچۆن لاکان دەڵێت پێگە و ئیعتیباری دەروونشیکار تەنیا لە خودی خۆیدایە، پەیامی لینینیش ئەوەیە کە کەسی شۆڕشگێڕ هیچ پێگە و ئیعتیبارێکی نییە جگە لە خۆی-ە.م ل219». لێرەوە لینین لە مانا لاکانییەکەی «کردە» نزیکدەبێتەوە. «کردەی لاکانی ڕێک ئەو کردەیەیە کە گریمانەی ئەوە دەکەیت ئەوی تری گەورە بوونی نییە-ە.م ل218». ئەوی تری گەورە بریتیە لە ئەوێکی گریمانەیی و وەهمی و گرنگ کە چاودێری و گەرەنتی دەبەخشێتەوە بەسەر سوبێکتدا. مرۆڤ زۆرجار بە جۆرێک دەجوڵێتەوە وەک ئەوەی کە هەر بەڕاست ئەوی تری گەورە بوونی هەبێت. گەرچی زۆرجار بوونی هەیە و لەشێوەی یاسا و کۆمەڵگە و دەوڵەتدا خۆی بەرجەستە دەکات. بەگشتی ستایشی ژیژەک دەگەڕێتەوە بۆ دیوە کردەییەکەی ئەو. لەمڕۆدا دیدێکی پۆستمۆدێرن و کۆمۆنیستی لیبراڵ و ئەکادیمیی لیبراڵ و نیمچەچەپ هەن، کە دونیا بۆ نیشانەکان کورتدەکەنەوە و حەقیقەت چیتر بوونی نییە و هاوکات چاوێکیان لە بازاڕی بۆرسە و خۆشیان بە دژە-سەرمایەداری دەزانن. ئیدیعای کۆتایی مێژوو دەکەن و ڕێژەگەراییەکی مەتائی بڵاودەکەنەوە. لینین لەمڕووەوە پیاوی کردە بوو. لە ساتەوەختی خۆیدا دەچووە ژێر باری مەسئولیەتی مێژوویيەوە.

کێشەیەکی تیۆریی تر کە مەریوان لەم ستونەدا تووشی بووە چەمکی «ڕووداو»ە. ڕووداو ئەو شتە نییە کە «سیستەمەکە بەسەریەکەوە دەگۆڕێت».

ڕووداو لە فیکری بادیۆ و ژیژەکدا خەسڵەت و ئاڵۆزیی خۆی هەیە و ئەم چەمکە گشتی و ئەفسانەییە نییە، کە مەریوان باسی دەکات. ڕووداو دەتوانێت ئاسۆیەک بۆ کردە (act)بکاتەوە، دەتوانێت دەروازە بۆ دۆخێکی ڕادیکاڵ بکاتەوە، دەتوانێت درزێک لە سیستەمدا درووستبکات، بەڵام ناتوانێت کۆی سیستەمێک پێکەوە بگۆڕێت. «ڕووداو» لێرەدا کەمتازۆر هاومانای چەمکی شۆڕشە. ئایا شۆڕش بۆ گۆڕینی کۆی سیستەمەکەیە یان دەرچوون و کردنەوەی بۆشایی؟ جگە لەوەش ڕووداو دۆخێکی کەمتازۆر پێشبینی نەکراوە و ئەو شتە نییە کە پێشوەخت بزانین سیستەمەکە سەر تاپا دەگۆڕێت، یان نا. لەدوای ڕووداوەوەیە کە «سوبێکت» درووستدەبێت، نەک ئەوەی پێشوەخت سوبێکتێکت هەبێت و سیستەمەکە لەبنەوە پاک بکاتەوە. ڕووداو شتێکی تاقانەیە و بە ئاسانی ناڕەمزێنرێت و ئەنجامەکەی زۆر ڕوونییە و دەشێت، تەنانەت نێگەتیڤیش بێت.

دەستەواژەیەکی تر لە ستونەکەدا ئەوەیە، کە ژیژەک ڕۆشنبیرێکە وەک »گریندایزەر». ئەمە سیفەتێکی هێجگار کۆمیدییە و لە تێنەگەیشتنی مەریوانەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ کارەکتەری ژیژەک وەک نوسەر و فەیلەسوف. ژیژەک لەو فەیلەسوفانەیە کە هیگڵ و مارکس و لاکان و فرۆید و هیچکۆک و زۆرێکی تریش دەخاتە تەنیشتی یەکەوە، بۆئەوەی بتوانێت کێشەیەک تا دوا سنوری لۆژیکیی خۆی ڕابکێشێت. نموونەیەکی بچوکم لەبیرە. مەریوان لە کتێبی «شوناس و ئاڵۆزی»دا شتێکی لەم جۆرە دەڵێت، کە گوایا دەبێت چاوەڕوان بین، تاکو بزانین دەرەنجام و پاشهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی 11ی سێپتەمبەر چین و چۆنن، بەڵام هاوکات ژیژەک کتێبێک نزیک بەم ڕووداوە دەنوسێت و پێشزەمینە و ژێرخانە پێشوەختەکانی 11ی سێپتمبەر شیتەڵدەکات و دەیبەستێتەوە بە زۆر ڕیشە و ڕایەڵی جیاجیاوە.

# دەروازەیەک بۆ سلاڤۆی ژیژەک

سالەح نەجەفی

وەلید عومەر کردویەتی بە کوردی

**1. نیگایەکی کورت:**

سلاڤۆی ژیژەک (لەدایکبووی 1949) یەکێکە لەو دیارترین و کاریگەرترین تیۆریستە کۆمەڵایەتی و کەلتورییانەی کە لە ئەوروپادا و لەم ساڵانەی دواییدا لەڕووی فیکری و تیۆرییەوە پێگەیشتوون. بە نازناوی جیاواز و، زۆرجاریش سەیر و سەمەرەوە ناو براوە:»ڕیسواترین بیریاری ئەم ساڵانەی دوایی»، «دێوەکەی لیوبلیانا{ی پایتەختی سلۆڤینیا}»، «زیندوکەرەوەی دیوە خرۆشێنەرو شۆڕشگێڕییەکەی قوتابخانەی دەروونشیکاریی لاکان»،بەڵام ڕەنگە «گلین دالی» سەرنجڕاکێشترین وەسفی، سەبارەت بە ژیژەک خستبێتە ڕوو: »ژیژەک جۆرە ڤایرۆسێکی کۆمپیوتەرییە». ڤایرۆسێک کە دەیەوێت سیما ئاسودەکانی ئەو ماتریسە داڕووخێنێت، کە ناوی سەرمایەداریی لیبراڵی جیهانییە. ژیژەک وەک فەیلەسوف، درێژەپێدەری جۆرێکە لە نەریتی دیکارتی کە بەهۆی گومانکارییەکی شوێنکەوتە و مەنهەجی (یان سیستەماتیکی)ەوە پەلاماری بونیادی پێشگریمانەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ دەدات و لە کایەی بیرکردنەوەی کەلامیدا (تیۆلۆژیا) دەیەوێت بە کۆمەکی ژمارەیەکی زۆر نموونە لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەری و فیکرییەکانـەوە تا ڕۆمانە عەوامپەسەندەکان ئەوە بسەلمێنێت کە لەنێوان دوو هێڵی بووندا، هێڵی ئیلاهیانە (ئەبەدییەت) و هێڵی واقیعی ئەزموونکراو و بێ میدیۆمی خۆمان- پەیوەندییەکی نەکراوە و نەپچڕاو هەیە. بەم پێیە، بیریارێکی سەرتاپا

هیگڵییه. ئەو بە پەیڕەویکردن لە هیگڵ بیرماندەخاتەوە کە «هەرگیز ناتوانین ئەزموونە جەستەییە شەخسییەکان، لە ڕەهەندە ترانسێندێنتاڵەکانی ئەزموون جیا بکەینەوە». ژیژەک یەکێکە لە ئەندامەکانی قوتابخانەی دەروونشیکاریی لاکانیی سلۆڤینی و، لەگەڵ کەسانێکی وەک میرام بۆزڤیچ و ڕیناتا سالکڵ و میلادن دۆلاردا هاوکارە. ئەو یەکەمین کتێبانەی کە پێگەی ژیژەکیان لە پانتایی تیۆردا جێگیرکرد وەک گرنگترین ڕەخنەگری کەلتوریی لاکانی لە جیهاندا، برینین لە ئۆبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا (1989) خێچ ڕوانین(1991). ئۆبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا بریتی بوو لە بنیاتنانەوەی وروژێنەرانەی تیۆری ڕەخنەیی لە مارکسەوە تا ئاڵتۆسێرو، تەوەرە پێکهێنەرەکەشی برێتیە لە خوێندنەوەیەکی دیالەکتیکی بۆ دەروونشیکاریی لاکان. خێچ ڕوانین بریتیە لە شەرحێکی تەواوکەر بۆ بنەما و پرەنسیپە سیاسییەکانی پرۆژەی «گەڕانەوە بۆ فرۆید»ی لاکان کە پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆر گوتاری تیۆری (گروپخوازی، یونیڤێرساڵی، فیمینیزم، پۆستمۆدێرنیزم) کە ژیژەک بە هۆیانەوە پەردە لەسەر پەیوەندییە سەختە شاراوەکانی هەموو شتێک هەڵدەداتەوە، ئیدی لە ئایدۆلۆژیا و دیموکراسیە لیبراڵەکانەوە بیگرە تا دەگاتە پەیوەندییە سێکسیە لادەرەکان و چیرۆکە پۆلیسییەکان و فیلمە تاوانکاری-پۆلیسییەکان.

ژیژەک لە لیوبلیانای سلۆڤینیا هاتە دونیاوە، کە لە سەردەمی لەدایکبوونی ئەودا بەشێک بوو لە خاکی یۆگۆسلاڤیا. بەم جۆرە، ژیژەک لەو چەند تیۆریستە کەمەی سەردەمی ئێمەیە کە دیاردەی ترسناکی باڵکانیزەکردنیان پڕ بە گیانیان ئەزموون کردووە، واتە دابەشکردنی خوێناوی و پڕ کێشەی وڵاتێک لە ئەنجامی جەنگە ئەتنی و ڕەگەزی و دینییەکانەوە -. ژیژەک دکتۆرای فەلسەفەکەی لە زێدی خۆی وەرگرت ، پاشان لە زانکۆی سۆربۆن دەروونشیکاریی خوێند. مامۆستای بەشی خوێندنی باڵای ئەورووپی و

توێژەری باڵای دەزگای کۆمەڵناسییە لە زانکۆی لیوبلیانا، هەروەها مامۆستای میوانە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا و پرینستۆن و قوتابخانەی نوێی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی نیویۆرک، زانکۆی مینەسوتا و زانکۆی میشیگان.

بەشی سەرەکیی ناوبانگی ژیـژەک دەگـەڕێـتـەوە بۆ بەکارهێنانی نــاوازەی کارەکانی لاکـان بۆ خستنەڕووی تەفسیرێکی داهێنەرانە و خوێندنەوەیەکی جیاوازی کەلتوری عـــەوام(popular). ئەو سـەرەڕای تەفسیری دەروونشیکارانەی لاکان، سەبارەت بە زۆر بابەت و ناواخنی تریش هەر دەنوسێت: فەندەمێنتاڵیزم، تۆلێرانس و لێبوردەیی، درووستیی سیاسی، جیهانگیری، سوبژەکنیڤینە{سوبێکتایەتی}، مافەکانی مرۆڤ، لینین، ئەفسانە، سایپەرسپەیس، پۆستمۆدێرنیزم، فرەیی کەلتورەکان، داڤید لینچ و ئالفرێد هیچکۆک. ئیشەکەی، تێکەڵەیەکی سەیرو سەرنجڕاکێشە لە هیگڵ و هیچکۆک، سپینۆزا و چیرۆکی خەیاڵی-زانستی، مارکس و برایانی مارکس (واتە کۆمیدییە بەناوبانگ و پڕ هەواداره ئەمریکییەکان) و ...هتد. ژیژەک بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن، کار و بەرهەمی زۆرە. لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانەوە تاکو ئەمڕۆش، ساڵێک نەبووە کە کارێکی تازەی تیا بڵاونەکردبێتەوە لە کایەی کەلتور و تیۆردا: چونکە ئەوانە نازانن چی دەکـەن(1991)، هەموو ئەو شتانەی کە هەمیشە دەتانویست دەربارەی لاکان بیزانن و دەترسان لە هیچکۆکی بپرسن (1992)، چێژ لە نیشانەی نەخۆشییەکەتان وەربگرن!(1992)، دەست پێکردن لەگەڵ نێگەتیڤدا (1993)، شێوەگۆڕییەکانی ژویسانس(1994)، زیـادەی لێکجیانەبووەوە (1996)، تاعونی فەنتازیاکان(1998)، سوبێکتی ختوکاوی(1999)، موتڵەقی ناسک(2000)، کەس باسی تۆتالیتاریزمی کردووە؟(2001)، ترس لە فرمێسکە ڕاستەقینەکان: کریستۆف کیشلۆفسکی(2001)، دەربارەی بـاوەڕ(2001)،

دووەمین مەرگی ئۆپێرا(2001)، بەخێربێن بۆ بیابانی ڕیاڵ(2002)، شۆڕش لەبەردەم دەروازەکاندا: ژیژەک دەربارەی لینین-نوسینەکانی 1917(2002)، ئەندامە بێ جەستەکان(2003)، بوکەڵە و کورتەڵە(2003)، عێراق: کتری قەرزکراو(2003)، لێپێچینەوە لە ڕیاڵ(2005)، ئاوارتەی گشتەکی(2006).

لە دەیەی 1990دا، ژیژەک بوو بە کاندیدی سەرۆکایەتیی سلۆڤینیا، بڕیارێکی هەڵاساز کە بەجۆرێک لە جۆرەکان وەستان بوو لەسەر دووڕیانی ئیشی تیۆری و ئیشی سیاسی بە مانای پسپۆڕیی وشەکە...لەم ساڵانەی دواییدا، ژیژەک دەستیدایە کارێک کە هەراو ئاشوبێکی لە دونیای تیۆری کۆمەڵایەتیدا نایەوە. دەقی کەتەلۆگی کارگەی ئابرکرۆمبی و فیچی نوسی (کە بەرهەمهێنەری جلە لە چەرم درووستکراوەکانن...). ژیژەک وتاربێژێکی پڕ جۆش و خرۆش و جوڵەیە کەوا ناسراوە هیچ شەرم و ترسی نییە لە خستنەڕووی هەڵاسازترین و مشتومڕئامێزترین باس و گفتوگۆکان.

### 2. تیۆری کۆمەڵایەتیی ژیژەک: کێشەی شوناس

تیۆری کۆمەڵایەتیی ژیژەک، هەوڵێکی تیۆریی ئاڵۆزە لەپێناوی کێشانی وێنەی دۆخ و پێگەی کێشەی سوبژەکتیڤینەی لە سەنتەرداماڵراوی {بێ سەنتەر} مرۆییدا، ئەویش لە قاڵبی شەرحێکی داهێنەرانەدا بۆ پانتایی سیاسی وەک کایەیەکی تەواو ئیحتیمالی، پارچەپارچە و فرەڕەهەند، کایەیەک کە ناتوانین تیایدا بچوکترین ئاماژەی زەروورەت و بەردەوامی و جەبری تاکهۆکاری بدۆزینەوە. ژیژەک بە کۆمەکی لاکان دەستی داوەتە ڕەخنەکردنی ئەو نەریتە فەلسەفیە داخراوانەی کە پێیانوایە و بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایا ڕیشەی شوناسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەناو بەرژەوەندی و پێویستی و ئارەزووە ئۆبژە کنیڤەکاندان. بە بڕوای ژیژەک،

خولیا و پێویستی و خواستە ئۆبژەکتیڤەکانمان، هیچ پەیوەندییەکی پتەو و زەرووریی بە شوناسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیانەوە نییە. بە پێچەوانەی تێڕوانینی زاڵی ئەو نەریتانەوە، درووستبوونی شوناس و هاتنەدیی جۆرەکانی شوناس، پرۆسەیەکی ئیحتیمالی و کتوپڕە کە لە قاڵبی بەشبەشکردنی زمانیدا ڕوودەدەن، واتە لە ڕێگەی بەستێنێکی تایبەتەوە کە لە بازنەیەکی ئایدۆلۆژی/ زمانیدا لەنێوان دانەدانەی ڕەگەزەکاندا گەشە دەکات. هەژموونی سیاسی (ڕێبەرایەتی) پرۆسەیەکی گوتارییە، کە لە یەک کاتدا شوناسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەخولقێنێت و لە ساتەوەختی خولقاندنی ئەم شوناسانەدا، ئەو بەسنەبوون و نوقسانییە دەشارێتەوە کە لە هەناوی سوبێکتایەتی مرۆڤدایە.

لەڕاستیدا، قسەی ژیژەک لەسەر شوناس دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاکارییەی، کە هەندێک تیۆریستی وەک «ئێرنیستۆ لاکلاو» دەیخەنە نێوان شوناس(identity) و شوناسدۆزی(identification)یەوە. شوناس هەمیشە ڕووی لە شتێکە کە دەبێت بدۆزرێتەوە یان بناسرێتەوەو بەشاراوەییش ڕووی لە بوونی زاتێکی سەرەتاییە کە ناسێنەری کەسەکەیە. لە بەرامبەر ئەمەدا، شوناسدۆزی یان »دۆزینەوەی شوناس»، ڕووی لە پرۆسەیەکە کە تیایدا شوناس درووست دەکرێت و دەست نیشان دەکرێت، لێرەدا کێشەکە دۆزینەوە نییە بەڵکو دەست نیشانکردن و بەدەستهێنانی شوناسە. ئەم تێڕوانینە بۆ شوناس، لە بۆچوونەکانی فرۆیدەوە سەرچاوەی گرتووە کە چەمکی «نوقسانیی ڕیشەیی» دەخاتەڕوو. لە بیرکردنەوەی فەلسەفی و کۆمەڵایەتیی سەدەی بیستەمدا، بڕوابوون بە شوناسێکی جەوهەری یان خۆبونیاتنەر بە قووڵی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، چیتر ناتوانین بەسادەیی باس لە شوناسێک بکەین، کە ملکەچی جەبری لەدایکبوون، یان ئەزموونی ژیانی ناوەکیی کەسەکان بێت، لەلایەکی تریشەوە، لەبەردەم تەنیا پرۆسەیەکدا نین، بەڵکو لەبەردەم

ژمارەیەکی زۆر پرۆسەی شوناسدۆزیداین کە ئەویش ڕووبەڕووماندەکاتەوە لەگەڵ کۆمەڵێک جەبری نوێی کۆمەڵایەتی و کەلتوری. ململانێ لەسەر کێشەی شوناس، بە مانایەک لە ماناکان، بریتیە لە هەمان ململانێی فەلسەفی لەنێوان زاتباوەڕی و بونیادباوەڕی دا. لەلایەکەوە، پرسیارگەلێکی لەم جۆرە کە: ئایا شوناسەکان، گەر وەک گریمانەیەک زاتباوەڕی بخەینەلاوە و وای دابنێین شوناس درووستدەکرێت، ئەوا ئەوکات بە دەستی کەسەکان پتەو دەکرێت، یان لە دەرەوە دەسەپێنرێن. بەم پێیە، ژیژەک پەنجە دەخاتە سەر یەکێک لە هەستیارترین کێشەکانی ڕۆژگاری ئێمە.

بەپێی ئەوەی کە باسمانکرد، دەتوانین سەردەمی پۆستمۆدێرن بە سەردەمی پەلاماردانی سوبێکتی میتافیزیکی و شوناسی ناوەکی خۆبونیاتنەر دابنێین. زۆرترین هێرش بۆسەر پەیکەری ئەم سوبێکتە، لەلایەن بیریارە فەڕەنسییەکانەوە بووە کە لە دێڕەکانی دواتردا ئاماژە بۆ بۆچوونەکانیان دەکەین. بەڵام لەم نێوانەدا، ژاک لاکان، پێگەیەکی تاقانە و تایبەتی هەیە، لەلایەکەوە وەک هاوڕای بەهێزی ئەو بیرمەندە فەڕەنسییانە دەردەکەوێت و لەلایەکی تریشەوە، لانیکەم بەپێی خوێندنەوەی ژیژەک بۆ ئەو، بونیاتنەری حەکایەتێکی تازەیە دەربـارەی سوبێکتی دیکارتی. لاکان کارەکەی خۆی لەسەر ڕاڤە و تەئویلی ڕادیکاڵی بۆچوونەکانی فرۆید دەباتە پێشەوە، ئەویش لە چوارچێوەی کۆمەڵێک گوتەزای زمانناسییانەدا. لە هەنگاوی یەکەمدا، ئۆتۆنۆمیی من یان خودئاگایی و هەستی مرۆڤی خستە ژێر پرسیارەوە، کە بە پێشگریمانەی دەروونشیکاری دادەنرا. ئەویش بەوەی کە ئەم تیۆرە بەهێز و مشتومڕسازەی خۆی دەخاتە ڕوو کە خودی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕەمزی درووست دەبێت. لاکان نەخشەیەکی تازەی نەست »ناخودئاگا« دادەڕێژێت کە بەهۆیەوە، یاساکانی پانتایی نەست و ڕێساکانی زمان

لەڕاستیدا یەکێکن، وەک چۆن دەتوانین بڵێین نەست بونیادێکی زمانیی هەیە و بە هیچ جۆرێک پانتاییەکی بێ یاساو بێ بونیاد نییە، واتە «نەستیش وەکو زمان، بونیادڕێژی دەکرێت». شێوە ڕێگاکەی لاکان، هەر لە بنەڕەتەوە دژ بە بایۆلۆژیا درووستدەبێت و جەخت لەسەر ئەو ڕووکارانە دەکاتەوە، کە دەسەڵاتی دەلالەتکاری درووستدەکەن لە ڕەوتی گۆڕان و گەشەی خود (self)دا. لاکان لەو بڕوایەدایە کە درووستبوونی خۆ بەستراوەتەوە بە چوونەناوەوە بۆ پانتایی خەیاڵی و دواجاریش هاتنەناوەوە بۆ ناو نەزمی ڕەمزی (زمان/کۆمەڵگە/کەلتور). لە پانتایی ڕەمزیدا، «ئـارەزو» بونیاد و بینایەکی «زمانیی» وەردەگرێت.

ئەوەی کە دەربارەی دوولایەنیی پرۆژەکەی لاکان باسمان کرد، بە ڕێگای یەکەم، سەبارەت بە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەی ژیژەکیش هەر ڕاستە. ژیژەک لەلایەکەوە دەکەوێتە ئەنیشت بیریارانی پاش- بونیادگەرەوە، لەلایەکی تریشەوە هەوڵ دەدات سوبێکتی یەکگرتوو و یەکپارچە بێبایەخ بکات، بەڵام هاوکات بەقووڵی ڕەخنە لە دیدگاکەشیان دەگرێت، بە تایبەت ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە «مانا» بەرهەمی جۆرە گەمەیەکی نا کۆتای جیاوازییە مونڵەقەکانە. پاش- بونیادگەرەکان، جیاوازی دەدەنە پاڵ هەموو گۆشەو سوچە جیاوازەکان و دەیگشتێنن و سەرباری شەڕکردن لەگەڵ میتافیزیکدا، کەچی خۆشیان دەکەونە داوی چەندین جۆر میتافیزیکی پۆستمۆدێرنەوە- ئیدی لە میتافیزیکی ئارەزووەوە بیگرە، تا دەگاتە میتافیزیکی دەسەڵات و جیاوازی. بە بڕوای ژیژەک، کەموکورتیی سەرەکیی پاش-بونیاگەرەکان ئەوەیە، کە هیچ ئامرازێکی تیۆری یان چەمکییان نییە بۆ گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕیشەی ئەنجامە زمانییەکان(معلول) لە شوناسی(واتە یەکگرتنەوە لەگەڵ خۆتدا) سوبێکتە قسەکەرەکاندا. لە فیکری پاش-بونیادگەریدا،

سوبێکت تا ئاستی یەکێک لە ئەنجامە درووستبووەکانی پرۆسەی پێش درووستبوونی سوبێکت کورت دەبێتەوە. ئەم پرۆسەیە لە پاشة بونیادگەریدا لە کۆمەڵێک قاڵبی جیاوازدا شیتەڵ و دابەش دەبێت، لە قاڵبی دەقدا«دێریدا»، دەسەڵات«فۆکۆ»، ئارەزوو «دۆلۆز و گویتاری».

ژاک دریدا نکۆڵی لە هەر جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ دەکات لەنێوان دال و مەدلولدا و بەمجۆرە بوونی هەر جۆرە پانتاییەک بۆ مانای نەگۆڕ و موتڵەق دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە پانتایی مەدلولەکان سەرتاپا وەهمە. بە بڕوای دێریدا، نیشانەکان هەمیشە لەڕێگەی دواخستنی بەردەوامی مانا و گەڕاندنەوەیانەوە بۆ نیشانەکانی تر، کاردەکەن و بەم جۆرە دەمانخەنە ناو جۆرە زنجیرەیەکی ناکۆتای«مانا»ەوە. زمان، بەپێچەوانەی بۆچوونی بونیادگەرەکانەوە، قاپێکی بێ کەم و کەلێن نییە، کە هەڵگری مانا بێت. هیچکام لەو کەسانەی کە زمان بەکاردێنن ناتوانن بەفیعلی کۆنترۆڵیان هەبێت بەسەر ڕەوتی بەرهەمهێنانی مانا لەلایەن زمانەوە، جڵەوی ڕەوتی بەرهەمهێنانی مانا هەمیشە لە دەستی بەکارهێنەرانی زمان دەردەچێت. کەشفێکی تر (و گرنگتر)ی دێریدا ئەوە بوو کە زمان بەردەوام بەکۆمەکی پرۆسەکانی «وەرگرتن» و «دەرکردن-گرد»ەوە کاردەکات، هەر بەم هۆیەوەیە کە لە زماندا جۆرە«غیاب»ێکی ئەبەدی هەیەو زمان مەیلێکی عادەتئاسای هەیە و لە ڕێگەی بۆشاییەکانی ناو خۆیەوە، خۆی وێران دەکات، کەواتە سوبێکت بە بەردەوامی لە گەرمەی گەمەی نیشانەکاندا بنیاتدەنرێتەوە و «خود» بەهۆی دابڕانی ماناکانی زمانەوە هەمیشە پچڕاوە. لە دیدی دێرێداوە، گوتار و خود و بەگشتی کەلتور بەپێی ماهیەتی خۆیان بەردەوامی و یەکانگیرییان نییە.

ژیل دۆلۆز و فیلیکس گویتاری بە جۆرێکی تر سەنتەر لە سوبێکت دادەماڵن. ئەم دووانە، سوبێکت دەچوێنن بە «ماشێنێکی ئارەزووکار»، واتە شوێنکەوتە و ملکەچی بێ چەندوچوونی «ئارەزوو»ە، ماشێنێک کە هەر بە زاتی خۆی پارچە پارچەیە. دیدگای ئەوان، تەواو بەپێچەوانەی لاکان و(دێریدا)ەوە لەسەر خولگەی بایۆلۆژیا دەسوڕایەوە و لە بۆچوونەکانی نیچەوە سەرچاوەی گرتبوو. دۆلۆز و گویتاری، «ئارەزوو»یان بە هێزێکی پێش-گوتاری و کورتنەکراوە دەزانی لە ڕەفتاری مرۆڤدا: سوبێکت هیچ نییە، جگە لە مەیدانی هێزە ملهوڕ و نەگۆڕاوەکان. بەم پێیە، تیۆری ئەم دووانە(کە دەتوانین بەجۆرێک لە جۆرەکان بە «میتافیزیکی ئارەزوو» ناوی ببەین) بیرخەرەوەی دیدگای لیوتارە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا. لیوتار، ئارەزووی مرۆڤی بە بەرهەمی ئەو بۆشایی و درزە دەزانێت، کە زمان لە مرۆڤدا درووستیدەکات، ئەویش بە هۆی دەرکردنی ئەو شتەوە کە ئارەزوو خوازیارە پێی بگات.

بەتەنیشت ئەم تیۆرانەوە، دەبێت باسی تیۆرە بەهێزەکەی میشێل فۆکۆش بکەین، کە بەوپەڕی هێزەوە پەردە لەسەر ڕۆڵی دەسەڵات لادەدات لە درووستکردن و بەرهەمهێنانی سوبێکتدا. فۆکۆ دژ بە هیومانیزم و عەقڵانییەتی ڕۆژئاوایی، سوبێکت لە پرۆسەکانی گوتار و بونیادەکانی دەسەڵاتدا نوقم دەکات. فۆکۆ ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆنچۆنی دەسەڵات تێکەڵە بە زاتی ئەو شێوازبەندییە گوتارییە بەدامەزراوبووەی کە بەتەنیشت سەرهەڵدانی لقە جۆراوجۆرەکانی زانینەوە گەشەیانکردووە. دەسەڵات لە سوڵتەخوازی و فەرمانڕەوایی هەندێکەوە بەسەر ئەوانی تردا کورت و سنوردار نابێتەوە. دەسەڵات دیاردەیەکە کە دەستاودەست دەکات و، تاکەکان بکەر و فاکتەر نین، بەڵکو ئەنجامی دەسەڵاتن، بەڵام بەم پێیە، لە

تیۆرەکەی فۆکۆدا دەسەڵاتی دەکەوێتە پێش سوبێکتی و شوناسیشەوە.

ئـەم گوتارە تیۆرییانە، لە ژێـر ناونیشانێکی گشتیی وەک پاش-بونیادگەریدا جێیان دەبێتەوە. ژیژەک لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا، بەرگری لە تەفسیرە لاکانییەکە دەکات دەربارەی «درز» و سوبێکتی بێ سەنتەر. لە دیدی ژیژەکەوە، جیاوازییەکە لەو کەمی و بەسنەبوون و نوقسانییەدایە کە سیفەتی بنەڕەتیی ئارەزوون لە سوبێکتدا. لە تیۆرەکەی لاکاندا، تەنیا ئەو کاتە لە بوونی یەکەمین ئۆبێکت و ئایدیاڵی پانتایی خەیاڵی تێدەگەین کە لە دیدی سوبێکتەوە ون بووبێت. لە پانتایی خەیاڵیدا، ئۆبێکتی ئارەزوو لەشێوەی شتێکی ونبوودا ئامادەیی هەیە. بوونێکی نوقسان و ونبووە. ئەم مەحاڵبوونەی دۆزینەوەی ونبووەکە و ئایدیاڵەکە لە قۆناغی دواتردا تووشی لادان دەبێت و شێوەیەکی تر دەگرێتە خۆی، ئەوەش ئەو کاتەیە کە سوبێکت دێتە ناو پانتایی نواندنەوەی ڕەمزییەوە و تیایدا جیاوازییە زمانییەکان دەسڕێنەوە  کە بە بۆچوونی لاکان نەستی ڕادەگرێت. لە دیدی ژیژەکەوە، سوبێکتی نوقسانی دەکەوێتە پێش هەموو شێوەیەکی سوبێکتسازی و بەسوبێکتبوونەوە. سوبێکتی نوقسانی، بریتییە لە هەمان «پانتایی خەیاڵی»ی تاکێتی کە شێوازە جیاوازەکانی سوبێکتسازی هەوڵ دەدەن سەرکوتی بکەن و پڕی بکەنەوە.

ژیـژەک بە پێچەوانەی ئەو تیۆریستانەوە کە سـەرچـاوەی شەڕ و کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبەنەوە سەر ململانێی نێوان«پێگەکانی سوبێکت»، هەوڵدەدات ئەوە پیشان بدات کە چۆنچۆنی «ڕیاڵی لاکانی» هەم سوبێکتایەتی و هەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لێکپچڕێنێت. ژیژەک بۆ پیشاندانی هێزی ئەم شەڕە هێزبەخش و دامەزرێنەرە، ئاماژە بۆ ئایدۆلۆژییە چینایەتی و جنسییەکان دەکات لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا. بە بڕوای ئەو، لە

گەرمەی ئەم شەڕە ئایدۆلۆژییانەدایە کە سوبێکتەکان هەوڵدەدەن پەیوەندی و لینکێکی کۆمەڵایەتی دروستبکەن، کە هەر لە بنەڕەتەوە «مەحاڵ»ە. ئەم مەحاڵبوونە، بەپێی بۆچوونی «لاکلاو» و «شانتاڵ مۆفە» لە کتێبی گرنگ و ناوداری هەژموون و ستراتیژی سۆسیالیستی(1985)دا، بەرەنجامی ناکۆکی و دژیەکییە ئۆبژەکتیڤەکان نییە، بەڵکو بەرەنجامی درزێکی بنچینەییەکە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهێنێت. لەڕاستیدا، ئەم درزە یەکێکە لە شێوەکانی ناسینەوەی درۆزنانەی ئایدۆلۆژیا، وەکچۆن سوبێکتەکان پێیانوایە هەرکە ستەمی سیستەمی سەرمایەداری یان باوکسالاری هەرەس بێنێت، شێوەیەکی نوێی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت، کە هاتنەدیی تەواوی شوناسێکی ناوەکی، یان لەخۆنامۆبوون دەرەخسێنێت. ڕادیکاڵبوونی هێزە نوستووە مرۆییەکان لەم جۆرە ئایدۆلۆژیایانەدا بەستراوەتەوە بە تێڕوانینی لەناوبردنی تەواوی دوژمنی دەرەکی و وێرانکردنی بەردەوامیەوە، لەم حاڵەتەی ئێستاشدا بە لەناوبردنی «سەرمایەدار» یان «هەواداری بەباڵاترزانینی ڕەگەزی نێر». ئەمە جۆرێکە لە بانگکردنی ئایدۆلۆژییانە کە بەپێی تیۆرەکەی ئاڵتۆسێر، میکانیزمی بەرهەمهێنانی سوبێکتە بە دەستی ئایدۆلۆژیا زاڵەکەی سەر کۆمەڵگەی تاک، ئەو کاتە لە کەوڵی سوبێکتدا گەشە دەکات کە بێتە جێی بانگکردنی ئایدۆلۆژیا و پشتڕاستیشی بکاتەوە. بەپێی تێڕوانینی لاکلاو و مۆفە، ئایدۆلۆژیا لە سەردەمی خۆماندا ئەوە لەناو تاکەکاندا تەلقین دەکات، کە ئەوی تر ناهێڵێت کەسمان وەک سوبێکتێک توانا مرۆییە ڕاستەقینەکانی خۆمان لە هێزێکی نوستووەوە بکەینە کردە. ئەوە ئایدۆلۆژیایە کە ئەمڕۆ یەک بە یەکی سوبێکتەکان بانگ دەکات و توانایەکی نەگۆڕ و نەمر دەبەخشێتە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، وەکو ململانێ چینایەتییەکان و ململانێی ژن و پیاو...

بەڵام لە دیدی ژیژەکەوە: ڕاستە کە ئەم ئایدۆلۆژیایانە بەبێ قسەی پێشوەخت مرۆڤەکان لە خۆیان نامۆ دەکـەن، بەدەر لەمانەش پێویستە گوتاری ڕەخنەیی ئاگای لەوە بێت کە ململانێی بونیاتنەر و دامەزرێنەر لە نوقسانیی ناوەکیی سوبێکت خۆیەوە سەردەردەهێنێت. لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە، سیفەتی زەق و نیمچەزاتیی سوبێکت برینیە لەو ململانێیەی کە لە ڕێگەی داخستنی زاتی و بەسنەبوون و برینداربوونی ناوەکیی سوبێکتەوە دەگوازرێتەوە بۆ پانتایی ڕەمزی(کۆمەڵگە و کەلتور).

لەم ڕوانگە لاکانییەوە، دەتوانین تێبگەین، کە بۆچی پۆڵێنبەندیی ئایدۆلۆژی هەرگیز ناتوانێت سیستەمێکی داخراو و خۆژێن بێت کە بە تەواوی لە هەناوی کۆڵەکە گوتارە ڕەمزییەکاندا بونیادڕێژی کرابێت، هەر سیستەمێکی ئایدۆلۆژی لە ناوکی خۆیدا هەمیشە لە بن و بێخەوە بێسەنتەر و نوقسان و ناتەواوە. هیچ پۆڵێنبەندییەکی ئایدۆلۆژیی کامڵ و پتەو بوونی نییە، هەمیشە شتێکی کەمە. ڕوانگەیەکی لەم جۆرە، زەروورەتێکی گرنگی هەیە بۆ شیتەڵکردنی ئایدۆلۆژیا. یەکەم، هاوتای چەمکی «سوبێکتی نوقسانی» تێڕوانینە بۆ ئایدۆلۆژیا وەک خەیاڵخولقینی و فەنتازیایەکی کۆمەڵایەتی، وەک هەوڵێک بۆ «پینەکردن و تەقەڵ لێدان»ـی ئەو درزەی کە لەم نوقسانییەوە درووستبووە. بەم پێیە کارکردی سەرەکیی ئایدۆلۆژیا برینییە لە درووستکردنی سیناریۆیەکی خەیاڵخولقێن کە لە ژنان و پیاواندا ئەو وەهمە درووستبکات، کە دەتوانن دۆخی تایبەتیی کۆمەڵایەتیی خۆیان بەبێ هیچ درزێک ڕێک بخەن. بەکورتییەکەی: ئایدۆلۆژیا وێنەیەکی ئایدیاڵی و وەهمیی «کۆمەڵگە» دەداتە دەستەوە، کە لە واقیعدا بوونی نییە. بە وتەی ژیژەک، «فەنتازیا» لە بنەڕەتدا سیناریۆیەکە پانتاییە بەتاڵە مەحاڵە بونیادییەکە پڕ دەکاتەوە، پەردەیەکی نمایشییە کە سەرەوەی چاڵێک دادەپۆشێت».

دووەم، هەوڵدان بۆ تێکدانی نەزمی ئەم پانتاییە خەیاڵییە کۆمەڵایەتییە، بەم پێشەکییە، دەبێت غایەت و ئامانجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت، ئەم جۆرە بنیاتنانەوەیە بەشێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕەخنەکردنی ئایدۆلۆژیا. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەو ئەرکەی لەسەرە کە نوقسانیی زاتیی سوبێکت تیۆریزە بکات و ئەو ململانێیە ئاشکرا بکات، کە سیناریۆی خەیاڵپلاوانەی ئایدۆلۆژیا پەردەی دەخاتە سەر-ژیژەک ئەم جۆرە ڕەخنەکردنەی ئایدۆلۆژیا ناودەنێت «تێپەڕین لە فەنتازیای کۆمەڵایەتی»، واتە هەڵتەکاندنی بن و بێخی ئەم سیناریۆیە و تێپەڕاندنی.

یەکێک لە نمونەکانی جێگۆڕکێی ململانێی بنەڕەتی لە بەرهەمەکانی ژیژەکدا، بریتییە لە دیاردەی دژەجولەکەیی. بەپێی بۆچوونەکانی ژیژەک، دژەجولەکەیی لە ڕێگەی وەرگرتنی خەسڵەتی دووقاتی ڕەمزیی داڵە شلەکانەوە لە ڕووخساری کەسی جولەکەدا درووستدەبێت-وەرگرتنی خەسڵەتی دووقات یان فرەهۆکاری، زاراوەیەکە کە ئالتۆسێر بەکاریدەهێنێت بۆ وەسفی کاریگەریی ئەو ناکۆکییانەی کە لە هەر کردەیەکی پێکهێنەری پێکهاتنە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، لەسەر کۆی ئەو پێکهاتنە(formation). هەر پێکهاتنێکی کۆمەڵایەتی لە ڕیزێک کردار و پراکتیزە درووستدەبێت، کە هەریەکەیان لە هەناوی خۆیدا کۆمەڵێک ناکۆکیی هەیە»تناقچ»، ئەم ناکۆکییانە کاریگەری دەخەنە سەر پێکهاتنی کۆتایی وەک گشتێک»کل»، یان وەک دەوترێت خەسڵەت وەردەگرن و بە پێچەوانەشەوە پێکهاتنی کۆتایی کاریگەری دەخاتە سەر هەر پراکتیزە و ناکۆکییەک. بە بۆچوونی ئالتۆسێر، مۆدێلی دەسەڵات»سوڵتە» و ملکەچی، دژبوونەوە و دژنەبوونەوەی ناکۆکییەکان لە بونیادی زاڵی هەر قۆناغێکی مێژووییدا بەمجۆرە دەست نیشاندەکرێت. ململانێی بنەڕەتیی پانتایی کۆمەڵایەتی، کە بونیادی خۆی لە

ڕەوتی جێگۆڕکێی نەستەوە وەردەگرێت، سەرلەنوێ بە دەوری هەڕەشەی گریمانەیی و وەهمیی کەسی جولەکەدا پێکدێت و، بەم جۆرە مەحاڵبوونی خودی «کۆمەڵگە» دەشارێتەوە. ئەم جێگۆڕکێ و گواستنەوەیەی ململانێی بنەڕەتی بۆ ڕووخساری جولەکە لە قۆناغەکانی دواتردا بەهۆی ڕەوتێکی لیبیدۆییەوە، کەڵەکە و چڕ دەبێتەوە. لە دیدی ژیژەکەوە، ئەم کەڵەکەبوونانە (واتە چڕبوونەوە و کەڵەکەبوونی هەموو شتە خراپەکان لە ڕووخساری جولەکەدا) لە گۆشە جیاوازەکان و پێچ و پلوچە جۆراوجۆرەکاندا کاردەکات، وەکو ململانێی ئابوری (جولەکە لە کەوڵی مشەخۆرێکی سودخواز و پارەپەرستی کۆمەڵگەدا)، ململانێی کۆمەڵایەتی(جولەکە وەکو کەسێک کە لە پاشەملەدا خەریکی پلانڕێژییە بۆ زاڵبوون بەسەر جیهاندا)، ململانێی سێکسی (مەیلی سێکسی لای جولەکە دۆخێکی ئاژەڵیی یان فاسدی هەیە) و هتد.

ڕووخساری جولەکە لەو ڕووەوە بۆ ژیـژەک گرنگە کە یەکێکە لە حاڵەتە دیاریکراوەکانی پینەکردنی ململانێی کۆمەڵایەتی، کە لە پانتایی ئایدۆلۆژییانەدا ڕوودەدات. جولەکەکان لە مۆدێرنەدا وەکو شتێکی تر یان لەدەرەوەی ئێمەوە دەناسرێن و بەم جۆرە وەک هێزێکی وێرانکەر باسدەکرێن، کە گەر نەبوونایە ،ئەوا کۆمەڵگە دەگەیشتە هارمۆنییەتی تـەواو. ژیـژەک ئەم هێڵە ئەرگۆمێنتکارییە سەبارەت بە خوێندنەوەی سەرهەڵدانەوەی دژەجولەکەیی پەرە پێدەدات لە ئەوروپای خۆرهەڵاتی دەیەی 1990دا. لێرەدا، بەپێی باسەکەی ژیژەک، ڕقهاتنەوە لە جولەکەکان، کە لە کەوڵی پۆپۆلیزمی ناسیۆنالیستیی وڵاتەکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتدا دەرکەوتۆتەوە، لە ئەزموونی سوبێکتەکاندا وەک جۆرە «دزی»یەکی فەنتازی «ژویسانس» و «چێژ» خۆی دەردەخات، وەک بڵێی کەسێک هەیە و توانای چێژوەرگرتنی لێ دزیوین، ڕووخسارێکی فەنتازی کە چێژەکەمان دەدزێت.

بەپێی شیکردنەوەکەی ژیژەک: ئەم ڕفاندنەی چێژ لە خەیاڵی سوبێکتەکاندا، لەو شوێنەوە ئازاردەر و بەرگە نەگیراوە کە «مەحاڵبوون»ی چێژوەرگرتنی پیشانی خودی کەسەکە دەداتــەوە، سوبێکت ئەوەی بیردەکەوێتەوە کە مەحاڵە بگاتە دۆخی ژویسانس. بەم شێوەیە، ڕقهاتنەوە لە ئەویتر جۆرە بێزاری و ڕقێکە لە خۆت، بە پێچەوانەی فەن و فێڵی بنچینەیی ئایدۆلۆژیا ڕەگەزپەرستییەکانەوە، بۆیە ڕووخساری جولەکە بەرجەستەبوونێکی تایبەتی ململانێیەکی بنچینەییە، هەستی شکستهێنان لە بەخۆبووندا، ناکامی لە بەخۆبووندا، هەوڵێک بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو دزییە فەنتازییەی کە سوبێکتەکان دووچاری کەموکورتی و نوقسانی دەکاتەوە.

ژیژەک لە کارە فەلسوفییەکانی ئەم دواییەی خۆیدا، دەچێتەوە بە دوای چەمکی سوبژەکتیڤیتەی دیکارتیدا(سوبێکتایەتی)، ئەویش بەشێوەیەکی پرسیار وروژێنەر و سەرنجڕاکێش. بە وتــەی ژیــژەک، ڕەتکردنەوەی سوبێکتی دیکارتیی، تــەوەری فەلسەفەی «ڕادیــکاڵ»ە لە سەردەمی خۆماندا. پاش-بونیادگەرەکان و پۆستمۆدێرنەکان و هەڵوەشانەوەگەراکان و فیمینیستەکان: هەموو لەوەدا کۆکن، کە پشت بکەنە میراتی دیکارت. بەڵام ژیژەک لەو بڕوایەدایە کە سیاسەتی ڕادیکاڵ پێویستی بە«مانیفێستێکی فەلسەفییە دەربــارەی سوبژەکتیڤیتەی دیکارتی». ژیــژەک لە سەرەتای کتێبی سوبێکتی خنوکاویدا دەنوسێت:«ئامانجەکە گەڕانەوە نییە بۆ ئەو شێوازەیکۆجیتۆکە»من بیردەکەمەوە» کە بەسەر بیرکردنەوەی مۆدێرندا زاڵ بووە-واتە سوبێکتی بیرکەرەوەی خودشەفاف-، بەڵکو ڕووناک کردنەوەی ڕوویەکی تر و فەرامۆشکراوێتی، ڕووناک کردنەوەی ناوکی ئەو زیادە نەناسراو و فەرامۆشکراوەی کۆجیتۆکە»من بیردەکەمەوە»ی دیکارت، کە هیچ نزیکایەتییەکی نییە لەگەڵ وێنەی خەیاڵی و ئارامبەخشی خودە

شەفافەکەدا». «سوبێکتی ختوکاوی»ی ژیژەک پەیوەندیی فەلسەفە بە سیاسەتی ڕزگارکەرەوە دەپشکنێت. ئەم کتێبەی ژیژەک گەڕانێکی قووڵە بەناو مێژووی ڕۆشنبیری و فیکردا، گەڕانێک کە ڕەخنەی قەشەنگ و سەرنجڕاکێش لە چەمکە هاوچەرخەکان دەگرێت، سەبارەت بە سوبێکت. لە هەوڵدانی هایدگەرەوە بیگرە سەبارەت بە پێچکردنەوە بە دەوری سوبژەکتیڤینەدا و پەلاماردانی کتوپڕ بۆ سەری، هەروەها بە ناوەندێتی {بە یارمەتی میدیۆم} ـی ڕەخنەکردنی سیاسەتی پاش-ئاڵتۆسێری بیرمەندەکانی وەک ئاتین بالیبار و ئالان بادیۆ و ژاک ڕانسێر تا دەگاتە گریمانەی »کۆمەڵگەی ڕیسک»ـی ئەنتۆنی گیدنز و ئۆلریش بیک. ئەم مێژووە وردەی چەمکی سوبژەکتیڤینە لە شەرحە وردەکەی ژیژەکدا وەک قۆناغەکانی تەقینەوەی شیکردنەوەی دەروون خراوەتەڕوو، هاوکات ژیژەک بیر لە زیندووکردنەوەی ئاواتە پڕ جۆش و خرۆش و شاراوەکانی خۆیشی دەکاتەوە سەبارەت بە فەلسەفە.

ژیژەک پێیوایە کە لە بارودۆخی پاش مۆدێرنەدا ئێمە لە فەزایەکی «پاش-سیاسی»دا دەژین. پاش-سیاسەت بە مانای مردنی سیاسەت نییە. بە پێچەوانەوە سیاسەت لە سەردەمی ئێمەدا سەرتاپا {سیاسەتێکی} ئایدۆلۆژییە. ژیژەک پێیوایە، سەرباری ڕووخانی کۆمۆنیزم و پەرەسەندنی ئەو وەهمەی کە کۆمەڵگە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان نائایدۆلۆژیین، ئەوا جیهانگیری پرۆسەی فریودەرانە و زیانبەخشانەی داگیرکردنە ناوەکیی سوبێکتەکانی خستۆتەگەڕ، پرۆسەیەک کە دزەی کردۆتە ناو قوڵایی بوونمان و شاراوەترین سوچەکانی لیبیدیۆییمانەوە. بەبڕوای ژیژەک، کەلتوری پۆستمۆدێرن، سست و ژاکاو و مردەڵەیە. بەتەنیشت گۆڕانکارییەکانی تەکنۆلۆژیا و پەیوەندی و کۆمیونیکاسیۆنەوە، ئیدی کارکردی خود و کۆمەڵگە، بۆتە دیلی تەقینەوەی نیشانەکان و هێماکان و دەلالەتەکان. لە دیدی ژیژەکەوە، «خود» بە دەوری

تەوەری «فینیش»ـی سستیی سیاسیدا درووست بووە: «دەزانم ئەو کارەی کە دەیکەم هیچ مانایەکی نییە، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش هەر درێژەی پێدەدەم».

**3.ژیژەک ـ لاکان و درووستبوونی سوبێکت**

تیۆرەکەی لاکان سەبارەت بە پرۆسەی درووستبوونی شوناس و پێکهاتنی سوبێکت، لەسەر بنەمای سێ چەمکی بنچینەیی درووست دەبێت کە گوزارشتن لە سێ ڕووکاری بنەڕەتیی خودی مرۆڤ: ڕەمزی، خەیاڵی، ڕیاڵستی.

پانتایی ڕەمزی ئاماژەیە بۆ پانتایی زمان و بە دیاریکراوییش بریتیە لە پانتایی دەلالەت و کارکردی دالەکان. پانتایی خەیاڵی کۆمەڵەیەکە، کە لەسەر پەیوەندیی بەلاڕێداچووی «خۆ» لەگەڵ جیهاندا درووست بووە کە بنەماکەی بریتییە لە وێنە. لاکان بۆ شیکردنەوەی ستراکتۆرەکەی، باس لە قۆناغی «ئاوێنە» دەکات. مناڵ بۆ یەکەم جار لە قۆناغی ئاوێنەدا دەتوانێت وێنەکەی خۆی لە ئاوێنەدا بناسێتەوە و وەکو «من»ێک درک بە خۆی بکات. دۆزینەوەی «من» هاوشانە لەگەڵ جۆرە هەستێکی خۆبەگەورەزانیندا، یان بە دەربڕینێکی درووستتر «پارانۆیا» کە دەبێتە ناوکی بنەڕەتیی پانتایی خەیاڵیی خود. دوای ئەمەیە کە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی زمانی قسەکردن و پێ دەخاتە ناو پانتایی ڕەمزییەوە. دیوێکی بنچینەیی تری مرۆڤ کە لە قاموسی لاکاندا پێی دەوترێت ڕیاڵ، ئاسۆ و سنوری واقیعە تایبەتەکەی دەستنیشاندەکات، چونکە ڕیاڵ لە دەرەوەی سنوری ڕەمزییەوە دەمێنێتەوە، چونکە ناونانرێت. لەڕاستیدا ڕیاڵ شتێکی نەگۆڕە و لەو ڕەگەزانە پێکهاتووە کە هەرگیز ناتوانین دۆخێکی ڕەمزی (کەلامی و زمانی)یان پێ بدەین.

لاکان بە شێوەیەکی دیاریکراو، ئاماژە بۆ کابوسەکان و زەربە ڕۆحی و دەروونییەکان دەکات. لاکان بۆ دەربڕینی پەیوەندیی ئەم سێ پانتاییە، سود لە ئەندازەی پێگەیی (position ) وەردەگرێت و باس لە سێ ئەڵقەکەی گرێی برۆمەیی دەکات:»زنجیرەیەک کە لە سێ ئەڵقە پێکهاتووە، بە جۆرێک کە گەر یەکێک لەو ئەڵقانە جیابکەینەوە ئەوا دوو ئەڵقەکەی تر لێکدەترازێن و پێکەوەیی خۆیان لەدەستدەدەن».

ژیژەک بە پەیڕەوی لە لاکان، باس لە دڵەڕاوکێ و ئارەزوو (هەروەها چەند پرۆسەیەکی هاوشێوەش کە لە سنوری شتە نەبینراوەکاندایە) دەکات کە نەک تەنیا زادەی مانان، بەڵکو ڕێپیشاندەری کارەکانی مرۆڤن لە درووستبوونی واقیعدا. جێی باسە کە دەبێت لە قاموسی لاکاندا ئەم دوو چەمکە جیا بکەینەوە: واقیع (کە لە درێژەی پرۆسە ڕەمزییەکاندا درووستدەبێت)، ڕیاڵ (شتێکی نەگۆڕ و نەڕەمزێنراو کە سنورەکانی واقیع دیاریدەکات).

پانتایی ڕەمزی (هەر بۆ نموونە: نەزمی کۆمەڵایەتی کە لە هەناوی سیستەمی دەلالەتەوە دێتەدەر و دروست دەبێت). بەپێی زاراوەکانی لاکان، ئەوی تری گەورەشی پێدەوترێت، چونکە ئەوە ئەوی تری گەورەیە، کە نەزمی ڕەمزی ڕێکدەخات و جڵەوەکەی دەگرێتەدەست و خۆیشی لە دەرەوەی ئەم نەزمەوە دەمێنێتەوە، هەر بەم پێیە گشتەکی»کلی» خۆی لە بەشەکی»جزئی»دا ئاشکرادەکات: گشتەکی، خۆی لە سەمپتۆمدا دەردەخات-سەمپتۆم لە وشەی سۆمپتۆمای یۆنانییەوە هاتووە کە بە مانای بەخت و ڕێکەوت دێت و لە فرمانی سۆمپیتۆوە وەرگیراوە کە خۆی دەلالەت لە قەومانی ڕووداوێک، یان هاتنەخوارەوەی بەڵایەک دەکات بۆ سەر کەسێک. سەمپتۆم لە پزیشکی و بەتایبەت دەروونشیکاریدا ڕاپۆرتێکی زەینی، یاخود سوبژەکتیڤە، هەستێکە کە نەخۆش ئەزموونی دەکات و گۆی

دەکاتْ و بە «ئاماژە» دادەنرێتْ. لەم ڕووەوە، خاڵی بەرامبەر و پێچەوانەی نیشانەیە کە شایەتییەکی ئۆبژەکتیڤە بۆ هەبوونی نەخۆشی یان تێکچوونێک لە نەخۆشەکەدا. {لە کوردیدا بۆ سەمپتۆم، نیشانەی نەخۆشی دادەنێین و بۆ نیشانە–sign–ش هەر نیشانە}، بۆ نمونە، دەتوانین ماندوویێتی و ئێش و ئازار و هێڵنج بە «ئاماژە» دابنێین، هاوکاتْ بەرزبوونەوەی فشاری خوێن یان نائاسایی بوونەوەی ڕووکاری تۆڕی چاو نیشانەیەکی پزیشکییە، کە لە ماهیەتی نەخۆشییەکە ئاگادارمان دەکاتەوە. وەک باسمانکرد، بە بڕوای ژیژەک، گشتەکی لە بەشەکیدا خۆی دەردەخاتْ، وەک چۆن هەڵەیەکی زمانی»لە دەم دەرچوون» لە دیدی فرۆیدەوە، حەقیقەتێک ئاشکرا دەکاتْ.

پێشتریش باسکرا کە نەستْ لە دیدی لاکانەوە، کۆگای غەریزە حەیوانیە پەتییەکان نییە، پانتاییەک نییە کە بونیاد و پێکهاتە و قاموسی نەبێتْ، بەڵکو وەک سرووشتی خۆی پەیوەستە بە یاساوە و بینایەکی وەک زمانی قسەکردنی هەیە و ئەمانەش بەو مانایە دێن کە سنورداری و کەموکورتی یەکێکە لە پێویستییە زاتییەکانی نەستمان، وەکچۆن هەبوونی ئارەزووەکانیش بەبێ قەدەغەکاری مەحاڵە هەبێتْ، بەڵام نەستْ لە دوو هێڵەوە خۆی لەگەڵ ئارەزوودا دەگونجێنێتْ، واتە نەستْ ئارەزووی دوو لایەن دەکاتْ: یەکەم، لایەنی»ئایدیاڵ و خوازراو» واتە ئۆبێکتەکانی ئارەزوو، پاشانیش لایەنی خۆی، واتە میکانیزمی ئارەزوو لە خۆیدا. لاکان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جیاکارییە، جیاوازی دەخاتە نێوان ئامانجی ئارەزوو(goal) و مەبەستی ئـارەزووەوە(aim). لاکان گرنگییەکی زیاتر دەداتـە پاڵ ڕووی دووەمی ئارەزووکردن: لەڕاستیدا ئامانجی ئـارەزوو هیچ نییە جگە لە پرۆسەی ئارەزوو خۆی، ئەمە لە کاتێکدا کە لە هێڵی دووەمـدا– واتە مەبەستی ئارەزوو– زەینی {سوبێکتْ} سەرنج دەخاتە سەر بابەتی ئارەزوو. بەگشتی

ئۆبێکنەکان ئیحتیمالی و کتوپڕە و بۆ ئەوەی ببنە جێی خواستی ئێمە(واتە ببنە ئۆبێکتی ئارەزوومان)ئەوا دەبێت لە پانتایی ڕەمزیدا جێیەک بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بە دەربڕینێکی تر، ئەوە پانتایی ڕەمزییە کە دەست نیشانی دەکات ئارەزوو پەیوەست دەبێت بە چییەوە. گەرچی ئۆبێکتەکان دەتوانن چێژێکی کاتیمان بدەنێ، ئەم چێژە خۆی پاشماوە و زیادەی پرۆسەی بەڕەمزیکردنە، واتە لە سنوری ژویسانس و ڕیاڵدا جێی خۆی دەگرێت. ئەم ئۆبێکتانە «نیشانەی نەخۆشی»ـی بوونی مرۆڤ پێکدێنن، بەڵام دەشێت هاوکات ببنەوە بە دژی: ببنەوە بە فیتیشی{شێوە بت}. ژیژەک وەک کۆپیی نیشانەی نەخۆشی سەیری فیتیش دەکات، فیتیش وەک جۆرە ژیانێکی ساختە و درۆیینە کار دەکات، کۆی ژیانمان بە جۆرێک بنیات دەنێت کە جگە لە پاراستن و هێشتنەوەی فیتیش هیچ ئامانجێکی تری نەبێت: فیتیش برێتییە لەو بەرجەستەبوونە درۆیینەیەی کە توانامان دەداتێ بەرگەی ئەو حەقیقەتە بگرین کە بەرگەناگیرێت و لە تەحەممول بەدەرە. ئەمە ڕیاڵ خۆیەتی (بە مانا لاکانییەکەی)، ئۆبێکتێکی تەریک و لاکەوتە(واتە ئۆبێکتی بچوکی لاکانی:object petit a) کە ئامادەییە سەرنجڕاکێش و پڕ ماناکەی مانەوەی نەزمی کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەکات(واتە ڕیاڵی بونیادی)، ئەم ڕیاڵە ئەو توانایە دەداتە مرۆڤ تاکو مەودای خۆی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا بپارێزێت: ئۆبێکتێک کە هیچ پێگەیەکی دیاریکراوی لە هەناوی واقیعدا نییە، ئۆبێکتێک کە ناتوانرێت ناوبنرێت و بە هەر جۆرێک بڕەمزێنرێت-ئەو کارەی کە پاڵەوانەکەی فیلمی نمایشی ترۆمەن، بەرهەمی پیتەر وییەر دەیکات: ئەو، ڕووخساری مەعشوقەکەی خۆی بە هۆی پێکەوەنان و کۆلاژکردنی لەتە وێنەکانی گۆڤارەکانەوە دروستدەکات و دەیخاتە ناو واقیعەوە و بەم جۆرە مەودای خۆی دەپارێزێت لە ڕۆتین و ژیانی ڕۆژانە. مەبەستی ژیژەک

ئەوەیە دەبێت هەر بونیادێکی ڕەمزی هەڵگری کۆمەڵێک ڕەگەز بێت کە مەحاڵبوونەکەی بەرجەستە بکات و ئەو{مەحاڵبوون}ەیە، کە وادەکات ڕەمزی درووستببێت. ئەم ڕەگەزە لە چرکەیەکدا مەحاڵە و (لە ڕووی کاریگەرییشەوە) ڕیاڵە. لەلایەکی ترەوە، نیشانەی نەخۆشیمان هەیە کە بەناچاری گەڕانەوەی حەقیقەتی چەپێنراوە لە شێواز و کەوڵێکی جیاوازدا.

ژیـژەک ئەم ئۆبێکتە بچوکە بە هەمان «مەک گافین»ی هیچکۆکی دەزانێت{مەک گافین لە سینەمای هیچکۆکدا بریتییە لەو سەرەداو و ئۆبێکتە بێ بایەخەی کە فیلمێک دەباتە پێشەوەو دواتریش یان هەر نایدۆزینەوە یان بیرمان دەچێتەوە، بیانوویەکی بەتاڵ و هاوکات گرنگیشە .و}. لە object petit a دا «a» نوێنەری autre(واتە ئەوی تر)ـە. دەتوانین ئەم a ناوبنێین ئەوی تری بچوک. aلە قاموسی لاکاندا بەرامبەرە بە (من)ـی مناڵ کە لە قۆناغی ئاوێنەییدا دوای دۆزینەوەی وێنەی خۆی دێنەدی. یەکەمین ئۆبێکتی دەرەکیی ئارەزوو، وێنەی مناڵ خۆیەتی و ئەم وێنەیەش دەبێتە سەرچاوەی نەرجسیەت، نەرجسیەتی سەرەتایی. لە درێژەدا ئەم نەرجسیەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئارەزووی کەسەکە بۆ ئەوانی تر، شێوەیەکی پێچەوانەی ئـارەزوو بێت بۆ خۆی. لاکان لە دەیـەی 1950دا، وێنەی مناڵ و ئەو کەسانەشی کە لە ژێر کاریگەریی گشتاندنی ئەو وێنەیەدا پەیوەست دەبن بە ئارەزووی کەسەکەوە، ناودەنێت object petit a.

لە دەیەی 1960دا، لاکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئۆبێکتی ئارەزوو لەبنەڕەتەوە بوونێکی لەدەستچوو و نوقسانی هەیە و تەنانەت پێش هەبوون و ئامادەبوونیش هەر لەدەستچووە. لەڕاستیدا ئۆبێکتی ئارەزوو بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوەی سوبێکت و ئەوی ترە. ئۆبێکتی ئارەزوو هەم کۆکردنەوەی سوبێکت و ئەوی ترە و هەم دەرکردنیشیانە لە یەکتری.

بەم پێیە، ئۆبێکتی بچوک بە هۆکاری سەرەکیی ئارەزوو دادەنێت، واتە سوبێکت بوونی خۆی بە قەرزاری ئۆبێکتی بچوک دەزانێت و، درزی ناوەکی و حاشاهەڵنەگری ناو سوبێکت دەرەنجامی ئارەزووکردنی سوبێکتە بۆ«a»، کەواتە ئۆبێکتی بچوک، هۆکار و بیانووی سەرەکیی ئارەزووە لە مرۆڤدا، ئەمە لە کاتێکدا کە خۆی بوونێکی وەهمی هەیە. چونکە سوبێکت بەردەوام دووچاری ئەو وەهم و خەیاڵاتەیە، کە ئۆبێکتە خوازراوەکەی ئارزووی لە دەستدایە و بەدەستدەهێنێت.

لە سەرەتای دەیەی 1970دا، لاکان بە کۆمەکی چەمکی بەهای زیادەی مارکس و کارکردەکەی لە سیستەمی سەرمایەداریدا، ئۆبێکتی بچوکی «a» بە هەمان چێژی زیادە دەزانێت. چێژوەرگرتن لە هیچ(بەو پێیەی کە ئۆبێکتی ئارەزوومان بوونێکی نوقسان و لەدەستچووی هەیە): هیچ لە ژیانی سوبێکتدا هەڵدەئاوسێت، لە شێوەی زیادەیەکدا کە سوبێکت ناچاردەبێت بۆ هەمیشە بیکاتە کۆڵەکە و تەوەری ژیانی خۆی، واتە جگە لەوە بیر لە هیچ نەکاتەوە و ئارەزووی هیچی تر نەکات. سەرەنجام، لاکان ئۆبێکتی بچوک بەو گرێ برۆمەییە دادەنێت کە هەر سێ جەمسەرەکەی سوبێکت وەک سێ ئەڵقەی پێکەوەبەستراوی زنجیرێک پێکەوە دەبەستێتەوە.

بەڵام ژیژەک، ئەم شەرحە ئاڵۆزە بە کۆمەکی «مەک گافین»ی هیچکۆکی باس دەکات. مەک گافین پێشزەمینەیەکی داستانییە کە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە پاڵ پێوە دەنێت و کارەکە دەباتە پێشەوە. مەک گافین زۆرجار شتێک یان بابەتێکە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە بێ چەندوچون بایەخەکەی پشتڕاست دەکەنەوە و لە دیدی بەرامبەرەوە(واتە بینەری فیلم یان خوێنەری پیرۆکەکە) نابێتە جێی سەرنج. هیچکۆک لە ساڵی 1966دا، لە گفتۆکەیدا لەگەڵ فرانسوا ترۆفۆدا زاراوەی مەک گافین لە شێوەی چیرۆکێکی تەنزئامێزدا باس دەکات:

ڕەنگە مەک گافین ناوێکی سکۆتلەندی بێت، لە چیرۆکێکەوە وەرگیرابێت سەبارەت بە دوو موسافیر لە شەمەندەفەرێکدا. یەکێک لە موسافیرەکان لەوی تریان دەپرسێت: ئەو پاکەتە چیە بەسەر باوەڵەکەوە؟ ئەوی تریشیان وەڵام دەداتەوە: ئۆی، ئەوە مەک گافینێکە. یەکەمەکەیان دەپرسێت: ئەی مەک گافین چیە؟ ئەوی تریان دەڵێت: مەک گافین ئامێرێکە بۆ خستنەدوای شێر لە چیاکانی سکۆتلەندادا. یەکەمەکەیان نارەزایی دەردەبڕێت کە: چیاکانی مەک گافین شێری هەر تیا نییە. یەکەمەکەیان وەڵامدەداتەوە:«ئۆکەی، کەواتە ئەوە مەک گافین نییە». ئۆکەی، خۆ بینیتان مەک گافین لە بنەڕەتدا هیچ نییە...

ژیژەک دەڵێت: »مەک گافین هەر هەمان object petit a ە و هیچی تر: نوقسانی و نەبوون. پاشماوە و زیادەکەی ڕیاڵ کە ڕەوتی ڕەمزیی تەئویل و تەفسیر دەخاتە گەڕ، چاڵێک لەناو نەزمی ڕەمزیدا(وەک فەزایەکی بەتاڵ لە ناوەڕاستی ئەڵقەی برۆمەییدا)، ڕواڵەتێکی پەتی کە دەبێت شەرحی بکەیت، تەفسیری بکەیت...

**4. ژیژەک: شەرح و پەرەپێدانی سێ پانتاییە لاکانییەکە:**

«پەرستگای پیرۆز، وەک ئەوەی کە فیلۆن تێیگەیشتبوو، نموونە یان نەخشەیەکی بچوکی هەموو جیهانە لە قاڵبی بینایەکی میعماریدا، بێگومان پەرستگا جیهانێکی بچوکە لە بەرامبەر جیهانی گەورەدا».

ڕیاڵ: لێرەدا ڕیاڵ وشەیەکی ئاڕادەیەک تەمومژاوی و نهێنیئامێزە و نابێت بە هاومانای واقیعی بزانین، چونکە واقیع بە شێوەیەکی ڕەمزی(لە هەناوی زمان و کەلتوردا) درووستدەبێت. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕیاڵ ناوکێکی ڕەق و سەختە: تراوما یان زەربەیەکی بیرنەچووەوەیە، کە ملکەچی رەمزاندن

نابێت، واتە لە قاڵبی وشەدا دەرنابڕدرێت. ڕیاڵ هیچ جۆرە بوونێکی بەرهەمدار و ئەزمووندارى نییە. تەنیا لە قاڵبی شتێکی قەدەغەکراودا بوونی هەیە، شتێکی داخراو. وەکچۆن لە سیفری دەرچوونی پەیمانی کۆنیشدا دەخوێنینەوە: «تەختی ڕەحمەت بخە سەر تابوت و ئەو شایەتییەشی کە بە تۆی دێنم بیخە ناو تابوتەکەوە»(دەرچوون، بابی 25، ئایەتی 21).

ناکرێت هەرچی لە واقیعدا بوونی هەیە، بتوانین وەکو ئەفسانە و چیرۆک ئاشکرای بکەین و پەردە لەسەر نهێنییەکەی هەڵبدەینەوە؛ تەنیا دەتوانین لەگەڵ ئەو هەموو شتەدا وەها بکەین-شتە تەمومژاوی و نەزانراوەکان- کە پەیوەستن بە ململانێی کۆمەڵایەتی و ژیان و مەرگ و مەیلی سێکسییەوە. گەر دەمانەوێت ئەم شتانە بڕەمزێنین، ئەوا پێویستە توانای بەرگەگرتنیشیانمان هەبێت. ڕیاڵ بریتی نییە لە جۆرە واقیعێکی نوستوو لەپشت واقیعەوە، بەڵکو بۆشایی، یان کۆمەڵێک فەزای بەتاڵی ناو واقیعە، کە ناکامڵ و نایەکانگیری دەکات. ڕیاڵ، پەردەی نمایش و وەهم و خەیاڵە بە وتەی پێشینانمان{باپیرانی فارسمان}، پەردەی وەهم و خەیاڵات، پەردەیەک کە تێگەیشتنمان بۆ واقیع پێچاوپێچ و چەوت و خێچ دەکاتەوە. ئەمە ئەو پەردەیەیە کە لە کتێبی پیرۆزدا باس کراوە. دیسان لە سیفری دەرچووندا دەخوێنینەوە: «هەروەها پەردەیەک بۆ دەروازەی خێمەکە لە کەوە و ئەرخەوانی و سورو کەتانی ناسکی چنراو، لە سەنعەتی نەخش و نیگار دروستبکە»(دەرچوون، بابی 26). سیانەی ڕەمزی/خەیاڵی/ڕیاڵ خۆی لە هەناوی دانە بە دانەی پانتاییەکاندا بەرهەمدێنێتەوە. ڕیاڵ خۆی هەڵگری سێ ڕووکار یان سێ پانتایی وجودییە:

- ڕیاڵی ڕەمزی: دالێک کە گەڕێنراوەتەوە بۆ ڕێسا و دیسپلینێکی بێمانا(وەک چۆن لە فیزیای کوانتۆمدا دەیبینین، کە هەروەک هەموو

لقەکانی زانست چنگ لە ڕیاڵ گیردەکات، بەڵام هیچ کارێک ناکات جگە لە بەرهەمهێنانی ئەو چەمکانەی کە لەوپەڕی قورسیدا تا سنوری تەمومژ و بێمانایی دەڕۆن).

- ڕیاڵی ڕیاڵ: شتێکی ترسێنەر و جەرگبڕ، کە لە فیلمە ترسناکەکاندا مانای ترس و تۆقاندن دەگەیەنێت.
- ڕیاڵی خەیاڵی: شتێکی تەمومژاوی و دورەدەست کە وەک شوێنپێ و شوێنەواری باڵایی( the sublime) دزە دەکاتە ناو شتەکانەوەو پڕیاندەکات لە خۆی. دەتوانین ئەم شێوازەی ڕیاڵ لە فیلمی قیروسیای لێ بکە(full monty)دا بدۆزینەوە کە بەشێوەیەکی مەلموس چیرۆکی کۆمەڵێک پیاوە لە شاری شفیلد کە بە هۆی بێبازاڕیی پیشەسازیی پۆڵاوە بێکاردەبن و، مادام کارێک پەیدا ناکەن، ئیدی بڕیاردەدەن ستریپ- تیز بکەنە پیشەی خۆیان(سەمای جامەریزان)، سەمایەک کە بۆ شادی و خۆشوەختیی بینەران ئەنجامی دەدەن. ئەم ڕووکارەی ڕیاڵ لە سەمای جامەریزانی پاڵەوانە بێکارەکانی فیلمەکەدا دەردەکەوێت کە جلەکانیان بەتەواوی دادەکەنن، بە دەربڕینێکی تر، بە هۆی ئەم جوڵە زیادەیە و بەپێچەوانەی باوەوە بەئاراستەی کەوتنی خۆویستانەدا، شتێکی تر خۆی دەردەخات، شتێک کە پەیوەستە بە باڵاییەوە.

دەروونشیکاری ئەوەی فێرکردووین، کە نابێت واقیع(پۆستمۆدێرن) وەک جۆرە حەکایەتێکی پەتی وەربگرین: ئەوەی کەسی سەردانکەری دەروونشیکارە، کە پێویستە ناوکی ڕەقی ڕیاڵ لە چیرۆکە تایبەتەکانی خۆیدا بناسێتەوە و بەرگەی بگرێت و بیکاتە چیرۆک.

ڕەمـزی: چوونەناوەوە بۆ پانتایی ڕەمـزی لە فێربوونی زمانەوە دەستپێدەکات، ڕەمزی لەسەر پەیوەندیی دوولایەنە بەندە، واتە هەر لە

بنەڕەتەوە شتێکی پەیوەندیگەرایە. بەم جۆرە، پاشا تەنیا بۆ ئەو کەسانە پاشایە کە وەک ژێردەستە هەڵسوکەوتدەکەن. هاوکات، هەمیشە جۆرە مەودایەک لەگەڵ ڕیاڵدا دەپارێزرێت(مەگەر سەبارەت بە پارانۆیا کە جۆرە وڕێنەیەکی درێژخایەنی سیستەماتیکیە): نەک تەنیا ئەو سواڵکەرە شێتە کە خۆی لێ بۆتە پاشا، بەڵکو ئەو پاشایەشی کە هەر بەڕاست پێیوایە پاشایە دیسان شێتە،چونکە بەفیعلی ئەمەی دواییان هیچ شتێکی بەدەستەوە نییە، جگە لە فەرمانڕەوایی ڕەمزیی پاشایەتی{پاشا بەهۆی خەڵکەوە بۆتە پاشا، بەهۆی میدیۆم و ناوەندێکەوە. پاشایەتی شتێک نییە لە زاتی مرۆڤ خۆیدا بێت}.

*ڕەمزیی ڕیاڵ: دالێکە کە تا ئاستی هاوکێشەیەکی بێمانا هاتۆتە خوارەوە.

*ڕەمزیی خەیاڵی: وەکو هێما یۆنگییەکان.

*ڕەمزیی ڕەمزی: وەکو وشە و قسە و زمان خۆی کە پڕە لە مانا.

شاشەی نمایش(کۆمپیوتەر) وەکو ئامرازێکی پەیوەندی لە قەڵغانی کۆمپیوتەریدا: وەک میدیۆمێک یان جیاکەرەوەیەک کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ جۆرە میدیۆمێکی ڕەمزیی پەیوەندی، بۆ درزی نێوان ئەوەی کە قسە دەکات و «پێگەی قسەکردنەکە خۆی»، واتە (نازناو ناوی خۆمانە، ئەدرەسی ئیمەیڵ). لەڕاستیدا من هەرگیز بەتەواوی وێک نایەمەوە لەگەڵ ناوی دەلالەتدا، ناتوانم خۆم ساختە بکەم یان دابهێنم، ڕاستییەکە ئەوەیە کە بوونی مەجازیی من بە دیوێکدا پێشوەخت لەگەڵ دەرکەوتنی قەڵغانی کۆمپیوتەریدا دامەزراوە.

لێرەدا مرۆڤ ناچارە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ جۆرە نائەمنی و نادڵنیاییەکدا، نائەمنی و نادڵنیاییەک کە لە دونیای ساختەوێنە (Simulacra)

سودفه و ڕێکەوتەکانی پۆستمۆدێرندا لەناو ناچێت. لێرەشدا وەک ژیانی کۆمەڵایەتی، تۆڕە ڕەمزییەکان دوور لە ناوکەکانی ڕیاڵ دەکەونە گەڕ. بۆ پرسیارەکەی ژیژەک وەڵامێک هەیە کە لە ڕاستیدا لە پێچەوانەکردنەوەی خودی پرسیارەکەوە دێت. کێشەکە ئەوە نییە کە دەتوانین لە ژیانەوە چ شتێک سەبارەت بە سایپەرسپەیس{دونیای پەیوەندییە ئەنتەرنێتی و کۆمپیوتەرییەکان} فێر دەبین، پرسیارەکە ئەوەیە کە چ شتێک لە سایپەرسپەیسەوە فێردەبین سەبارەت بە ژیان. ئەم پێچەوانەکردنەوانە بە کەڵکی دەروونشیکاریی تیۆری دێت: دەرونشیکاریی تیۆری، بەپێچەوانەی دەروونشیکاری پراکتیکییەوە، نایەوێت بەرهەمە هونەری{و فیکرییەکان} شیتەڵ بکات و لەو شتانەش تێبگات کە جێی هەڕەشەن، بەڵکو دەیەوێت ڕوانگەیەکی نوێ بکاتەوە بۆ سەرنج خستنە سەر پانتایی شتە ئاساییەکان، هەستی نامۆبوونی ژیانی ڕۆژانە سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە و لە ڕێگەی بابەتی شیکردنەوەکەوە هەنگاوێک بەرەو فراوانکردنی تیۆرەکە بنێت.

**تۆڕە ڕەمزییەکان هەمان واقیعی(کۆمەڵایەتی)ئێمەن.**

خەیاڵی: پانتایی خەیاڵی دەکەوێتە سەر هێڵی پەیوەندیی سوبێکت بە خۆیەوە. خەیاڵی برینییە لە هەمان نیگای ئەوی تر لە قۆناغی ئاوێنەییدا وەک وتمان مناڵ بۆ یەکەم جار وێنەی خۆی تیادا دەبینێت، لەڕاستیدا خەیاڵی هەمان ناسینەوەی درۆیینەی وەهمییە، کە لاکان لە ڕستە بەناوبانگەکەی ڕامبۆدا کورتی دەکاتەوە: من ئەوی ترم. پانتایی خەیاڵی هەمان فەنتازیای بنەڕەتییە کە لە کۆنترۆڵی ئەزموونی دەروونیی ئێمە بەدەرە و پەردەیەکی وەهم بەرزدەکاتەوە کە تیایدا ئۆبێکتەکانی ئارەزوومان پەیدادەکەین. لێرەشدا دیسان دەتوانین خەیاڵی دابەش بکەین بۆ سێ جۆری ڕیاڵ و خەیاڵی و

ڕەمزی: خەیاڵی کە جێی ڕیاڵ دەگرێتەوە و ئەو پەردە/وێنەیەی کە وەک تەڵە ئیشدەکات و سەرەنجام ئارکی تایپەکان، یاخود وێنە ئەزەلییەکانی یۆنگ و بیری سەردەمی نوێیە کە زەقترین دەرکەوتەی فەزای کەلتوریی سەردەمی پۆستمۆدێرنە، تێکەڵەیەک لە دین و عیرفانەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور و هندستان و حیکمەتەکانی پێش مۆدێرن و گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕەچەڵەکدا بەتەواوی کۆکە لەگەڵ لۆژیکی کەلتوریی سەرمایەداریی دواییندا، هەروەها خۆگونجانی بێ چەندوچون لەگەڵ ڕێساکانی ئەم دۆخە باڵادەستەدا. هەرگیز ناتوانین بەیەکجاری دەستمان بگاتە خەیاڵیدا، چونکە هەر گوتارێک سەبارەت بەو، هەمیشە پێشوەخت بە حوکمی گوتاربوونیانەوە، لە پانتایی ڕەمزیدا جێی خۆیان دەگرن. وەک ئەوەی پیشانماندا، هەموو ئەم ئاستانە، بەپێی ڕوانینی لاکان، لە جۆرە ئەڵقەیەکی برۆمەییدا پێکەوە دەبەسترێن، بەو مانایەی گەر هەریەکە لە سێ پانتاییەکە لێکبپچڕێت و هەرەس بێنێت، ئەوا دووانەکەی تریش هەرەس دێنن. دیارە هیچ پانتاییەک(وەکو هەریەکە لە سێ ئەڵقەکەی گرێی برۆمەیی)زیندانی نییە لەناو پانتاییەکەی تردا. بینای نەفسی(خود) مرۆڤ، لەسەر ئەو پەیوەندییە بەندە کە لەسەر بنەمای ڕووداوەکانی ژیانی هەر کەسێک لەنێوان ئەم سێ پانتاییە یان ئەم سێ هێڵە وجودییەدا بەرقەرار دەبێت.

**5. ژیژەک و پۆستمۆدێرنیزم:**

یەکێکە لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکان بۆ ژیژەک برێتییە لە پۆستمۆدێرنیزم کە دەرونشیکاری ڕوبەڕووی گەلێک پرسیاری تازە دەکاتەوە، بە تایبەت وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، هێرش بۆ سەر وێنەی سوبێکتی یەکپارچە و بێ خەلەلی مۆدێرن، ژاک لاکانیش دەکەوێتە تەنیشت بیریارە پاش

بونیادگەرەکانی ترەوە (کە زۆرینەیان فەرەنسین)، بێگومان پاش-بونیادگەری بە گرنگترین گوتاری تیۆریی دادەنرێت لە مەنزومەی پۆستمۆدێرنیزمدا. پۆستمۆدێرنە بە شێوەیەکی دیاریکراو، لەگەڵ ئاوابوونی ئەو کۆمەڵگەیانەدا کە ملکەچی بونیادەکانی باوکسالارین و لەناوچوونی سەرمەشقە جێکەوتوو و دەسەڵاتخوازەکان و گرێی ئۆدیبن واتە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی دەروونشیکاری وردە وردە بایەخی خۆی لەدەستدەدات.

بە مانایەک لە ماناکان، ئایدۆلۆژییەکەی خۆی لە هەردوو ڕووی سکەکەوە بەهێزدەکات: هەم لەسەر بنەمای ئەو بەهایانەی کە سیستەمێک بەئاشکرا پشتگیرییان دەکات و هەم لەسەر بنەمای ئەو شتەش کە پێی دەوترێت چینە شاراوە و ئالودەکانی سیستەم-ئەمە واتە، ئەو بەها و گریمانانەی کە ئایدۆلۆژیا بەشێوەیەکی شاراوە بەکاریاندەهێنێت. گەر دەشیەوێت بگاتە مەبەست و خۆی بەرهەمبهێنێتەوە ئەوا ناچارە بەڕاشکاوی دەریاننەبڕێت. ژیژەک لە بەرامبەر ئەم قاڵبە وەهمییەی درۆکردن و خۆدزینەوەدا کە خەسڵەتی ئایدۆلۆژی وەردەگرن، ئامانجی دەرونشیکاری دێنێتەکایەوە، کە بریتییە لە تێپەڕین بەناو فەنتازیادا و پێدا ڕۆیشتنی، تێپەڕاندنی پانتایی ئەو وێنە فریودەرەی، کە ڕازاندنەوەی نیشانەی نەخۆشییەکەی دەبێتە هۆی تێکدان و وێرانکردنی سوبێکت. ئامانجی دەروونشیکاری ئەمەیە: ڕۆیشتن بە هەنگاوی توندەوە بەرەو ناوکی ژویسانسی پێشکەوتن. کرداری ڕەسەن ئەو کردارەیە کە پەردەی وەهم بدڕێنێت، کە وەهم لەناو بباتە.

ئایدۆلۆژیا بە وتەی فریدریک جیمسۆن، بریتییە لە شێواندنی نائایدۆلۆژی: شێواندن و بەلاڕێدابردنی چرکەساتی یۆتۆپیایی. ئەم خەسڵەتە نائایدۆلۆژییەی تاسە و ئارەزووی ئێمە ڕەگەزێکە کە جێی ڕێزگرتنی بێ چەندوچوونە. بە دەربڕینێکی تر، نابێت تاسە و ئارەزووی خودی کۆمەڵ(واتە خودی

پێکەوەبوون) وەک شێوەیەکی کاڵ و خاوی سەرەتایی فاشیزم، یان تەنانەت وەک ڕیشەی ئینتیما فاشییەکان سەیر بکەین-ئەم تاسە و ئارەزووە تەنیا ئەو کاتە ڕوو لە فاشیزم دەکات، کە لە چوارچێوەیەکی فاشیستیدا پۆلێنبەندی بکرێت و دەربیڕدرێت.

لە ڕۆژگـاری ئێستاماندا کە نـاونـراوە سەردەمی پاش-ئایدۆلۆژیا، ئایدۆلۆژیا لەسەر بنەمای مەودایەکی ناوەکی ئیشی خۆی دەکات، بەهۆی ئەم مەودا ناوەکییەوەیە، کە نابێت فەرمانی ڕەمزی بەجدی وەربگرین، واتە لە سەردەمێکدا دەژین کە باوکەکان بەشێوەیەکی تانەئامێز خۆیان بچوک دەکەنەوە و بە تەعبیرە باوەکە سوکایەتی بە خۆیان دەکەن، جۆرە خاکیبوونێکی بێمانا کە ئەمڕۆ پێگەی ڕاستەقینەی باوکبوونە.

ژیژەک بە پەیڕەوی لە ئالتۆسێر، حوکمە بەناوبانگەکە(ئایدۆلۆژیا یەکسانە بە هۆشیاریی درۆیینە) پشتگوێدەخات. گەر هەموو ئاراستەکان لەبەرچاو بگرین، ئەوا ئایدۆلۆژیا هەر بە فیعلی بریتییە لە هۆشیاری. هۆشیاری «دەمامک»ێک دەخاتە سەر ڕیاڵ-لەڕاستیدا ناتوانین بگەینە هۆشیاریی ڕاستەقینە. گەر وەها بێت، «زەبر و زیرەکی»یەکانی پاش-ئایدۆلۆژیی پۆستمۆدێرن- سینیزم و کینیزمی گەمەبازانەی باو لە بەرهەمهێنانە کەلتورییەکانی پۆستمۆدێرندا- هەرگیز حەقیقەت ئاشکرا ناکات، واتە ڕیاڵ یان ئەو ناوکە ڕەقەی کە واقیع ڕادەگرێت. زانینی ئەوەی کە بەردەوام ئەو «درۆ»یەمان لەگەڵ دەکرێت کە لەم سەردەمەماندا جەوهەر و ناواخنی شۆڕش بوونی نابێت، چونکە ئایدۆلۆژیا بەتەنیا پەیوەست نییە بە هۆشیارییەوە(سینیزم، کینیزم، و هتد)، لە هەڵوێستەکانی سوبێکتیشدا کورتنابێتەوە، ئایدۆلۆژیا بریتییە لە جەوهەر و ناواخنی کـرداری ڕۆژانـەی مرۆڤەکان خۆیان. سینیک و کینیکەکانی پۆستمۆدێرن، گەر لایەنگرەکانی هەڵوەشانەوەگەرایی و هاوشێوەکانیان نادیدە

بگرین، ڕەنگە بزانن کە واقیع»درووستکراوێکی ئایدۆلۆژی»ە- هەندێکیان ئەنانەت بە شێوەی خۆیان لاکان و دێریداشیان خوێندۆتەوە- بەڵام لە کار و کرداری ڕۆژانەیانەدا، کە نوقمە لە جیهانێکی بەڕواڵەت نەگۆڕی بەهاکانی ئاڵوگۆڕدا(سەرمایە)، وەزیفەی خۆیان سەبارەت بە پاراستنی ئەو درووستبووە هاکەزاییە لە هەر هەلومەرجێکدا جێبەجێ دەکەن. گەر مارکس بمایە ئەگەری هەبوو، کە بڵێت ئەوە ڕەوتی ژیانی خۆیانە تووشی دەردە ئایدۆلۆژیا بووە، ئەوەی کە دەیزانن یان ئەوەی پێیانوایە دەیزانن، نە لێرەیە و لەوێ، بەڵکو لە تانوپۆی ژیانی خۆیاندایە. درووستکراوە کەلتورییەکانی پۆستمۆدێرنە-لە شێوەی»ڕەخنەگرتن» و «بێ متمانەیی»دا- جگە لە نیشانەی نەخۆشی/کاڵا /فێتیش زیاتر نییە(ئەوەی کە کەلتوری پۆستمۆدێرن بەرهەمی دێنێت، نیشانەی نەخۆشیی کەلتورەکە و شێوەبنێکی نەخۆشانە و کاڵایەکە لە خزمەتی لۆژیکی سەرمایە و هێشتنەوەی دۆخە باڵادەستەکەدا). بەم جۆرە، سەرمایە تەنانەت سینیزم و ڕەشبینیی ڕۆشنبیرانەشی کردۆتە کاڵا کە بانگەشەی ڕیسواکردنی»واقیع»ـی سەرمایە و «ڕزگارکەری» دەکەن. ژیژەک لەو پێشەکییەدا کە بۆ کۆمەڵە وتارەکەی کتێبی کێشانی نەخشەی ئایدۆلۆژیای نوسیوە، پەردەی لەسەر حەقیقەتی ئایدۆلۆژیا هەڵداوەتەوە لە ڕۆژگاری خۆماندا:«ڕەنگە گوزارەی سەرەکیی ئایدۆلۆژیا ئەمە بێت کە: لێگەڕێ با ڕاستییەکان خۆیان بدوێن!».

**6. ژیژەک و سیاسیبوون:**

ئەمڕۆ دوای پەرەسەندنی درووشمی کۆتایی ئایدۆلۆژیا، ژیژەک دەستیداوەتە ڕەخنەکردنی شێوازەکانی پاساو و لەقاڵبدانی بڕیارە سیاسییە داخـراوەکـان. بۆ نمونە ئەو شێوازەی کە لە پلانە کۆمەڵایەتییەکاندا

بۆتە باو بۆ پاساودانی کەمکردنەوەی نرخەکان، وەک زەرووره‌تێکی بەڕواڵەت»ئۆبژەکتیڤ» و، ئەمەش لەکاتێکدایە کە پشتبەستن بە زەرووره‌تێکی وەها چیتر بنەمایەکی موعتەبەری نییە بۆ {هەر}گوتارێکی سیاسی. بە بۆچوونی ژیژەک، ژاوەژاوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی سەبارەت بە بەرپرسیاری و پابەندبوونی زیاتری هاووڵاتیبوون یان زەرووره‌تی سنوردارکردنی ئامانجە سیاسییەکان لە چوارچێوەی چالاکییە کەلتورییەکاندا کە هیچ جۆرە پێوەرێکی پتەوی درێژخایەن ئامادە نەکەین، بەفیعلی سەرچاوەی کاریگەری نابن، بەڵام پێوەرەکانی وەک سنوردارکردنی ئازادیی سەرمایە و پرۆسەکانی ملکەچکردنی بەرهەمهێنانی پیشەسازی بۆ میکانیزمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی-ئەمانە لە دیدی ژیژەکەوە، جۆرێکن لە بەسیاسیکردنەوەی ڕیشەیی ئابوری.

کەواتە دەتوانین بڵێین، لەمڕۆدا ژیژەک بەرگری لە جۆرە بەسیاسیبوونێکی ئابوری دەکات، چونکە ئینتیما بۆ فرەکەلتوری و هەڵکردن لەگەڵ جۆرەکانی جیاوازیدا کە بە دۆگمی زاڵی کۆمەڵگەی لیبراڵیی ئەمڕۆ دادەنرێت، گرنگترین پرسیاری سەردەمی ئێمە بە بێدەنگی دەهێڵێتەوە و تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، پرسیارەکەش ئەمەیە: چۆنچۆنی دەتوانین لەو دۆخەدا کە لە جیهانگیرییەوە سەرچاوەی گرتووە، سەرلەنوێ فەزایەکی ڕاستەقینە و شیاوی سیاسی بکەینەوە؟ ژیژەک هەروا باس لە زەرووره‌تی بەسیاسیبوونی سیاسەییش دەکات لە بەرامبەر ڕەوتی پاش-سیاسەتدا. لە سەردەمی بڕیاردانی سیاسییەکاندا لە پانتایی دیموکراسییە لیبراڵەکاندا، ڕەخنە لە سیستەمی جووت حزبیی زاڵی سەر هەندێک وڵات دەگرێت، وەک یەکێک لە قاڵبە سیاسییەکانی سەردەمی پاش-سیاسی، وەک دەرکەوتەی ئەگەری هەڵبژاردنێک کە لە واقیعدا هەر بوونی نییە.

بـەم جـۆرە، لـە دیـدی ئـــەوەوە، هــەر زەمـەنـێـک کـە داوایــەکـی بەشەکی»جزئی» وەک نوێنەری»گشتەکی-کلی»ـی مەحاڵ بێتەکایەوە ئەوا پرۆسەی سیاسیبوون دێتەکایەوە. ژیژەک لە ململانێی چینایەتیدا بە چاوی خەسڵەتە ئۆبژەکتیڤە سنوردارەکانەوە بۆ ناوچەیەکی تایبەت ناڕوانێت، واتە وەک پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئاستی بەراوردکردن بە سەرمایەدا، بەڵکو وەک ململانێیەکی جێگرتوو لە پێگەیەکی تەواو سوبژەکتیڤدا لێیدەڕوانێت: پرۆلیتاریا ناکۆکی و دژگۆیی بەرجەستەبووی زیندووە. تەنیا بە ناوەندێتی و بەهۆی بەشگەراییەوەیە لە ململانێی سیاسیدا: هەر جۆرە گشتگەراییەک دەتوانێت خۆی قـووت بکاتەوە. بەگشتی ئەمڕۆ شەڕکردن لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی کرێکاراندا پێدەچێت خێری تیا نەمابێت (ڕاستییەکەشی لەم سنورەدا، کرێکاران خۆشیان هیچ ئارەزوویەکیان نییە جگە لە پیادەکردنی خولیا و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و تەنیا لەبەر خۆیان دەجەنگن نەک کۆی مرۆڤایەتی). کێشەکە ئەوەیە کە لە سەردەمی پاش-سیاسەتدا چۆنچۆنی سیاسەتێکی سیاسەتساز بگرینە بەر، سیاسەتێک کە لەپێناوی بەسیاسیکردنی ئابوری و سیاسەت خۆیشیدا ئیش بکات، واتە سیاسەتێکی ڕاستەقینە. داواکارییە بەشەکییەکان، کە هەروەکو چڕکردنەوەیەکی میتافۆری ئیش دەکەن، شتێکی باڵا دەکەنە ئامانج، بنیاتنانەوەی ڕاستەقینەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی. لە دیدی ژیژەکەوە، کێشمەکێشی سیاسیی ڕاستەقینە لەنێوان بونیادی ڕێکخراوی کۆمەڵگە و ئەوانەدایە کە جێیەکیان تیایدا نییە، بە دەربڕینەکەی ژاک ڕانسێر، کێشمەکێشی نێوان پەیکەری بونیادڕێژکراوی کۆمەڵگە کە تیایدا هەر بەشێک پێگە و مەقامی خۆی هەیە و ئەو بەشە «بێ پشک»ەش کە هەرچەندە پێگە و مەقامێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم نەزم و بونیادە دەهەژێنێت، چونکە بیرخەرەوەیە، واتە

بەرجەستەبوونی زەقی ئەمەیە: گشتەکی بنەمیەکی ناوبۆشی هەیە.

خودی ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگە هەروا بە سادەیی دابەشناکرێتە سەر چینەکاندا، ئەو ئەرکە مەزن و قورسەی کە هیچ خەسڵەتێکی بونیادیی سادە بۆ کۆمەڵگە وێناناکرێت، ئەوەی کە بۆ نمونە ئەمڕۆ پۆپۆلیزمی ڕاستڕەویش بەتوندی لەسەر چینی ناوەڕاست شەڕ دەکات، نیشانەی بەردەوامیی ئەم ململانێیە، گەرنا ململانێی چینایەتیش بەتەواوی لە پانتایی ڕەمزیدا دەتوایەوە و دەنوێنرایەوە و چیتر مەحاڵ و ڕیاڵ نەدەبوو.

### 7. هەندێک ڕەخنە لە پرۆژەکەی ژیژەک:

ئانتۆنی ئەلیوت لە کتێبی تیۆری کۆمەڵایەتی و دەروونشیکاری لە قۆناغی پەڕینەوەدا-خود و کۆمەڵگە لە فرۆیدەوە تا کریستیڤا(1999)، بنەما تیۆرییەکانی پرۆژەکەی ژیژەک بەم جۆرەی خوارەوە ڕەخنە دەکات: لە پرۆژەکەی ژیژەکدا گرفتێک بەرچاودەکەوێت، کە ئالودەیە بە زۆرێک لە تیۆریستە پاش-لاکانییەکان: شکانەوە بە لای ئەو تێڕوانینەدا کە کەمنازۆر پشتی بەستووە بە خەیاڵکردن کە بەجۆرێکی تایبەتی سوبێکتایەتی، واتە درووستبوون و بەهێزبوونی درزێکی نەگۆڕ لەنێوان خۆت و ئەوانی تردا، بەشێکی زاتی و جیانەبووەوەی پانتایی خەیاڵیی نەستە. لە وەڵامی ئەم دیدگایەدا دەتوانین ئەوە پیشانبدەین کە لێکۆڵینەوە لە فۆرمە ئایدۆلۆژییەکان یەکسان نییە بە شیکردنەوەی پرۆسەی خەیاڵی«داپۆشین»ـی نوقسانییەکی وجودی و قووڵتر، بەڵکو زیاتر حوکمی توێژینەوەی هەیە لەو پرۆسانەدا کە لە ڕێگەیانەوە درووستکراوە خەیاڵییەکان دەبنە هۆی درووستبوونی خۆبونیاتنانی ئۆتۆنۆمی هەڵبژاردنخولقێن یان لەخۆنامۆکەر (چەپێنەر). نابێت نەتوانین پانتایی خەیاڵیی نەست وەک قەڵەمڕەوێکی جیاکراوە سەیر بکەین(بۆ

نمونە لە جۆرە نوقسانییەکی وجودییەوە)، هەوڵێک بۆ «پینەکردن»ی ئەو نوقسانییەی کە زاتی سوبێکتی گرتۆتەوە. پانتایی خەیاڵیی نەست بریتییە لە توانای »خولقاندن و گۆڕینی شتەکان»، ناتوانین جیای بکەینەوە لە فەنتازیا و نواندنەوە و هەست و سۆز، بۆیە گەڕان بەدوای سەرەتا و هێڵی سفردا(وەک گوتەزا لاکانییەکە-نوقسانی و لەدەستدان) کە بتوانین ئایدۆلۆژیا و شێوازە جیاوازە کەلتوورییەکان بە بەشێکی جیاکراوە لەوە بزانین، هیچ هۆیەکی نییە.

ئەلیوت پێکڕا پێیوایە کە تێزی بنەڕەتیی کارەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردووی ژیژەک لە بنچینەوە هەڵەیە-گریمانەکەی ژیژەک ئەوەیە، کە کەلتوری پۆستمۆدێرنیزم ئالودەیە بە کەموکورتیی لۆژیکی فێتیشیستیی نکۆڵیکردن، هەژاریی ڕەمزی، دەخەڵبازیی ماسۆشی. بە بۆچوونی ئەلیوت، ئەم شێوازە نەک تەنیا هەندێک لە کێشەدارترین گریمانە ئەپیستمۆلۆژییە مارکسییەکان بەرهەمدێنێتەوە(ئایا بەڕاستی دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ بنبەستەکانی قوتابخانەی ئاڵتۆسێر؟)، بەڵکو زۆرێک لە ئەنجامگیرییە تیۆرییەکانی ژیژەکی تووشی ناکۆکییەکی گرفتساز کردووە لەگەڵ ئامانجە سیاسییە تەرحکراوەکانیدا. چ کەسێک دەرگیری لێکۆڵینەوەی هیگڵ و سیاسەتی شوناس-تەوەر بێت چ تەماشاکەری شۆ تەلەفزیۆنییەکانی ئۆپێرا یونیفیری{بێژەری پڕ بینەرترین مێزگردی تەلەفزیۆنی لە مێژووی تەلەفزیۆن و دەوڵەمەندترین ئەمریکیی بەڕەگەز ئەفریقی  لە سەدەی بیستەمدا}، ئەمانە هەمووی لە دیدی ژیژەکەوە بەڵگەیەکن بۆ فەنتازیای ئایدۆلۆژی، بە مەبەستی لەبیربردنەوەی تامی تاڵی نوقسانی و درز و ململانێی وجودی و لەناونەچوون لە بوونی مرۆڤدا. جێگەی جیاکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان لەم شێوازەدا خاڵییە، چونکە ژیژەک بەئاسانی

بەتەنیشت شێوازە ئاڵۆز و پڕ ناکۆکییەکانی ململانێ و بەرهەڵستییەکانی خەڵکدا ئیدەپەڕێت لە بەرامبەر ئایدۆلۆژییە سیاسییەکاندا.

ئەلیوت ئەوەشی بۆ زیاد دەکات کە«ڕەنگە سەیر بێتە بەرچاو کە وەک زۆر تیۆریستی کەلتوریی تریش، کە ڕوویانکردۆتە دەروونشیکاری، ژیژەکیش وای دەبینێت ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین، کە تیایدا کەلتوری باڵادەست لە دۆخی ئێستادا شێوە داهێنەرانەکانی ژیانکردن شکست پێدێنێت. وەکو دیدگاکەی هێربەرت مارکۆزە کە سەبارەت بە «کەلتوری تاکڕەهەندی» و «مرۆڤی تاکڕەهەندی»، یان تیۆرەکەی ئەدۆرنۆ دەربارەی»کۆمەڵگەی سەرتاپا بەڕێوەچوو-ئیدارەکراو»، ژیژەک پێیوایە ئێمە بێبەشین لە ئێوبەریی دەستەجەمعیی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاژاوە و بێ نەزمیی سەرمایەداریی جیهانیدا».

ڕەخنەگرێک بەناوی جۆن هۆڵبۆ(مامۆستای زانکۆی نەتەوەیی سەنگافورە) ژیژەک بەوە تۆمەتبار دەکات کە خۆی دەدزێتەوە لە وەسفی وردی پۆلێنبەندی و ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی دڵخواز، کە دەیەوێت بیکاتە جێگرەوەی نەزمە باڵادەستەکەی ئێستا. بە دیدی هۆڵبۆ، شێوازی بیرکردنەوەی»ناعەقڵانییانە»ی ژیژەک، ئەو لایەنە باشە کردەکییانە نادیدە دەگرێت کە بە هۆی سیستەمی سەرمایەداریی دواییەنەوە هاتوونەتە دی، بەتایبەت بەئاسانی چاو لە لایەنە باشەکانی شێوە لیبراڵ دیموکراسییەکەی دەپۆشێت، بە بڕوای ئەو، ژیژەک لە ڕێگەی ملکەچکردنییەوە بۆ «ڕێساکانی گەمەکە» لە جیهانی ئەمڕۆدا و داوای پێداگرانە لە چەپەکان لەسەر بنەمای وەفاداربوون بۆ ئەخلاق و ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕانە، بەشێوەیەکی ناکۆک و دژیەک بێ ئینتیمایی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەرەنجامەکانی کردەی سیاسیدا ئاشکرادەکات(ئەو گرفتەی کە ژیژەک خۆشی زۆرجار ڕەخنەی لێ دەگرێت).

هەندێک ڕەخنەگریش هەن کە ئاماژە بۆ شێوازی ژیژەک دەکەن لە پێشێلکردن و تەنانەت گاڵتەپێکردنی پێوەرەکانی ئەرگۆمێنتی لۆژیکیدا(یان لانیکەم ئەکادیمیا). کۆمەڵێکیش هەن ستایلەکەی ژیژەک بە «ڕەوتێک دەزانن کە لە یەکەی نایەکانگیر پێکهاتووە و ڕیزبەندیی لۆژیکیی تیا نییە» و»لە زنجیرەیەک شتی گیرفانی خۆی و دڵخوازی خۆی پێکهاتووە، کە ئەگەر و توانای تەرکیزکردن و خوێندنەوەی بەردەوام لە خوێنەر دەسێنێتەوە». لە دیدی ئەم ڕەخنەگرانەوە، شێوازی گوزارشت و ڕەوانبێژیی ژیژەک بەزۆری گێژکەر و خێرا و هەندێ جاریش سەرگەرمکەرە و زۆر جاریش گومڕاکەرە. گوایا ژیژەک بە کۆمەکی ئەم هونەرانە، هەوڵدەدات هەموو دیوەکانی خوێنەر لە یەک چرکەساتدا سەرگەرم بکات و فریوی بدات، تەنانەت هەڕەشەی لێ بکات، گومڕای بکات، بیحەپەسێنێت، گێژی بکات و بەهۆی ژمارەیەکی زۆر نموونە و گەڕاندنەوەوە خوێنەر ناچار دەکات کە هەڵوێستەکانی قبوڵ بکات. بەرگریکارانی ژیژەک(لەوانە، ریکس باتلەر کە لە نوسەرە سەرەکییەکانی lacan.comـە) لەو بڕوایەدان کە ڕەخنەگەلێکی لەم جۆرە بنچینەی شتەکەیان نەپێکاوە و لە ناواخنی ژیژەک تێنەگەیشتوون. باتلەر دەنوسێت«وەک چۆن ژیژەکیش دەیڵێت، لەناو هەمووماندا ئەو ئارەزووە هەیە، کە لە ئەوی تردا بەدوای هەڵە و ناشیاوییەکانماندا بگەڕێین و گوناهی هەموو نەزانی و هەڵەشەییەکانمان بخەینە ئەستۆی».

ژیـژەک، کە جاروبار بە «فەیلەسوف-هونەرمەند» ناوی دەبەن لە پانتایی تیۆردا، سوود لە دەرونشیکاری دەبینێت بۆ ڕەخنەکردنی کۆمەڵگەی هاوچەرخ. دەتوانین ئەم شێوازە بە گرفتساز و کێشەدار سەیر بکەین، چونکە ئەم تیۆرانە بە گشتی لە گەرمەی هەندێک بارودۆخی قەیراناویی و پڕ مەترسیدا داڕێژراون، (بۆ نموونە سەیری ئەو چەمکانەی وەک سەمپتۆم-

نیشانەی نەخۆشی- و سینتۆم بکەن، کە ژیژەک بەکاریاندەهێنێت...). بەمجۆرە، لە دیدی ژیژەکەوە، گۆڕان هەمیشە وەک خاڵێکی گەڕانەوە لە پانتایی ڕەمزیدا دەبینرێت و بەس، وەک «هەنگاوونان بۆ تێپەڕاندنی پەردەی خەیاڵ». لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا، قسەکردن لە کامڵبوون وەک مەحاڵ دەردەکەوێت، واتە ناتوانین دوای پرۆسەکانی فێربوون بکەوین و هاوکاتیش دڵمان بە تێگەیشتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی خۆش بکەین و دەستپێشخەریی کۆمەڵایەتی بنوێنین.

**سەرچاوەکان:**


1-key contemporary social Theorists, edited by Anthony Elliot and Larry Ray, Blackwell Publishing, 2003.

2-For Marx, Louis Althusser, translated by Ben Brewster, Penguin Books LTD, England, 1969.

3-Wikipedia, the encyclopedia, http/ en. wekipedia. org/ Slavoy-Zizek

4-Slavoy Zizek:what is master-signifier, Rrx Butler, Lacan. com, 2004.

5-اسلاوی ژیژک، گزیدەی مقالات: نقریە-سیاست-دین، گزینش و ویرایش مرادفرهادپور، مازیار اسلامی و امید مهرگان، تهران، انتشارات گام نو، 1384.

6-مبانی روانکاوی: فروید-لکان، کرامت موللی، تهران: نشر نی، 1383.
7-ناخوداگاه، انتونی ایستوپ، ترجمەی شیوا رویگریان، تهران، نشر مرکز، 1382.
8-نقد اجتماعی پست مدرنیته، بحران های هویت، ڕۆبێرت جی.دان، ترجمەی صالح نجفی، تهران: پردیس دانشگاه با همکاری نشر شیرازه، 1385.

## بیۆگرافیای سلاڤۆی ژیژەک

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| ١٩٧١ | وەک لێکۆڵەری یاریدەدەر لە زانکۆی (لوبلانا) کاریکردووە. |
| ١٩٧٣ | لە سەرکردایەتیی چاکسازیی سۆڤیەتی لابرا. |
| | چەندین ساڵ لە سوپای یۆگۆسلاڤیا خزمەتی کردووە. |
| | پاش چوار ساڵ لە بەتاڵی، پاشان کاری ئۆمارکردنی لە (بنکەی مارکسی سۆڤیەتی) دەستکەوت لە هەمانکاتدا لە زانکۆی سۆڤیەت، سەرقاڵی تیۆری دەرونشیکاری جان لاکان بووە. |
| ١٩٧٩ | گرێبەستی لەگەڵ زانکۆی زانستی کۆمەڵناسیی سەر بە زاکۆی (لیۆبلیانا) بەستووە تاوەکو وەک لێکۆڵەر، بە هاوکاریی پڕۆفیسۆر (ئایفن ئیرنبای) کار بکات. |
| سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ | یەکەمین کتێبی بڵاوکردەوە، کە جەخت لەسەر لێکدانەوەی فەلسەفەی هیگڵی و مارکس لە روانگەی دەروونییەوە دەکات. |
| لە کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠ | لە ستوونی گۆڤارێکدا هەڵوێستی دژی لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا دەنووسی. |
| ١٩٨٨ | ئەندامی حزبی شیوعی بووە. |
| ١٩٨٨ ـ ١٩٩٠ | بەشداریی چەندین بزاوتی سیاسی و گۆڕانکاریی مەدەنی کردووە. |
| ١٩٨٩ | یەکەمین کتێبی (ideoloje of object Sublin The) وەک: تیۆریسنی کۆمەڵایەتیی نێودەوڵەتی ناسێنرا. |
| ١٩٩٠ | لە یەکەمین هەڵبژاردنی کۆماری سلۆڤینیا خۆی پاڵاوت. |
| ٢٠٠٩ | وەک چەپێکی توندڕەو خۆی ناساندووە. |

## ساڵنامەی سەردەمی ژیژاک

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| شکستی رۆم لەبەرامبەر (گۆل)ەکان پەرەسەندنی قەڵەمڕەوی رۆم رادەگرێ. | ٣٩٠پێش زایین |
| مردنی ئارلیئوفانس، نوسەری نمایشنامەی کۆمێدی. | ٣٨٠پ.ز |
| حکومەت لەچوارچێوەی پۆستی کۆنسۆلگەرێتی لەرۆم دادەمەزرێ. مەرگی دیونوسیوسی یەکەم، زۆرداری سیراکوس، و گەڕانەوەی دووبارەو کورتخانەی ئەفلاتوون بۆ سیسیل. | ٣٦٧پ.ز |
| سێیەمین سەفەری ئەفلاتوون بۆ سیسیل. | ٣٦١پ.ز |
| مردنی شاماوسولوس، کە لەماوسولوم، یەکێک لە حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهاندا، دەنێژرێ. | ٣٥٣پ.ز |
| پەیماننامەی دووەمی نێوان رۆمو کارتاژ. | ٣٤٨پ.ز |
| مەرگی ئەفلاتوون. | ٣٤٧پ.ز |
| ئەسکەندەری مەزن، دەبێتە جێنشینی فلیپی دووەمی باوکیو قۆناغی داگیرکاریەکانی دەست پێدەکات. | ٣٣٥پ.ز |
| ئەسکەندەری مەزن، دەگاتە دەروازەی هیندستان، لەکاتێکدا کە ئیمپراتوریەتەکەی لەسنوورێکی گەورە دەگرێتە خۆیو لە دەریای ئادریاتیک، تا ئەو بەری رووباری سند درێژ دەبێتەوە. | ٣٢٦پ.ز |
| مەرگی ئەسکەندەری مەزنو بەدوایدا، هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی. | ٣٢٣پ.ز |

# مێژووی ڕووداوە گرنگەکانی فەلسەفە

- سەدەی شەش پ. ز سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆرئاوا لەگەڵ ثالس مەڵتی.

- کۆتایی سەدەی شەش پ.ز مردنی فیساگۆرس.

| ساڵ | زانیاری |
| --- | --- |
| ٣٩٩ پ. ز. | سوکراث لە ئەسینا فەرمانی مردنی بەسەردا دەدرێت. |
| ٣٨٧ پ.ز | ئەفلاتون ((ئەکادیمی)) لە ئەسینا دامەزراند، کە یەکەم زانکۆیە لە جیهان. |
| ٣٣٥ پ.ز | ئەرستۆ قوتابخانەی ((لوکیۆن))، لە ئەسینا دادەمەزرێنێت، کە دەبێتە رکابەری ئاکادیمی. |
| ٣٢٤ ز | ئیمپراتۆریەتی قوستەنتین پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆما بۆ بیزانت دەگوازێتەوە. |
| ٤٠٠ | ئۆگەستینی قەشە دانپێدانانەکەی دەنووسێت. فەلسەفە رادەکێشرێتە خواناسی کریستیانییەتەوە. |
| ٤١٠ | بەربەرییەکان رۆما دەڕوخێنن و هەواڵی بەرایی (سەدەی تاریکی). |
| ٥٢٩ | داخستنی (ئەکادیمیای) ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر پۆستنین کە کۆتایی چەرخی حیکمەتی یۆنانی بوو. |
| ناوەڕاستی سەدەی (١٣) | تۆماس ئەکویناس باسەکەی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێت. سەردەمی فەلسەفەی قوتابخانەیی. |
| ١٤٥٣ | رووخانی بێزەنت بە دەستی تورکەکان. کۆتایی ئیمپراتۆری بێزەنتی. |
| ١٤٩٢ | کۆڵۆمبۆس دەگاتە ئەمریکا. رێنسانس لە فلۆرانس و دووبارە رووکردنە زانیاری یۆنانی. |

| | |
|---|---|
| ١٥٤٣ | کۆپەرنیکۆس کتێبی دەربارەی سوڕانەوەی هەسارە ئاسمانییەکانی بڵاودەکاتەوە و لەسەر بنەمای ماتماتیک دەی سەلمێنێت، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە. |
| ١٦٣٣ | کڵێسا گالیلۆ ناچار دەکات حاشا لە تیۆری سەنتەربوونی خۆر بکات. |
| ١٦٤١ | دیکارت رامانەکان بڵاودەکاتەوە، کە بەرایی فەلسەفەی مۆدێرنە. |
| ١٦٧٧ | مردنی سپینۆزا، بڵاوکردنەوەی ئاکارەکانی. |
| ١٦٨٧ | نیوتن بنەماکان بڵاودەکاتەوە و چەمکی گرانشی دەخاتەڕوو. |
| ١٦٨٩ | لۆک پەیامێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە. سەرەتای ئەزمونگەری. |
| ١٧١٠ | بیرکلی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان بڵاودەکاتەوە و رەهەندی نوێ دەداتە ئەزموونگەری. |
| ١٧١٦ | مردنی لایب نیتز. |
| ١٧٣٩ | هیوم کتێبی سروشتی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و ئەزموونگەری تا سنوورەکانی لۆژیکیەکەی پێش دەخات. |
| ١٧٨١ | کانت، رابوو لە ((خەوی دۆگمایی)) بە هاوکاری هیوم، رەخنەی ئەقڵی پەتیی بڵاودەکاتەوە. چاخی شکۆداری فەلسەفەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| ١٨٠٧ | هیگڵ دیاردەناسی زەین، لوتکەی فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی، بڵاودەکاتەوە. |
| ١٨١٨ | شۆپنهاور جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو |
| ١٨٨٩ | نیچە کە رایگەیاندبوو (خوا مردووە)، لە تۆرین شێت دەبێت. |

| | |
|---|---|
| ١٩٢١ | ویتگنشتاین تێزی لۆژیکی- فەلسەفی بڵاودەکاتەوە کە بانگەشەی (دوا وەڵام)ە بۆ مەسەلە فەلسەفییەکان. |
| دەیەی ١٩٢٠ | ((ئەڵقەی ڤیەننا)) برەودان بە پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی. |
| ١٩٢٧ | هایدگەر بوون و زەمەن بڵاودەکاتەوە کە باس لە ترازانی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەکات. |
| ١٩٤٣ | سارتەر بوون و نەبوون بڵاودەکاتەوە، کە برەو بە هزرەکانی هایدگەر دەداو ئەگزیستانیالیزم دەخاتەڕوو. |
| ١٩٥٣ | برەودان بە پاش مردن، توێژینەوە فەلسەفییەکانی ویتگنشتاین، لوتکەی قۆناغی زمانشیکاری. |

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |